پادشاو مەملەکەت ، لەم ڕێگایە بەحکمەت ترو هیچ پێشکاری یە سوود بەخشتر نابێ کە دەتوانینئەو بنەما گەورەیەشی لێ پوختەبکەین کە دەڵێ: لەسەر میر پێویستەئەو ئەرکانەی لای گەل خۆشەویستن بە کەسانێکی تری بسپێرێو خۆیشی تەنیا خەڵات و سۆز ببەخشێتەوە .هەروەها لێرە دەمەوێ ئەو قسەیەشم دووپات بکەمەوە کەوتومە میر دەبێ ڕێزی سەردارانی مەملەکەتەکەشی بگرێ ،بەڵام بەمەجێك ئەم ڕێزلێگرتنەی نەبێتە هۆی بزوماندنیڕق و کینەی ڕەعیەتەکەی بەرامبەری .لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێك وای بۆ بچن کە زۆر نمونە لەمێژووی ئیمپراتۆریەتیکانی ڕۆمان و سەر گوزەشتەی ژیان ومردنیاندا هەن سەرانسەر بەرپەرچی ئەم رایەی من دەدەنەوە بەتایبەتی ژمارەیەك لەو ئیمپراتۆرانە سەرەرای ژیانی سەردارانەیان و بەهێزی لە شەخسیەتیاندا ،دەستەڵاتیان لەدەست چووە ، یا ڕەعیەتەکەیان پیلانیان لەدژ گێراون کوشتویانن , بەڵام من بۆ وەرامدانەوەی ئەم بەربەستیانە ،باسی سیفەتەکانی هەندێ لەئیمپراتۆرەکان دەکەم و دەیسەلمێنم کە هۆی هەرەس هێنانیان جیاواز نەبووە لەو بنەمایانەیمن دەست نیشانم کردن هەروەکو بە دەمیەوە لەو کاروو بارانەش دەکۆڵمەوە کەئەوکەسەی دەفتەری ئەو ڕۆژگارە دەخوێنێتەوە دەبێسەرنجیان بداتێ . من تەنیا لەو ئیمپراتۆرانە دەدوێم کەلە سەردمی مارکۆسی فەیلەسوفەوە تاسەردەمی مەکیمینیۆس حکومرانیان کردوەو بریتین لە مارکۆس و[80] کۆمۆدۆسی [81] کوریو بیرتیناکس و [82] جۆلیۆنۆس و سیڤیرۆس و ئەنتۆنیۆس و کاراکالای [83] کوری و ماکرینۆس و [84] هیلیۆگابالۆس و ئەلیکسەندەرو [85] مەکسیمینیۆس [86] یەکەم شتیش کەدەبی لەم لێدوانەدا سەرنجیبدەینێ ئەوەیە کەلە کاتێکدا میرەکانی تر لە سەریان بووە بایەخ بەزیادەخوازیی گەورەپیاوان و چەتوونی گەل بدەن ، ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانەکان ڕووبەرووی گرفت سێیەم دەبوونەوە کە بریتی بوو لە پشتگیری کردنی ئەو دلڕەقیو تەماعکاریەی لە سەربازەکانیاندا دەوەشانەوە و بەو شێوە توندو تیژەشی کەدەیانکردن و ئەمە دەبوە هۆی لەسەر تەخت لادانی گەلێ لە ئیمپراتۆرەکان ،چونکە بۆیان نەدەکرا سەربازەکانیان و گەلەکەشیان لە یەك وەختدا پێکەوە رازی بکەن .گەل ئاسایی حەزی لە ئاسوودەگییەوە بەم پێیە مەیلی بەلای میرە بێوەیەکاندا دەچێ, لە کاتێکدا سەربازەکان ئەو میرەیان لەلا پەسەندترە کە گیانێکی سەربازانەی تێدابێ و چەتوون . جەربەزەبێو مەیلی ڕاووڕووت بکا .ئەمان وەهای لێداوا دەکەن کە بۆ دەسگیر بوونی مووچە زیاتر و بۆ ئەوەشی بەری تەماعکاری و دلڕەقییەکەیان لێ بەرەڵابێ, ئەو سیفەتانە بەسەر گەلەکەیدا بسەپێنێ.بەم جۆرە ئەو ئیمپراتۆرانەی تەبیعەت و توانا وبەهرەیان ,ناوو ناوبانگێکی ئەوتۆیان پێ نەبەخشیون کە بتوانن هەردوو لای پێ جڵەوگیربکەن , چارەنووسیان خاپووربوون بووە. جا زربەی ئەوانەیگەیشتوونەتە پلەی ئیمپراتۆر ,لەبەر ئەوەی هێشتا تازەکوورە بوون و سڵیان لەو گرفت و زەحمەتیانە کردۆتەوە کە لەم دوو مەیاە دژبەیەکە دەوەشێنەوە , ئەگەر چی هەوڵیانداوە سەربازەکانیان رازی بکەن ,بەڵام کەم بیریان بەلای ئازاردانی گەلدا چووە لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبوو لەئەنجامدا و بەناچاری لایەکیان

هەڵبژێرن و خۆیان لە رق و کینە و توورەبوونی بپارێزن . دیارە یەکەمجار دەبوو پەنا بەرنەبەر هەر رێوشوێنێك کە بتوانێ لە رق وکینەی جەماوەری گەل بەدووریان بگرێ.بەڵام وەختێ ئەمیان بۆ بەدی نەدەهێنرا ,ناچار دەبوون خۆیان لە رقو کینەی لایەنە بەهێزو کاریگەرەکە بەدوور بگرن .بۆیە ئەو ئیمپراتۆرانە ,بەهۆی تازەکوورەییەکەیانەوە لە پایەوپلەکەیاندا ,وایان هەست دەکرد کە پێویستیان بە سۆزێکی تایبەتی هێجگار زۆر هەیە و لە ئاکامیدا ,لەبری گەلەکەیان خۆیاننیان بەندی حەزو ئارەزووی سەربازەکانیان دەکرد .بێگومان چاکی و خراپی ئەم سیاسەتە لەسەر ئەوە دەوەستێ کە ئایا میر تا چ رادەیەك شارەزای چۆنێتی پاراستنی ناوو ناوبانگی خۆیەتی لەبەردەم سەربازەکانیدا ؟ سا هەر لەبەر ئەم هۆیانە بوو کە مارکۆس و بیرتیناکس و ئەلیکساندەر , سەرەڕای ژیانی بێ فیزی و خۆشویستنی دادپەری و دژایەتییان بەرامبەر بە دڵرەقیو بێرەحمی و گیانی مرۆڤپەروەرییان و حەزکردنیان لە خێرخوایی ,کۆتاییەکی پڕ لە جەخار کۆتاییان هات .تەنیا مارکۆس نەبێت کە لە ژیان و مردنیدا سەربڵندی خۆی پاراست , چونکە لەرێگەی مافی میراتگیریی خۆیەوە چووە سەر تەختی ئیمپراتۆریتی و بە هیچ شتێك قەرزاری چ سەربازەکانی وچ گەلەکەی نەبوو ئەمە جگەلەوەی گەڵی سیفەتی چاکەی ئەوتۆی تێدابوون کەکردیانە ئیمپراتۆرێکی رێزلێنراو وتوانی بەدرێژیی ژیانی و هەردوو لا لە رادەی خۆیاندا گیربداوتووشی هیچ رق لێبوونەوە ریسواییەك نەبێ .بەڵام بیرتیناکس بەپێچەوانەی ئیرادەی سەربازەکانییەوە کە لە سەردەمی کۆمۆدۆسی پێش ئەودا بەژیانی پڕ لەداوێن پیسی راهاتبوون ,بە ئیمپراتۆر هەڵبژێردرا . بۆیە بەلایانەوە ستەم بوو بەو شێوەپڕ لە شەرافەتمەندییە بژین کە ئەو بەسەریانیدا سەپاند و بەم جۆرە خۆی خستە بەر رق وکینەیانەوە . ئینجا ئەگەر ئەو هەستی گاڵتەپێهاتنەشمان بەرامبەری بەهۆی بەساڵداچوونییەوە خستە پاڵ رق وکینەکە ,ئەوا بۆمان ئاشکرادەبێ کە بۆچی ئەوهەر لە سەرەتای سەردەمەکەیەوە داڕووخانی لە چارە نووسرابوو.

لەمەو بۆمان دەردەکەوێ کە دەشێ رق وکینە چەندە لە ئەنجامی کاری شەڕخوازانەدا پەیدا ببێ ,هێندەش لەئەنجامی کاری خێر خوازانەوە سەرهەڵبدا بۆیە وەك لەوە پێش وتم پێویستە ئەو میرەی دەیەوێ دەوڵەتەکەی بە دەستەوە بمێنێ , جاربە جارێك شەڕخواییش بکا وچونکە وەختێك ئەو بەرەیەی تۆ لە پێناوی پاراستنی پایەو پلەی خۆیدا بوونی بە پێویست دەزانیت چەتوون دەبێ ئیتر سا بەرەی گەل بێیا سەربازان یاخود سەرداران ,ئەوا تۆ بە ناچاری دەبێ خۆت بدەیت بەدەم شەپۆلەکەوەو هەوڵی رازی کردنی بدەیت کە لەم حاڵەتەدا کاری خێرخوازانەت بۆ دەبێتە کارێکی ئازاردەر و زەرەر بەخش .با لێرەدا بێینە سەر باسی ئەلیکساندەر .ئەم زاتە پیاوێکی هێجگار خێرخوا بوو .تەنانەت یەکێك لەو چاکەکارییە زۆرانەیلێیدەگێرنەوە ئەوەیە کە دەوترێ بە درێژایی هەرچواردە ساڵی حوکمرانییەکەی , بەبێ موحاکەمە کردنێکی عادیلانە وبریاری مراندنی بەسەر هیچ مرۆڤێکدا نەداوە کەچی لەگەلچ ئەوەشدا ,لەبەر ئەوەی گوایە ماوەی بە دایکی داوە جڵەوگێری بێ بە

پیاوێکی ژنانی دراوەتە قەڵەم .بەم جۆرە داخزایە رادەی بێهەیبەتی وریسوابوونەوەو سەپا پیلانی لە دژ گێراو کوشتی.

لەلایەکی‌ترەوە ئەگەر بێت تۆ لە سیفەتەکانی کۆمۆدۆس و ئەنتۆنیۆس و کاراکالا و مەکسیمینۆس بکۆڵیتەوە و بۆت دەردەکەوێ کە ئەوانە هێجگار دڵرەق و چاو چنۆك بوون ولە پێناوی رازیکردنی سەربازەکانیادا , کۆیان لە هیچ جۆرە ئازاردانێکی جەماوەر گەلەکەیان نەکردۆتەوە . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان تەنیا سیڤێرۆسیان لێدەرچێ وکۆتاییی‌کی خراپ کۆتاییان هاتوە. مەسەلەش یریتی‌یە لەوەی ئەمیان خاوەنی گەلی بەهرەو توانای ئەتۆ بووە کە یاریدەیان داوە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ سەربازەکانیدا ئیدامە پێبداو بەوپەری بەختیاری‌یەوە حوکمڕانی بکا ئەگەر چی میللەتەکەشی دەچەوساندەوە , چونکە سیفەتە چاکەکانی وایان لێکرد چ لە لای سەربازەکانی و چ لەلای گەلەکەی جێگەی رێزلێنان بێ ,بۆیە لایەنی یەکەم لێی رازی‌بوون و دەستیان بەسنگەوە بۆ دەگرت ولایەنی دووەمیش لە بەرامبەریدا گێل و سەراسیمە بووبوون.

جا لەبەر ئەوەی کردارەکانی ئەم فەرمانڕەوایە بۆ تازەمیرێك دیارو مەزنن ,تەقەلا دەدەم بە کورتی نیشانی بدەم چۆن توایوێتی ئەو سیفەتانەی رێوی و شێر لە خۆیدا کۆبکاتەوە کە لەوەبەر دەربارەیان وتم هەموو میران دەبێ لاسایی‌یان بکەنەوە . سیڤێرۆس لە وەختێکدا کە لە سلافۆنیا سەرکردایەتی‌ی لەشکری رۆمانەکانی دەکرد , هەستی کرد کە ئیمپراتۆر جۆلیانۆس لە چ حاڵێکی تەوەزەلی و شل وشێواویدایە و سەربازەکانی خۆی قایل کرد چاکتر وایە بۆ تۆلەسەندنەوەی کوشتنی ئیمپراتۆر بیرتیناکس لە سەردەستی پاسەوانی پریتۆرەکاندا (87) ,بەرەو رۆما بچن ,ئیتر بەم بیانووەوە و بەبێ ئاشکرا کردنی ئەو تەماعەی کردبوویە تەختی پادشایی ,لەشکرەکەی بەرەو رۆما کشاند و پێش بلاوبوونەوەی هەواڵی دەرچوونی لە سلافۆنیا , ئەو گەیشتە ئیتالیا .ئینجا هەر کە گەیشتە رۆما ,ئەنجومەنی پیران لە ترساندا بە ئیمپراتۆر هەڵیبژاردو جۆلیانۆسیش کوژرا .دوای ئەم دەسپێکردنە سەرکەوتووانەیە ,سیڤێرۆس پێش دەستگرتنی بە تەواوی بە سەر ئیمپراتۆریتەکەدا ,روو بەرووی دوو گرفتی قورس بووەو .یەکەمیان لە ئاسیادا بوو کە نیڤێرینۆس سەرکردەی لەشکرە ئاسیایی‌یەکان خۆی کردە ئیمپراتۆرو دووەمیشیان لە رۆژئاواوە بوو کە لەوێش ئەلبینۆس تەماعی کردبووە تەختی ئیمپراتۆری . جا کە سەیری کرد زۆر جێگا مەترسی‌یە لە یەك کاتدا بە گژ هەردوولادا بچێ بریاری دا لەو لاوەپەلاماری نیڤێرینۆس بدا لەو لاوەش ئەلبینۆس بخەڵەتێنێ ونامەیەکی بۆ ناردوو تیایدا پێی راگەیاند کە حەز دەکا لەو شەرەفەدا لەگەلیدا هاوبەش بێ کە ئەنجومەنی پیران بەهەڵبژاردنی بە ئیمپراتۆر پێی بەخشیوە و لە قەبی قەیسەری داوەتی بە دواییدا ئەنجومەنی پیرانیشی بەبریاردان لەسەر ئەو هاوبەشی‌یە قایل کرد و ئەلبینۆسیش لەلای خۆیەوەباوەری کرد پێی هەڵخەڵ تا . ئەوسا کە سیڤێرۆس نیڤێرینۆسی شکاندو کوشتی و بارودۆخی لە رۆژهەلاتدا داسەکناندەوە گەرایەوە بۆرۆما لە ئەنجومەنی پیراندا ئەلبینۆسی بە نمەك

حەرامی لە ئاستی ئەو نازونیعمەتەدا پێی بەخشی بوون و بە تۆمەتی پیلان گێران بۆ کوشتنی ئەم و خیانەت لێ کردنی ، تاوانباری کردو وای نیشاندا کەناچارە بچێ لەسەر ئەم سپڵەیی یەی سزای بدا ، ئیتر ئیمپراتۆرە سەرکەوتوەکان بەرەو فەرەنسا کشاو لە شەرێکدا پێکدا هەڵگڕان و لە ئەنجامیدا لە پایەو پلەو لە ژیانیش بێ بەشی کرد . ئەوکەسەی بەدورو درێژی لە کارەکانی سیڤیرۆس بکۆڵێتەوە ، بۆی دەردەکەوێ کە هەم نەرەشێرێك بووە و هەم رێوییەکی فێڵباز و هەموو لایەکیش لێیترساون و رێزیان لێناوە هەروەکو سوپاکەشی لە روویدا هەستی بە رق و کینە نەکردووە . بەم جۆرە لێکۆڵەرەوە هیچ سەرسام نابێ ئەم فەرمانرەوا تازەکوورەیە توانیبێتی جڵەوی ئەو جۆرە هێزە بێپەروانە بگرێتە دەست ، چونکە بۆتە خاوەنی ناوو ناوبانگێکی کاریگەری ئەوتۆ کە هەردەم لەو رقوکینەیەی بە دوور گرتوە کە دەبوو چاوچنۆکییەکی لەناو گەلەکەیدا ببیزوێنێهەروەها ئەنتۆنیۆسی کوڕیشی خاوەنی گەلێ بەهرەو تواناتی باڵابووە زۆر سیفەتی وەهایتێدابوە کە لە لای گەلەکەی جێگەی سەرسامی بوو بوون لەلای سەربازانیش مایەی خۆشەویستی . ئەو بەگشت مانای ووشە پیاوێکی سەرباز کاری ئەوتۆ بووە کە قێزی لە خۆراك و پۆشاکی خوش و نەرم و نۆڵو نازونیعمەتو هەر شێوەیەکی تری خۆش گوزەرانی هاتۆتەوە و ئەوە سەربازەکانی واڵێ دەکرد زۆر هۆگری بن .کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کابرایەکی هێندە دڕو دڵرەق بووە کەلەوەبەر وێنەی نەبینرابێ چونکە دوای کوشتنی گەلێ کەس ئاسایی فەرمانی بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی رۆما و هەموو خەڵکی ئەسکەندەرییەشدا (88) تا وای لێهات سەراپای جیهان ببیوغزێنن و دەست و پەیوەندەکەشی ترسی لێ پەیدا بکەن دوا جار بەکوشتن بەدەستی یەکێك لەسەرکردەکانی خۆی لەبەردەم لەشکرەکەیدا کۆتایی هات لێرە دەبی سەرنجمان بۆ ئەوە بچێ کەهیچ میرێك ناتوانێ خۆی لەم جۆرە مراندنە بەدەستی پیاوێکی بەعەزموو سەرسەخت و لەئەنجامی بریارو نەخشەبۆدانانێکی لەوەبەر بەدوور بگرێ چونکە ئەو کەسەی خۆی لە مردن ناترسێ دەتوانێ کەسانی تر بکوژێ بەڵام بەهەرحاڵ پێویستە میر لەم جۆرە کوشتنە نەترسێ لەبەر ئەوەی کە ئەو بابەتە پیاوانە هێجگار دەگمەنن و ئیتر دەمێنێتەوە سەر ئەوەی خراپەی کاریگەر لەگەڵ هیچ یەکێك لەو مرۆڤانەدا نەکا کەخزمەتی دەکەن یا لێوەی نزیکن وەك لە ئەنتۆنیۆسی روودا کەپێشتر فەرمانی کوشتنی برایەکی ئەوئەفسەرەی لە شێوەیەکی ناشیرینیشدا دابوو هەروەکو هەموو رۆژێك هەرەشەی لەویش دەکرد ئەگەر چی لەریزی پاسەوانەکانی خۆیدا هێشتبوویەوە ، کەئەمە وەك رۆژان و روداو سەلماندیان گەوجیو سەرکێشیەك بوو لەوە .ئێستا بابچینە سەرباسی کۆمۆدۆس کەدەیتوانی پایەو پلەکەی خۆی لەدەست نەدا ، لەبەر ئەوەی بەمیراتی بۆی مایەوە ئەوێکی کوری مارکۆس لەتوانایدا هەبوو لەرازیکردنی لە گەل و سەربازاندا شێن پێی باوکی هەڵبگرێ بەلام ئەم کۆمۆدۆسە تەبیعەتێکی دڕندانەی شسەختی هەبوو لەسەرێکەوە لەپێناو رازی کردنی سەربازەکانیداو بۆ سۆزنیشاندان و پاڵ پێوەنانیان بەرەو ژیانی داوێن پیسی و بەدڕەوشتی ، ئارەزووی چاوچنۆکی خۆی بەردایە گیانی

جـەماوەری گەلەکـەی لـەولای تریشـەوە ئـەو سـەنگینیـیەی نەپاراسـت کەپایـەو پلەکـەی بەسـەریدا دەیسەپاند ،بەڵکو بەردەوام لەهۆڵەکانی شانۆکاندا دەچوو نـاو کـۆری زۆران بازیـەوە زۆر کـردەوەی ناشیرینی تریشی دەنواند کە لایەقی ئیمپراتۆرێك نەبوون و لە ئەنجامدا سەربازەکانی وایان لێهات بـە چاوی سووکەوە سەیری بکەن بەم جۆرە هەردوو هۆیەکە یەکیان گرت ، واتە لەلایەکەوە بوغزانـدن و لەلایەکی تریشەوە بەسووك سەیرکردن و ئەنجام بەوە شکایەوە کە چـەند کەسـێك پیلانێکیـان لـەدژ گێراوکوشتیان .

دواجـار شـیکردنەوەی شەخسـیەتی مەکسـیمینۆسمان لەبەردەمـدا دەمێنـێ .ئـەمیان پیـاوێکی جەنگاوەربوو. دوای مردنی ئەلیکسەندەر کە ئـەو بـوو لەوەبـەر باسمـان رکـد چـۆن سـوپایئەنجامی لاوازی و دەستەوەستانییەکەی لێی بێـزار بووبـوو ،ئـەم بـەئیمپراتۆر هەڵبـژێردرا . بـەڵام زۆرلەسـەر تـەختی پادشـای نـە مایـەوە چـونکە دوو شـت بونـە هـۆی بوغزانـدن و ریسـواکردنی . یەکـەمیان نەژاردنزمیەکەی کەلەمنالّی دا لە (تورکیا) (89) شوان بـووە و ئەمەراسـتی یـەك بـووە و بـلاو بۆتـەوە کردوێتیە گاڵتەچ هەموو لایەك . دووەمیشیان دواکەوتنی لەرۆیشتندا بۆ رۆمـاو بۆچونەسـەر تـەختی پادشایی هەروەها ناوبانگ دەرکرنی بە دڵرەقی و جەربەزەیی ، چـونکەلە رۆمـا لـەزۆر ناوچـەی تـری ئمپراتۆریتدا ، چەندین کرداری درندانەی لە رێگـەی وەکیلەکانیـەوە لێوەشـابوونەوە . بـەم شـێوەیە گشت جیهان ، بەهۆی نەژادنزمیەکەی و بوغزاندنییەوە لەئەنجامی ترس و سامدا لەجەربەزەییەکەی ، لێی کەوتنە نارەزایی و رقەبەرایەتی و یەکەمجار ئیتالیـا کەوتـە پـیلان لێ کـردن و ئینجاهـەر خێـرا ئەنجومەنی پیران و هەموو خەڵکی رۆماو ئیتالیا دەسـتیاندایە و دواجـار سـوپایش لـە پـیلان گێرانـدا بەششداریکرد بەتایبەتیوەختێك کە ئاکویلیای ئابلۆقەداو نـەیتوانی زەفـەری پێبـەرێ سـەربازەکان بەهۆی ئەو سەرسەختیەوە دەینواند ، لەروویدا راپەرین و کەزانیان هەمو لابونەتە دوژمنی ، ترسـیان لێ نەماو کوشتیان .

ئیتر لە هیلیۆگابۆلۆس یا ماکرینۆس یـا جۆلیـانۆس نـادوێم چـونکە ئـەوان لـە ریسـوابوەکان بـوون و هـەرزوو لـەناوبران بـەڵام مـن لێـرەدا خـۆم بـە ئـەنجامی ئـەم گفتوگۆیـەم دەگەیـەنم دەڵـێم :مـیران لەسـەردەمی ئێسـتاماندا زەحمـەتیان کـەمتر لـەوان تـووش دی ، چـونکە ئـەوان ناچـار دەبـوون لـە دەوڵەتەکانیاندا لە رادەبەدەر سەربازەکانیان رازی بکەن لە کاتێکـدا ئـەمان ئەگـەر چـی پێویسـتیان بەهەندێ حساب بۆکۆدن دەبێ بەڵام گیرو گرفتەکان هـەر خێـرا چارەسـەر دەکـرێن ، لەبـەر ئـەوەی کەهیچ کـام لـەم میرانـە خـاوەنی سـوپایەکیئەوتۆ کەبەتونـدی بـەدەزگای حـوکمرانی یابـە دەزگـای بەرێوەبردنی ناوچـەکانەوە بەسـترابێتەوە , بـە پێچـەوانەی حاڵـەتی لەشـکرەکانی ئیمپراتـۆری!تـی رۆمانەکانەوە کەلەو رۆژگارەدا پێویست بـووە لـە بـری گـەل سـەربازەکان رازی بکـرێن ,لـە کاتێکـدا ئیستا رازی کردنی گەل بۆگشت میرەکان ,خاقانەکانی تورك و سوڵتانی لێدەرچێ, کارێکی پێویسـت ترە لەرازیکردنی سەربازەکان ,چونکە گەل تواناى کارکردنی لە سەربازان زیاترە .بێگومان سوڵتانی

تورکەکانم نەخستەپاڵیان ,لەبەر ئەوەی کەهەمیشە چواردەوری خۆی بە نزیکەی دوانزە هەزار سەربازی پیادە وپانزە هەزاری سوارە تەنیوە کو کۆڵەکەی دەوڵەتەکەین و ئەمن و ئاسایش وبەهێزی‌یەکەی بەوانەوە بەند .بۆیە ئەرکی سەرشانێتی کە لەپێناوی دڵراگرتنیاندا ,هەموو حسابێکی تر بخاتە لاوە .واتە حاڵەتەکە پڕبەپڕ بە سەر مەملەکەتەکەی سوڵتانیشدا دەگونجێ ,چونکە بوونی ئەو مەملەکەتە سەرانسەر لە چنگی سەربازاندا ,سوڵتان ناچار دەکا دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئەواندا بپارێزێ و گوێ نەداتە گەل . دەبێ ئەویش جێگەی سەرنج لێدانمان بێ کەدەوڵەتی سوڵتان تەواو لەدەوڵەتانی میرەکانی تر جیاوازە. ئەولەبەر ئەوەی ناتوانرێ ناوی بە مەملەکەتی میراتگری یا مەملەکەتی تازەدروستکراو ببرێ, پتر لە پاپایەتی‌ی مەسیحی‌یەت دەچێ ,چونکە کوڕانی میرە مردووەکە نابنە میراتگری تەختی پادشایی‌یەکەی , بەڵکوو یەکێك لەو بابەتە کەسانە جێگەی دەگرێتەوە کە خاوەن شان وشکۆیە و دەسەلاّتداران بۆ ئەو پایەیە هەڵیدەبژێرن . هەروەها لەبەر ئەوەی کە رژێمەکەکۆنە , ناتوانین سیفەتی مەملەکەتی نوێی بدەینێ, ئەگەر چی میرەکە نوێیە .بەلاّم ئەو جۆرە گرفتانەی تێدانین کە لە دەوڵەتی نوێدا هەن , ئەویش بە هۆی کۆنی‌ی یاسا و سیستمەکانی ناو ولاّتەکەیەوە کە لەوە دەچن بۆ ئەم ,وەك سوڵتانێکی میراتگر ,ئامادەکرابن

ئیستا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان .هەر کەسێ لێدوانەکەی پێشووم بخوێنێتەوە ودەبینی کە رق وکینە و ریسوایی هەردەم هۆی رووخاندنی ئەو ئیمپراتۆرانە بوون کە ناوم بردن , هەروەکوو دەبینێ کە لە کردارەکانیاندا هەندێکیان ئەم رێگا و هەندێکیان ئەو ریگا جیایان گرتۆتەبەر , بەلاّم لە هەردوو حاڵەتدا وهەندێکیان کۆتایی‌یەکی بەختیارانە کۆتایی‌یان هاتووە هەندێکی‌تریان کۆتایی‌یەکی با کڵۆڵ و کەساسانە . یا لەبەر ئەوەی بیرتیناکس و ئەلیکساندەر دوو حوکمڕانی نوێ بوون , هەوڵدانی لاسایی‌کردنەوەی مارکۆس کە میرێکی میرتگر یوو وبۆیان بێ سوود و بگرە زەرەربەخش بوو . هەروەکوو ئەمە بە سەر کراکلاو کۆمۆدۆس و مەکسیمێنۆسیشدا دەگونجێ, چونکە لاسایی‌کردنەوەی سیڤێرۆس و لە گەڵ بێ‌بەشیشاندا لەو بەهرەو توانایەی کە بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی ئەو پێویست بوون , دەبوو بۆیان ببێتە مایەی ماڵوێرانی .بەم جۆرە ,لاسایی‌کردنەوەی کردارەکانی مارکۆس , بۆ میرێکی نوێ لە میرایەتی‌کەیدا کارێکی زەحمەتە و نابێ لاسایی کردارەکانی سیڤێرۆسیش بکاتەوە,بەڵکوو گشت ئەرکی سەرشانی تەنیا ئەوەیە کە ئەو کارو فرمانانەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەی پێویستن لە سیڤێرۆسیانەوە وەربگرێ و ئەویشی سوودیان لێدەبینێ و لە پاراستنی دەوڵەتەکەی و مانەوەی و پتەو کردنیدا سەری بەرزدەکاتەوە , لە مارکۆسسیانەوە وەربگرێ.

20

ئایا قەلاّ وقوللە وئەو شتانەی تر

کەمیر دایاندەهێنێ سوود بەخشن

یاخود زەرەر بەخشن؟

هەندێ لە میران ,بۆ پارێزگاری کردن بە ئاسوودەگی ودڵنیاییەوە لە مەملەکەتەکانیان ,پەنا دەبەنە بەر چەك داماڵین لە رەعیەتەکەیان ,لە کاتێکدا هەندێکیتریان پەنا دەبەنە بەر هێشتنەوەی ئەو ناوچانەی داگیریان دەکەن بە بەش بەش کراوی . هەروەکوو هەن هەوڵی هێمن کردنەوە ئەو ناحەزیە دەدەن کە دژیان لە کایەدایە وهەشن تەقەلا دەدەن ئەو کەسانە بەلای خۆیاندا رابکێشن کە لە سەرەتای حوکمرانی کردنیاندا گومانیان لە راستگۆییو دڵسۆزیان کردوە. هەروەها هەندێ لە میران قەلاَ وقەللەیان دروست کردوە ولەکاتێکدا هەندێکی تریان رووخاندویانن و نەیان هێشتوونەتەوە .جا هەرچەندە حوکمدانێکی ببرای ببر بەسەر ئەم کاروبارانەدا بەبێ چوونە ناو درێژەی باسی ئەو دەوڵەتەی ئە جۆرە ئامۆژگاریانەی تێدا بەجێ دەهێنرێ ئەرکێکی زەحمەتە, بەلاَم من هێندەی باسەکە بە شێوەیەکی گشتی ماوەم بدا لێیدەدوێم .قەت نەبیستراوە میرێکی نوێ پەنای بردبێتە بەر چەك داماڵین لە رەعیەتەکەی , بەڵکوو پێچەوانەکەی راستە .واتە ئەگەر سەیری کرد بێ چەکن چەکداریان دەکا بە چەکدارکردنیان چەکەکانیان بە مسۆگەری دەخاتە پاڵ خۆی , چونکە کامیان جێگەی گومان وترس لێکردن بووبێ ودەبێتە پیاوێکی دڵسۆز وکامیشیان لەوەبەر دڵسۆز بوونێ وەك خۆی دەمێنێتەوە و ئیتر خەڵکەکە لەم رێگایەوە دەبنە کۆمەڵێك هاولاَتی . بەلاَم لەبەر ئەوەی زەحمەتە بتوانرێ گشت هاولاَتیان چەکدار بکرێن بەخشینی ئەم تایبەت کارییە بەهەندێکیان یاریدەت دەدات کە بتوانیت بە شێوەیەکی زیاتر ئاسوودەگی و دڵنیای بەخشەوە مانەلە لەگەڵ ئەوانیتردا بکەیت . ئەم جیاوازیەش لە مامەلەکردندا کە ئەو کەسانەە خۆیان دەرکی پێدەکەن ، وایان لێدەکا باشتر پابەندو هۆگرت ببن .هەروەکو خەڵکەکەی تریش لەلای خۆیانەوە بەهانەت بۆ دەبیننەوە ودێنە سەر ئەو باوەرەی کە ئەوانەی چەکیان وەرگرتوە ،بە حوکمی پێویستی ، خاوەنی بەهرەو توانایەکی گەورەترن و مەترسییەکی زۆرتریان دەکەویچتە سەر و ئەرکێکی گرنگتریان لەسەرشان دەبێ ،بەلاَم ئەگەر چەکت لێداماڵین ، ئەوا دەس دەکەیت بە خراپەکاری لە گەڵیانداو وای نیشاندەدەیت کە یا لەترسنۆکیتە یا لە بێ باوەریتە بە خۆت کە پشتیان پێ نابەستیت و هەردوو رایەکەش رقو کینەت لەدژ دەخوڵقێنن .ئینجا لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانیت بەیێ هێزی چەکدار بمێنیتەوە ، ئەوا ناچار دەبیت پەنا بەریتە بەر سەربازی بەکرێگیراو کەلە بەشێکی پێشوودا باسی نرخ و بایەخیانما کردو دەرمان خست جۆرە هێزێکە کە تەنانەت ئەگەر رێکوپێکیش بێ ، کەلکی ئەوەی نابێ لە رووی دوژمنانێکی بەهێزو رەعیەتێکی ئەوتۆدا کە گومانت لە راستگۆیی دڵسۆزیەکەی هەبێ ، پارێزگاریت لاَ بکا ، بویە من وتم کە تازە میر لە میرایەتییەکی نوێدا دەبێ پەنا بەرێتە بەر چەکدارکردنی رەعیەتەکەی و بیانکاتە سەربازو مێژووش پڕە لە نموونە بۆ ئەم حاڵەتە .

بەلاَم میر کاتێك دەوڵەتێکی نوێ داگیر دەکا و دەیخاتە پاڵ دەوڵەتەکەی پێشووی خۆی ، چەکداماڵین لە خەڵکی ئەو دەوڵەتە دەبێتە ئەرکێکی سەر شانی ، تەنیا ئەوانەی نەبێ کەلە کاتی

داگیرکردنەکەدا لایەنگیری بوون . هەروەها لەسەری پێویستە کە هەر هێندەی هەڵی بۆ هەڵکەوت وەختێکی لەباری بۆ رەخسا ، ئەو لایەنگرانە لاوازو سەرشۆربکا و کاروباری خۆی وەها سازبدا کە گشت چەکی دەوڵەتەتازەکە بداتە دەستی سەربازەکانی خۆی بەتایبەتی ئەوانەیان کەلەدەوڵەتە کۆنەکەیدا لەبن دەستیەوەن . ئێمە لە باوباپیران حەکیمانی خۆمانمان بیستوە کە ووتویانە پێویسە (پیستۆیا) بە پەرت پەرتی و کاولی و (پیزا) بەبێ قەڵاو قوللە بمێنێتەوە سا هەر لەبەر ئەم هۆیەوە بووە کەلەوەبەر ناکۆکیان لە نێوان هەندێ لەو شارانەدا بەرپادەکرد کە دەکەوێتەژێرچەنگیانەوە ، بەو هیوایەی بەشێوەیەکی ئاسانتر و رەوانتر بتوانن دەستیان بەسەردا بگرن ، ئەم رێبازە لە رۆژگارێکدا کەلەنگەری نێوان هێزەکان لەئیتاڵیادا راگیر بووبوو سود بەخشو بەکەلك بوو . بەڵام بۆ ئێستامان من بەشتێکی باشی نازانم لەبەر ئەوەی باوەرێکی بڕای بڕم بەوە هەیە کە ئەك جۆرە پەرت پەرت کردنە هیچ سودێکی نابێ ، بەڵکو بەپێچەوانەوە زەرەر بەخش دەبێ چونکەوەختی دوژمن شاڵاو دێنێ یەکسەر دەتوانێ شارە پەرت پەرت کراوەکە داگیر بکا لەبەر . ئەوەی کە حیزبە لاوازەکان دەدەنە پاڵی و حیزبەکانیتریش ناتوانن خۆیان رابگرن گومانی تێدانیە ڤینیسیایەکان ، کاتێ ئاگری ناکۆکی نێوان (جیویلف) و جیبلین)[90] لەوشارانەدا خۆش کرد کەلە ژێر چەنگیاندا بوو ، هەر ئەو هۆیانەی پێشوو هانی دابوون . ئەمان هەرچەندە ماوەیان نەدا ناکۆکیەکە هێندە پەرەبسێنێ بگاتە رادەی خوێن رشتن بەڵام بەومەبەستەی خەلکەکە بەناکۆکیەکانی خۆیانەوە خەریك بن و نەتوانن هیچ شتێك دژی داگیرکاریەکەی ڤینیسیا بکەن ،هانیان دەداو ئاگریان بۆ خۆش دەکرد . لەگەڵ ئەوەش دا ئەم رێبازە سودی پێنەگەیاندن چونکە دیمان کە چون هەندێك لەوانە دوای بەزینەکەی (ڤاییلا) هێندەیان ئازایەتی تێدابوو کەدەست بەسەر گشت دەوڵەتەکە دابگرن هەروەها ئەو جۆرە رێ وشوێنانە مانای لاوازی میر دەبەخشن ، چونکە حکومەتێکە بەهێز ماوەی سەرهەڵدانی ئەم بابەتە ناکۆکیانە نادا کە رەنگە لە رۆژانی ئاشتیدا ، بەو مانایەی گوایە بەرێوەبردنی کاروباری رەعیەتەکە بۆ میر ئاسان دەکەن کەڵکێکی هەبێ ، بەلام هەر کە جەنگ دێتە کایەوە ، چەوتی ئەم سیاسەتە خێرا دەردەکەوێ .

بێگومان میران لەوەختێکدا مەزن دەبن کە بەسەر کەندو کۆسپ و بەسەر بەربەرەکانی کەرانیاندا زاڵ ببن . لەبەر ئەوە کاتێ دەیەوێ شان وشکۆی تازەمیرێك بەرز بکاتەوە کە زیاتر لە میرە میراتگرەکەی هاوەڵی پێویستیی بە دەستگیرخستنی ناوبانگی فراوانە ، دێت دوژمنی بۆ دەخولقێنێ و ناچاری بەرپاکردنی جەنگی دەکا دژیان و لە ئەنجامیشدا بەسەریاندا زاڵی دەکا ، هەتا بە دوایدا بەسەر پەیژەی ئەو کۆسپەدا کە دوژمنەکەی خستبوویە سەریگای سەربکەوێت و بەرزتر ببێتەوە . زۆریش هەن هەر بەم پێیە باوەریان وایەکەمیری عاقل دەبێ ئەگەر هەڵی بۆ هەڵکەوت فێڵبازانە دوژمنایەتی بۆ خۆی بخولقێنێ ، تا بەبەزاندنی دوژمنەکە ، زیاتر مەزنی بۆ خۆی پەیدا بکا .

زۆر جار میران ، بەتایبەتی نوێیەکانیان ، دڵسۆزی و سوودی زیاتریان لەو کەسانە دیوە کە لە سەرەتای هاتنە سەرحکومیاندا لێیان بەگومان بوون ، وەك لەوانەی جێگەی باوەڕیان بوون بۆ نموونە باندۆلفۆ پیترۆچی[91] میری سییەنا ، فەرمانرەوایی ناوچەیەکی بەهۆی ئەو کەسانەوە کردوە کەلێیان بەگومان بووە نەك بە هۆی کەسانی ترەوە . بەڵام ئێمە بەدرێژی لەوانە نادوێین ، چونکە لێدوانیان لە باسەکە دوورمان دەخاتەوە تەنیا هێندە بەسە کەبڵێین : راکێشانی ئەو کەسانەی لە سەرەتای سەردەمی حکومەتێکی نوێدا بە دوژمن دەدرێنە قەڵەم بۆ ریزی میر کارێکی ئاسانە، بەتایبەتی ئەگەر لەو بابەتەبوون کە بۆ پاراستنی پایەوپلەی خۆیان پێویستییان بە یاریدەدان دەبێ .ئەوسا خۆیان بەناچار دەبینن کە بە دڵسۆزییەوە خزمەتی بکەن ،چونکە دەزانن کە تەنیا لەرێگەی کرداریانەوە دەتوانن ئەو باری سەرنجە خراپە بسڕنەوە کە لە رابووردوودا دەربارەیان چەسپی بووە زەینەوە . میریش لەلای خۆیەوە هەردەم یلریدەیەکی گەورەتری لەوان دەستگیر دەبێ وەك لەو کەسانەی بە ئاسوودەگییەوە خزمەتی دەکەن و لەئەنجامدا سوودو بەرژەوەندی ئەم دەخەنە پشت گوێ .جا لەبەر ئەوەی هەست دەکەم باسەکە زیاتر درێژەپێدنی پێدەوێ لێرەدا بەچاکی دەزانم ئەو میرەی لەسەرەتایداگیرکردنیدەوڵەتێکدایە لە رێگەی یاریدەی نهێنی خەڵکەکەیەوە ، ئاگادار بکەم کەبەووردی لەو هۆیانەی هانی داون بۆ یاریدەدانی بکۆڵێتەوە .چونکە ئەگەر هۆیەکان بەندی هەستی خۆشەویستییەکی ئاسایی نەبن ، بەڵکو ئەنجامی نارەزاییان بن لە شێوەی حکومرانییەکەی لەوەبەری دەوڵەتەکەیان ، ئەوە زەحمەتیەکیقەبەتر و گێچەڵێکی لە راگرتنی دۆستایەتیاندا تووش دێو رازیکردنیان کارێکی مەحاڵ دەبێ خۆئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەو نموونانەی لەسەردەمی دێرین و تازەیان دەردێنن لە هۆیەکانی ئەو حاڵەتە بکۆلینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کەمیر دەتوانێ دۆستایەتیی ئەو کەسانەی ئاسانتر دەستگیر ببێ کەلە وەزعی پێشوو رازی بوون و لەسەرەتادا لەریزی دوژمنانی ئەمدا بوون وەك لە دۆستایەتیی ئەو نارازییانەی دەبنە دۆستی و لە داگیرکردنی دەوڵ'تەکەیدا یاریدەی دەدەن .هەروەها میران بۆ پارێزگاری کردن لە دەوڵەتەکانیان و ئەمن و ئاسایشیان ، پیشەیان وابووە کە وەك دەستپێشکەرییەك بۆ بەرگرتن لەتەمای داگیرکردنی خاکەکەیان لەلایەن تەماعکارانەوە ، قەڵا دروست بکەن و بۆیان ببێتە پەنایەك و لە حاڵەتی هێرشی لە ناکاودا رووی تێبکەن . من لەگەڵ ئەم شێوەیەدام چونکە لەکۆنترین سەردەمەوە بەکارهێنراوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی ئیستاماندا ، دیمان کەچۆن نیکۆلۆ ڤیتیناللی[92] بۆ پارێزگاری کردن لە دەوڵەتەکەی دوو قەڵای لە سیتادی کاستیللۆدا رووخاند هەروەکو گیدۆ باڵدۆ[93] دۆقی ئۆربینۆ ،وەختێ گەایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی کە قەیسەربۆرجیا لێی دەرپەراندبوو ، هەرچی قەلایەکی تێدا بوو رووخاندنی چونکە وای داناکە بەنەمانی قەڵاکان ستەمە جارێکی تر ناوچەکەی لە دەس بچێتەوە هەروەها بنەماڵەی بێنتیڤۆگلی کە گەرانەوە بۆ بۆلۆنا ، هەندێ شتیلەم بابەتەیان کرد .جا لەبەر ئەم هۆیانە ، قەلا بەپێی وەزع و رۆژگار رەنگە

سوودبەخش بێ یابێسوود بێ ، ڕەنگە لەسەرێکەوە بەکەڵك بیو لەسەرێکی ترەوە بیکەلك بێ ئێمە دەبی مەسەلەکە بەم شێوەی خوارەوە وەربگرین :ئەو میرەی ترسی لەگەلەکەی زیاتر هەبێ وەك لە بێگانە ,دەبێ قەلاّ دروست بکا , بەلاّم ئەو میرەی ترسی لەبێگانە زیاتر هەبێ وەك لە گەلەکەی ,بۆی هەیە قەلاّ فەرامۆش بکا .بۆنموونە قەلاّی میلان کە فرانسیسکۆ سفۆرزا بنیاتینا ,زیاتر لە هەر پشێوەییەکی تر لەدەوڵەتەکەدا بووە مایەی سەریەشەو بێ ئارامی بۆ بنەماڵەی سفۆرزا . بۆیە باشترین قەلاّ کە میرێك بنیاتی بنێ ئەوەیە کە لە ناو دلّ ودەروونی گەلەکەیدا بێ ,چونکە تۆ ئەگەرچی قەلاّ دروست دەکەیت, بەلاّم کە گەلەکەت رقی لێت بوو ناتوانیت بیپارێزیت .هەروەکوو کاتێ گەل دژت رادەپەرێ ,پەکی لەو جۆرە پشتگیری کەرە بێگانانە ناکەوێ کە هەر خێرا یارمەتیی پێشکەش بکەن ز لەم سەردەمەدا نەمان دیوە قەلاّ بۆ هیچ یەکێ لە میران سوودی هەبووبێ وتەنیا خانمی فۆرلی نەبێ کە لەکاتی مردنی کۆنت جیرۆلامۆی (94) مێردیدا و توانی لە شۆرشی جەماوەلا خۆی دەرباز بکا و پەنا بەرێتە بەر قەلاّەکەی ,تا میلانەوە یاریدەی گەیەندرایە و میرایەتییەکەی وەرگرتەوە, بەتایبەتی کە بارودۆخی ئەو وەختە ماوەی هیچ بێگانەیەکی نەدەدا دەستی یارمەتی بۆ گەل درێژبکا . بەلاّم لە دواییدا کە قەیسەر بۆرجیا پەلاماریداو گەلیش کە دوژمنی بوو خێرا دەستی خستە ناو دەستی بێگانەوە , قەلاّکانی بەفریای نەکەوتن .بۆیە چاکتروابوو کە لە بری پشت بەستن بە قەلاّو قولله , هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی خۆی لەلای گەلەکەی چارەگران نەکردایە . لەبەر گشت ئەم هۆیانە , من شتایشی دروستکەرانی قەلاّ و دروست نەکەرانیشی دەکەم ,بەلاّم لۆمەی ئەوانیش دەکەم کە سەرجەمی باوەڕیانی دەدەنە پالّ و گوێ نادەنە رق و کینە یا خۆشەویستی بۆیان.

21

ئایا میر چۆن هەوڵی پەیداکردنی ناوبانگ دەدا؟

هیچ شتێك وەك دەسدانە پرۆژەی گەورە و قەبە نیشاندانی بەلگەی بەهێزی ,میر بە پلەی رێزداری و سەر بڵندی ناگەیەنێ. با نموونەیەکی هاوچاخی وەك فردیناندی پادشای ئەراگۆن و پادشای ئیستای ئیسپانیا وەربگرین کە رەنگە ئەگەر لەقەبی حوکمڕانی نوێی بدرێتێ راست دەربچێ , لەبەر ئەوەی لەپلەی پادشایەکی بچووکەوە بەرزبووەووە و گەیشتە لوتکەی سەربەرزی و ناوبانگی ,تا بووە پادشای یەکەمی مەسیحییەت . جا ئەگەر لە کارەکانی بکۆلّیتەوە مەزنی یەکی دیار وئاشکرای ئەوت تیایاندا بۆ دەردەکەوێو چونکە هەموو بەرزو لەرادەبەدەرن .ئەو هات سەردمی خۆی بە پەلاماردانی گرناتە دەست پێکردو ئەم مل پێوەنانەی بووە بردی بناغەی مەملەکەتەکەی .لە سەرەتادا , لەو وەختانەدا کە کاروفرمانی نەدەبوو, بە پێی حەزوو ئارەزووی خۆی و بێترسی ئەوەی کەسێك هەبێ بتوانێ دەست لە ئیش و کاری وەربدا هەڵدەسووڕاو بەو بیروهۆشی سەردارانی قشتالەی (95) بە پرۆژەکەیەوە خەریك دەکرد وتەنانەت لەبەر تەرخان کردنی سەرجەمی بیرکردنەوەی خۆیان بۆ

جەنگ , وەختی بیرکردنەوەیان لەهیچ داهێنان و خولْقاندنێك بۆ نەدەمایەوە. بەم جۆرە ئەو ناو ناوبانگەی بۆ خۆی بەدی هێناو ئەو دەسەلأتداری‌یەشی بە سەر ئەواندا کە مەبەستی بوو,بیئەوەی لە سەرەتای‌کاردا هەستی پێبکەن .ئینجا بەو پارەوپوولەی لە کلێسە وەرگرت و لە گەلی کۆکردەوە,توانی لەشکرەکانی بپارێزێ و ئەو جەنگە درێژخایەنە بەرپابکا کە بووە بنچینەی هێزە سەربازی‌یەکەی و ئەمەش لە ئەنجامدا هەلی شۆرت و ناو دەرکردنی بۆرەخساند .جگە لەوەی کە بۆ سازدانی پرۆژەی قورسترو گەورەترولە ژێر پەردەی پارێزگاری کردن لەدیندا ,دەستی کردە چەوساندوەی ئایینی و عارەبەکانی لە مەملەکەتەکەی خۆی دەرکرد و هیچی‌یان هەبوو لێ‌ی زەوت کردن کە ئەمە کاریچکە لی‌ی نەگریسانەتر و بێ‌هاوتاتر نی‌یە .هەروەها بەهەمان بەهانە پەلاماری ئەفریقای داو ئینجا ملی پێوەنا بۆ ئیتالیا و دواجار هێرشی بردە سەر فەرەنسا .بەم جۆرە هەردەم پرۆژەی گەورەو قەبەی ئەئەتۆی دادەهێنان کە بیروهۆشی رەعیەتەکەی خۆی پێ‌سەرسام دەکردن و رای‌هێنابوون کە هەمیشە بە چاوەڕوانکردنی ئەنجامەوە خەریك بن . ئەم کارانەش وەها بەرودوا دەکران کە یەك بە دوای‌یەکدا دەهاتن و ئیتر بواری هەست کردنیان بە هێمنی بە شێوەیەك لە هەر مرۆڤێك دەبڕی کە ماوەی نەبێ دژی ئەو هیچ شتێك بکا .

هەروەها بۆ میر کارێکی بەکەڵکە کە لە بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆدا هندێ نموونەی دیارو ئاشکرا , لەو بابەتەی سەبارەت بە کردارەکانی جەنابی بیرنابۆ [96] لە میلاندا گێرامەوە ,بۆ مەزنی‌ی خۆی پێشکەش بکا.چونکەوەختێ یەکێك لە خەڵکەکەوە هەڵدەکەوێ و کارێکی‌نائاسایی و لەرادەبەدەر, چ لە کۆڕی خێرخوایی وچ لەکۆڕی شەرخواییدا دەکا , میر دەبێ رێ و شوێنی پێویست بۆ خەلأتکردن یا سزادانی دابنێ‌و بە جۆرێکی ئەویش بێ کە خەڵکی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ باسی بکەن .بگرە لەمە بەولاتریشەوە,میر دەبێ لە هەر کاروکردارێکیدا هەوڵە پەیداکردنی ناوبانگی مەزنی سەرکەوتوویی بدا .

هەروەها میر ئەگەر سەلماندی کە ئەو ,یا هاوڕێ‌یەکی دڵسۆزەو یا دوژمنێکی باوەکوشتە , ئەوا ئەو پەری رێزلێنان ۆ خۆی مسۆگەر دەکا . ئەمەش وادەگەیەنێ کە دەبێ بەبێ راووڕێوی بۆ هێنانەوە , دڵسۆزی و دوژمنایەتی‌ی خۆی بۆ ئەم و ئەو ئاشکرا بکا. گومانیشی تێدانی‌یە کە ئەم جۆرە سیاسەتە هەمیشە لەسیاسەتی بێ لایەنی باشترە بۆ نموونە ئەگەر دوو دەوڵەتی دراوسێت چوون بەگژیەکداو کردیانە جەنگ تۆ دەبێ لەروویاندا هەڵوێستێکی ئەوتۆ بگریت کە یا ببێتە هۆی ترساندنت لە دەوڵەت سەرکەوتوەکە ، یاخود ەترساندنت .ئینجا لە هەردوو حاڵەتەکەشدا چاکتر وایە هەڵوێستەکەی خۆت بەئاشکرا دەرببریت و بجەنگیت چونکە نەجەنگیت لەحاڵەتی‌یەکەمدا ، دەتکاتە نیچچیرێکی نەرموو قووت بۆ لایەنی‌سەرکەوت و کە ئەوە رەزامەندی و گەشکەداری دەخاتە دڵی لایەنی ژێرکەوتوەوە تۆش هیچ هۆیەك یا بەهانەیەك بۆ ئەو هەڵوێستەی خۆت نابینیتەوە ، هەروەکو هیچ کەسێکیش بەبیرتەوەنایەت ،لەبەر ئەوەی سەرکەوت و هەرکام بێ حەز بەدۆستایەتی‌کەسانێك

ناکا لیّیان دڵنیا نەبێ و لە وەختی تەنگانەدا بەفریای نەکەوێ چونکەلەجەنگەکەیدا کەلە پێناوی پارێزگاری کردن لەمەسەلەی خۆیدا دەیکرد لەگەڵیدا نەبوویت .

بۆنموونە ئیتۆلیەکان داوایان لە ئەنتیۆخۆس کرد کە بچێت بۆ وڵاتی یۆنان بۆ دەرپەراندنی رۆمانەکان و ئەویش داخوازیەکەی بەجێ هێنا .ئەنتیۆخۆس لەلای خۆیەوە نوێنەرو وتاربێژی بۆ لای ئاخیەیە دۆستەکانی رۆمانەکان نارد بۆ هاندانیان بێلایەن بوەستن ، لەکاتێکدا رۆمانەکان لەولایترەوە قایلیان کرد کەلە پاڵ ئەماندا بجەنگن و ئیتر باسەکە کەوتە لای ئەنجومەنی ئاخیەکان بۆ گفت و گۆ لەسەر کردنی بەڵام وەختێ باڵوێزی ئەنتیۆخۆس هەڵساو تەقەلای دا قایلیان بکا بێ لایەن بمێنێتەوە باڵوێزی رۆمانەکان لەوەرامیدا وتی :(ئەو قسەیەی کەوتە بەر گوێتان هێجگار دوورە لە راستیەوە چاکترو بەکەلکتر بۆ دەوڵەتەکەتان بەشدار بوونی جەنگەکەیە چونکە بەشدار نەبونتان واتان لێدەکا نەبنە خاوەنی هیچ رازو نیازوناو بانگێك .جگە بەشدارنەبوونتان واتان لێدەکا خەڵاتێك بۆ لایەنی سەرکەتوو ,ئیتر ساهەر لایەك بێ)

هەروها مەسەلە هەردەم وەها دەکەوێتە کە ئەوەی دۆست نەبێ وبەردەوام داوات لێدەکا بێ لایەن بمێنیتەوە . بەڵام دۆستەکەت داوای ئەوەت لێدەکا هەڵوێستی خۆت ئاشکرا بکەیت و چەکی لەگەڵدا هەڵبگریت .جامیرە راڕاکان بە نیازی خۆبەدوورگرتن لەو مەترسییانەی دادێن وئاسایی پەنا دەبەنە بەر گرتنیرێگەی بێلایەنی کە بەبێ چەند وچۆن بویان دەبێتە مایەی ماڵوێرانی و خۆفەوتاندن .بەڵام ئەو میرەی بەئاشکرا بریاری چوونەپاڵ یەکێك لەدوو لایەنەکە دەدا و وایدادەنی ئەویان سەردەکەوێ و لایەنەکە سەرەرای بەهێزییەکەی و مانەوەی ئەم لە ژێر رەحمەتیدا ,بەرامبەری هەست بە جۆرە پابەندییەك دەکا ,چونکە دۆستایەتییەکی پتەو لە نێواندا بەستراوەو خەڵکەکەش ئاسایی پیشەیان وانییە پشت لەشەرەف بکەن و ئەو کەسە بچەوسێننەوە کە یارمەتیی داون و وا بەزەقی نکولی لە چاکە بکەن لەبەرەوەی کە سەرکەوتن بەشێوە ئاساییەکەی ، لەو بابەتە نابێ ویژدان لە بیر کابرای سەرکەوت و بەرێتەوە بەتایبەتیلەباس و خوازی دادپەروەریدا هەروەکو ئەگەر هاوسوێندەکەت ژێریش کەوت تۆ لەلایەن ئەوەوە پەنا دەدرێت و هێندەی لە توانایدا بێ بۆ یاریدەدانت لەسەر پێ دەبێ و تۆ دەبیتە هاوبەشی بەختی کە رەنگە جارێکی تر ئەستێرەی هەڵبێتەوە و بدرەوشێتەوە .

بەلام سەبارەت بەحاڵەتی سێیەم ، واتە هەر دوولای بەگژیەکدا چوو لە چاو تۆدا هێندە لاواز دەبن کە هیچ ترسێکت لە سەرکەوتوەکەیان نابێ ، لایەنگرتنی هەرکامیان دژی ئەوی تر مەترسیت زیاد بۆدروست دەکا ، چونکەتۆ بەیارمەتی دانی ئەو لایەرێگا خاپوور کردنی ئەوی تریان دەگرێتە بەر ئەوسا لایەنە یاریدەدراوەکە ئەگەر ئاقل بوایە ، دەبوو هەر لەبنەرەتەوە ئەمەنەکاو بگرە ئەولایەش لەو چارەنووسە رزگار بکا . بەڵام بەهەرحاڵ ، ئەگەر هاوسوێ،دەکەت سەرکەوتنی بەدیهێنا ، ئەوا هەر لە ژێر رەحمەتی تۆدادەمێنێتەوە ، چونکە ستەمەبەبێ یاریدەو پشت بەستنی بەتۆ داگیر کاری

بکا . ئینجا لێرەدا پێویستە ئەوەش روون بکەمەوە کە میر دەبێ خۆی لەخۆبەستنەوە دا بە میرێکی لە خۆی بەهێزترەوەلە مەسەلەیەکی هاوبەشدا بۆ زەرەرگەیاندن بە میرێکی‌تر بە دوور بگرێ ، تـەنیا لەحاڵەتێکدا نەبێ کە پێویستی ناچار بکار وەك لەوەبـەر باسـم کـرد چـونکە بەسـەرکەوتنی ئـەو تـۆ دەکەویتە ژێر رەحمەت و ئیرادەو حەزو ئارەزووی کەسانی تر بپارێزن . بـۆ نمونـە ڤینیسـیایی‌یەکان دژی دۆقی میلان لەگەڵ فەرەنسادا پەیمانیان بەست ،لەکاتێکدا دیانتوانی خۆیان لەو پەیمان بەستنە بە دوور بگرن بۆیان بووە مایەی ماڵوێرانی. بەڵام ئەگەر هەر ناچـاری بـوو وەك لـە فلۆرنسـایی‌یەکان رووی‌دا , کاتێ پاپاو پادشای ئیسپانیا دوو قۆڵی بە لەشکرەکانیان پەلاماری لۆمباردیایاندا , ئەوا میر لەبەر ئەو هۆیانەی لەوەبـەر باسـم کـردن ,دەبـێ بەشـداری‌ی شـەر بکـا .لەسـەر هـەر دەوڵـەتێکیش پێویستە کە پێ لەسەر دڵنیابی لەسیاسەتی خۆی دانەگرێ بەڵکوو دەبێ هەردەم گومانێکی دەربارە لە پێش چاو بێ .چونکە بۆنموونە ئیش بە تەبیعەت وەها دێتە پێشەوە کەوەختێ مـرۆڤ هـەوڵ دەدا کە تۆ بتوانیت جـۆری گرفتەکـە بناسـیت و یەخـەی ئـەوەیان بگریـت کـە لـە زیـان و ئازاربەخشـیندا کەمترینیانە .

هەروەها لەسەر میر پێویستە هەمیشە مـەیلی بـەلای مرۆڤـی بـەهرەدارو بـەتواناد‌ا هـەبێ و کوسـانی دەسـت رەنگینـی لاپەسـەندبێ و هەڵکـەوتووان لەهـەر هونەرێکـدا بـێ رێـز لێ بنـێ. جگـە لەمانـە لـە سەریشی پێویستە هانی هاوەلاتی‌یانی بۆبەردەوام بوون لەسەر ئیش وکاریان ,چ لەکۆڕی بازرگانی یا کشـتوکاڵ یـا هـەر پیشـەیەکی تـری خەڵکەکـەدا بی‌بـدا .بـەم شـێوەیە ئـیتر هـیچ کەسـێك لەترسـی لەدەستدانی ئەوەی هەیەتی , درێغی لە چاککردنی ناکا ویا لەترسی باج لێسەندن لە بازرگانی کردنی کۆناکاتەوە. هەروەکوو دەبێ هەموو ئەو کەسانەش خەلأت بکا کە لەم کۆرانەدا کار دەکـەن , یـا بـە رێگەی جۆراو جۆر هەوڵی گەشە پێکردنی شارو دەوڵەتەکەی دەدەن .ئینجا جگە لەمان پێویستە لـە وەرزەکانی ساڵداو بە شتی‌ترەوە خەریك بکا .یا لەبەر ئەوەی کـە شـارەکە بەشاەبەشـە و لـە چـەند نەقابەیەك یا چەند چینێك پێکدێ,دەبێ بایەخ بە هـەموو ئـەو دەسـتە و تاقمانـە بـداو بینـاو بـەینێك تێکەڵی یی‌کتریان بکا و رووی مرۆڤپەروەرانەی خۆی بە گشت لایەکیان نیشان بدا , بەڵام بە مەرجێك کە بەردەوام بڵندی‌ی پلە و هەیبەتی پایەی خۆی بپارێزێ, چونکە ئەمانە دوو شـتن کـە دەبـێ قـەت ماوە لەق بوون و پووکاندنەوەیان نەدا ,ئیتر سا هۆ هەر چۆنێك و هەر چی‌یەك بێ

22

وەزیرەکانی میر

هەڵبژاردنی وەزیرانی میر مەسەلەیەکی کەم بایەخ نی‌یە ,چـونکە ئەوانـە یـا رێـك وپێـك دەردەچـن یاخود لەگەڵ ژیری و وردبینی‌ی میردا سەبارەت بە کاروبـار نـاگونجین. یەکـەم بـاری سـەرنجیش کـە دەربارەی میر چۆنێتی ی‌بیرکردنەوەی لای هەر مرۆڤێك پەیدا دەبێ ,لەسەرنج لێدانی ئەو کەسـانەوە دروست دەبێ کە لە دەورو پشتیدان .واتە ئەگەر دڵسۆزو لێهاتوو بوون ئـەوا پیـاو لـە بەحیکمـەتی‌ی

میر دڵنیا دەبیٚو دەوتری : توانیویٚتی لیٚهاتوویی دەستنیشـان بکـا و دڵسـۆزی بگریٚتـە خـۆی .بـەڵام ئەگەر بە پیٚچەوانەوەبوون ,ئەوا پیاو هەمیشە بـۆی هەیـە بـاری سـەرنجیٚکی خراپـی دەربـارەی مـیر خۆیشی هەبیٚ, چونکە ئەو هەڵبژاردنە خراپەی بۆ دەبیٚتە یەکەمین زەللە .

بیٚگومان هەر کەسـی بەریچز ئـەنتۆنیۆدی فینـافیردی وەزیـری مـیری سـیەنا بانـدۆلفۆ پیترۆچـی ناسـییٚ ویەکسـەر ئـەو حوکمـەی داوە کـە بانـدۆلفۆ لـە هەلچـبژاردنی ئـەم وەزیـرەدا بەحیکمـەت ودادپەروەر بووە. لەم بوارەدا سیٚ جۆرە ئەقلٚ هەن , یەکەمیان بەپی یاریدەو یارمەتیـدان دەرك بـە شت دەکا , دووەمیان بە یاریدەو ریٚنیشاندان و لایەن کەسانیترەوە دەرکـی پیـدەکا , سـیٚیەمیان نەبە یاریدەو نەبەبیٚ یاریـدە دەرکـی پـیٚ ناکـا . جـا بابـەتی یەکـەم زۆر چـاکە, دووەم چـاکە,بـەڵام سیٚیەم بیٚکەڵکە. لەمەوە دەردەکەویٚ کە باندۆلفۆ ئەگەر لە بابەتی یەکەم نەبووبیٚ ئەوا مسۆگەر لـە بابەتی دووەم بووە. وەختیٚکیش هـەر میریٚك ئـەو توانایـەی هـەبیٚ کـە لـە نیٚـوان رەفتـارو گفتـاری کەسانەوە ,حکومی ناسینەوەی خیٚرو شەربدا ، تەنانەت ئەگەر لەبەهرەی داهیٚنان و لە زیرەکیش بیٚ بـەش بـیٚ ، دەتـوانیٚ کـردارە چـاکەکانی وەزیرەکـەی لـەکردارە خراپـەکانی جیابکاتـەوەو ئـەمیان چارەسەر بکا و بۆ ئەوەیان هـانی بـدا کەئەوسـا ئـیتر وەزیرەکـەی دەس لـە هیـوای هەڵخەڵەتانـدنی دەشـواو بـەردەوام بـۆی دەسـت و دڵپـاك دەبـیٚ .هـەروەها ریٚگایـەکی تـر بـۆ ناسـینی وەزیـرو تاقیکردنەوەیلەلایـەن مـیرەوە هەیـە کـە قـەت هەڵـەی تیٚـدا روو نـادا ئـەویش ئەوەیـە کـەوەختیٚ وەزیرەکە زیاتر لەتۆ بـیر لـە خـۆی دەکاتـەوەو لـە گشـتکردارو رەفتارەکانیـدا سـوودو بەرژەوەنـدی تایبەتی خۆی دەکاتە ئامانج ،دەردەکەویٚ ئەم جۆرە پیاوە دەس نادا ببیٚتە وەزیریٚکی بەکەلك و تـۆ قەت ناتوانیت پشتی پیٚببەستیت ، چونکە ئەو کەسـەی ئـەرکی بـەریٚوەبردنی دەوڵـەتی کەسـانیٚکی تری پیٚدەسپیٚردریٚ ،دەبیٚ قەت بیر لـەخۆی نەکاتـەوە بـەڵکو بـیر لـە میرەکـەی بکاتـەوە جگـە لـەو شـــــــتانەی پەیوەنـــــــدیان بـــــــەمیرەوە هەیـــــــە گـــــــویٚ نەداتـە هـیچ شـتیٚکی تـر هـەروەکو میریش لـەلای خۆیـەوە بـۆ ئیدامەپیٚدانی پابـەنیو دڵسـۆزیی وەزیرەکە بۆ خۆی ، پیٚویستە ئاگای لیٚی بیٚو گیرفانی پرلە پارەو پوول بکا بـە نیشـان و دەبدەبـەی بەریٚزیو گەورەیی دەوری بتەنیٚو سۆزی بۆ دەربریٚ و شەرافەتمەندیی پیٚببەخشیٚ و پایەوپلەیەکی بەر پرسیارانەی ئەوتۆی پیٚ بسپیٚریٚ کە ئـەو پـارەو پـوول و دەبدەبـەی بـەریٚزی و گەورەییـەی بـە سەریدا داباریٚنراون ، هانی بدەن بۆ تەماعکردن لە دەست کەوتنی سامانی زۆرتـرو لەقـەبی گـەورەتر ،یا ئەو پایەو پلەی پیٚی گەیشتووە تائەو رادەیە گرنگ بیٚ کەتر سی لەدەست چوونی لەلا پەیدا بکـا . ئینجا کاتیٚ ئەم جۆرە پەیوەندیە لە نیٚوان مـیران و وەزیرەکانیـدا دروسـت دەبـیٚ ، هـەر لایـەکیان دەتوانیٚ پشت بـەوی تریان ببەسـتیٚ . بـەڵام ئەگـەر وەزعەکـە بـە پیٚچـەوانەوە بـوو ، ئـەوا ئـەنجام هەمیشە یا بۆ ئەم لا یابۆ ئەولا زەرەربەخش دەبیٚ .

چۆنیەتی خۆ بەدوورگرتن

لەکەسانی دووڕوو

من ئەو باسە گرنگەو لە روو خستنی ئەو زللەیەش ناخەمە پشت گوێ کە میران ئەگەر ژیرو بەحیکمەت نەبن ، یا ئەگەر هەڵبژاردنیان کۆك نەبی ، زەحمەتە بتوانن بە ئاسانی خۆیانی لێ بەدوور بگرن . باسەکەشی کەمەبەستمە پەیوەندی بەو دووروە ماستاو کەرانەوە هەیە کە دەربارەی پادشاو میرەکاندا گرد دەبنەوە . خەڵکی پشەیان وەهایە دڵیان بەو ماڵوموڵکە خۆش بێکە هەیانەو شانازی پێوەبکەن و خۆیانی پێ چاوبەست بکەن . ئەمەش وایان لێدەکا کە نەتوانن خۆیان لەو پەتایە بپارێزن ،تەنانەت ئەگەر تەقەلای خۆلێ پاراستنیش دەکەونەبەر مەترسی گاڵتەپێکردنەوە . لەبەر ئەوە بۆ تۆ چاکتر رێگا بۆ خۆپاراشستنت لە دووروەکان ،تی گەیاندنی هەموو لایەکە کە ئەوانە بەراستی وتن لە حزوورتدا هیچ خراپەیەکت دەربارە ناکەن هەرچەندە ئەگەر وایلێ هات کە هەر کەسێك بێت و جەسارەتی راستی وتن لە رووتدا بکا ، رێزت لەلایاندا نامێنێ بۆ یە میری ژیرو ئاقڵ ئەو کەسەیە کە رێگای سێیەم دەگرێتەبەر و پیاوی دونیا دیدەو بەحکمەت بۆ کۆری دانیشتنی خۆی هەڵدەبژێرێ و ماوەی تەنیا ئەوان دەدا بە سەربەستی بۆی بدوێن و لە حزووریدا راستی دەربڕن ،بەلاّم بە مەرجێك ئەو سەربەستیپێدانە تەنیا لەو باسانەدابێ کە خۆی پرسیاریان دەربارە لێدەکا و لەوە نەچێ بەولاوە. وەکی تر پێویستە ئەو لەلای خۆیەوە سەبارەت بە هەموو شت پرسیاریان لێبکا وگوێ بۆ بیروڕایان رابگرێ و ئینجا ئەوسا بە شێوە تایبەتییەکەی خۆی , بیر لە باسەکە بکاتەوە .هەروەکوو دەبێ لەو کۆڕی دانیشتنانەدا لەگەڵ هەر یەکێك لە راوێژکاراندا وەها بجووڵێتەوە دڵنیای بکا کە چەندە بەدڵسۆزییەوە لەروو قسە بکا , میر هێندە لێیرازی دەبێ .دوای ئەوە ئیتر پێویستە گوێ لە قسەی هیچ مرۆڤێك نەگرێ, بەڵکوو خۆی لەبەر رۆشنایی بیروڕای راوێژکارەکانیدا لە باسەکە بکۆڵێتەوەو بریارێکی ئەوتۆی لەسەر بدا کە پاشکەزبوونەوەی تێدا نەبێ. بەلاّم ئەو میرەی رێگایەکی جیاواز لەمە دەگرێتەبەر دەکەوێتە ژێر تەئسیری کەسانی ماستاوکەر و دووڕووەوەو سەرکێشانە کرداردەکا ,یا بە پێی ئەو بیروڕا جۆراجۆرانەی دەدرێن بە گوێیدا بڕیارەکانی دەگۆڕێو بەوە رێزو هەیبەتی خۆی لەدەس دەدا.

مـن لێرەدا نموونەیەکی نۆی بۆ باسەکە دێنمەوە .بریلۆکا کە یەکێکە لە دەست وپێوەنانی ئیمپراتۆری ئیستا مەکسیملیان [97] وتوێتی کە خاوەن شکۆ لە هەموو ژیانیدا پرسی وڕای بە کەس نەکردوە,کەچی لەگەڵ ئەوەشدا قەت شتێکی بە تەنیا بەپێی حەز وئارەزووی خۆی نەکردوە,چونکە هەمیشەبەپێچەوانەی ئەو شێوەیەوە جوولاّوەتەوە کە باسم کرد . ئەو لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆرەو پیاوێکە لە حەشاردایە و دەوری بە گەڵێ نهێنی تەنراوە,نیازو مەبەستی خۆی بۆخەڵکەکە ئاشکرا ناکا و ئامۆژگاری لە هیچ کەسێکەوە وەرناگرێ .بەلاّم کە دەس دەداتە بەجێهێنانی نیازو مەبەستەکانی , بۆخەڵکەکە ئاشکرا دەبن و روون دەبنەوەو ئەوسا ئەگەر دەست وپێوەندەکانی

دەوروپشتی نارەزاییيان لەسەر دەربڕی ,ئیتر ئەویش هەر خێرا واز لە جێ بەجێکردنیان دێنێ ونیازو مەبەستەکانی دەگۆڕێ. ئەنجامی ئەمەش وەها دەشکێتەوە کە ئەوەی دوێنێ کردویتی ئەمڕۆ بەر پەرچی دەداتەوەو ئیتر هیچ کەس تێناگا ئلخۆ چی دەکا و نیازی چی هەیە وباوەڕپێشیان بە راوێژ و بیرکردنەوەی نامێنی . لەبەر ئەوە میر دەبێ هەمیشە ئامۆژگاری بگرێتە خۆی , بەلأم لە وەختێکدا کە ئەو خۆی دەیەوێ , نەك لە وەختێکدا کە کەسانیتر دەیانەوێ وبگرە ئەگەر خۆی داوای نەکردبێ ,نابێ بەهیچ کلۆجی ماوە بدا تەقەلای ئامۆژگاری کردنی بدرێ, هەرچەندە پێویستە ئەو خۆی بە زیادەوە داوای بکا وباش گوێ بۆ ئەو راستییانە شل بکا کە بۆی دەگێردرێنەوەو کە پرسیاری دەربارە کردوون .بەلأم لەراستیدا ,پێویستە ئەگەر سەیری کرد یەکێك لە راویژکارەکانی لە وتنی راستیدا دوودڵە , دەبێ تووڕە ببێ .جا ئەگەر چی هەندێ کەس هەن رایان وایە کە ناوبانگی ئەو میرەی ناوی بە وردبینی و ژیری دەردەچێ نادرێتە پاڵ تەبیعەتی خۆی , بەڵکوو دەدرێتە پاڵ شارەزایی راوێژکارەکانی دەوروپشتی , بەلأم من دەڵێم ئەم رایە تەواو چەوتە .چونکە بنەمایەکی گشتیمان هەیە دەڵێ: ئەو میرەی سیفەتی حیکمەتی تێدا نەبێ, کەڵکی ئەوەی نابێ رێگای چاکەی نیشان بدرێ,مەگەر سەروبەر خۆی بخاتە ژێر دەستی تاقە کەسێکەوەو بە تەواوتی بکەوێتە ژێر رکێفییەوەو کەسەکەش پیاوێکی ئاقڵی وردبین بێ .لەم حاڵەتەدا رەنگە میر حوکمڕانییەکی باش بکا ,بەلأم ئەم وەزعە درێژە ناکێشی وچونکە جڵەوبەدەستەکە زۆری پێ ناچێ دەسەلأت و دەوڵەتەکەی لێ زەوت دەکا . هەروەها ئەو میرە دوور لە حیکمەتە ئەگەر هات و راوێژی بەزۆر کەس کرد ، ئەوا ئامۆژگارییەکی بەکۆمەڵی یەکگرتووی دەس ناکەوێ لەبەر ئەوەی ناتوانێ گشت ئەو بیروڕایانە یەك بخا کە پێی رادەگەیەنرێت تا شێوەی کۆمەڵ وەربگرن و بگرە راوێژکاران دەکەونە بیرکردنەوە لە سوودی خۆیان لە کاتێکدا ئەو لە وزەیدا نابێ بیانخاتەوە سەر ێگای راست یا تەنانەت تێبگا .ئەمەش کارێکەو خۆ لێ دەر بازکردنی بۆنییە ، چونکە خەڵکی پیشەیان وەهایە چاوەشت بکەن . مەگەر پێویستییەکی کاریگەر ناچار راستگۆییان بکا ،کەوابێ دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئامۆژگاری کردنی حەکیمانە لە هەر کەسێکەوە بێ، پێویستە مل کەچی حیکمەت و ووردبینیی میربێ وناشێ وورد بینیی میر سەرشۆری ئەوئامۆژگاریانە بێ کە پێشکەشی دەکرێن، چەند راست گۆش بن .

24

ئایا میرەکانی ئیتالیا بۆچی

دەوڵەتەکانیان لەدەست چوو ؟

ئەگەر تازەمیرەك بە حکمەت ووردبینییەوە , پەیرەوی ئەو شتانەی کرد کە لەوەبەر باسم کرد , ئەوا لە میرایەتیکردنەکەیدا رەسەن دەردەچێ و لە دەوڵەتەکەیدا ئەوە دڵنیاتر و ئاسوودەتر دەبێ وەك لەوەی تیایدا خاوەنی رەگ وریشەیەکی بنج قووڵی کۆن بووبێ, چونکە ئاساییە کە تازەمیرەکان زیاتر لە میرە میراتگرەکان لە ژێر چاودێریکردندا بن .ئینجا کاتێ کە خەڵکەکە دان

بەچاکەکارییاندا دەنێن , ئەوسا زۆر زیاتر لە دەوریـان کۆدەبنـەوە وەك لـەوەی خـاوەنی خـۆێنێکی پادشایانەی رەسەن بوونایە .خەڵکەکە کاروبـاری حازربەدەسـتیان زیـاتر لـە کاروبـاری رابـووردوو لا مەبەستە, چونکە وەختێ لە حاڵی حازریانـدا هەسـت بـە خۆشـگوزەرانی دەکـەن , دڵ و دەروونیـان دەحەوێتــەوەو ئــیتر لــە هــیچ شــتێکی تــر ناگــەڕێن ,بــەڵکوو بــە پێچەوانەشــەوە مادامــەکی میرەکەدەستەوستانیی‌خۆی لە کاروباریتردا نانوێنێ, ئەمان بۆ پارێزگاری لێکردنـی هەرچـییەکیان لـە توانـادابێ دەیکـەن . بـەم جـۆرە تـازەمیر سـەربڵندییەکی دوو سـەرە لـە دامەزرانـدنی دەوڵەتـە نوێیەکەیدا و گەشەپێسەندنی بەیاسـای دادپەروەرانـەو چـەکی بـەهێز و دۆسـتانی دڵپـاك , بـەها و نەریتی خێرخواهانە بەدەس دێنـی .لەکاتێکدا عـەیب وعـاری مـیری میراتگـریش هـەروەها دوو سـەر دەبێ, چونکە بە میری لە دایك بـووەو بـە هـۆی بەبێبەشـییەوە لـە وردبینـی و حکمـەت , تـەختی پادشایییەکەی لەدەس دەدا.

ئەگەر پیاو لە وەزعـی ئـەو حوکمڕانانـە بکۆڵێتـەوە کـە لـە ڕۆچـانی ئستاماندا ئیتالیـادا پایەوپلـەی خۆیانیان چووە ,وەك پادشای ناپۆلی و دۆقی میلان و کەسانیتریش ,بۆیە دەردەکەوێ کە هەموو لە عەیبێکدا کـە پەیوەنـدی بـە هێـزی سـەربازییانەوە هەیـە و لەوەبـەر هۆیـەکانیم بـە دوورو درێـژی شــیکردنەوە, هاوبەشــن . هــەروەکوو دەبینــێ کــە هەنــدێك دوژمنایــەتی گــەل بەشــیان بــووە و هەنـدێکیتریان سـەرەڕای خۆشەویسـتیی گـەل بۆیـان , نـەیانتوانیوە پشـت بـە خۆشەویسـتی و دڵسۆزیی سەردارانیان ببەستن . ئەم عەیبانـە لـە کایـەدا نـەبن دەوڵـەت لـەدەس ناچـێ,بەتایبـەتی ئەگەر هێندەی هێز لە باردا بێ کە بتوانێ لەشکرێك لـە مەیدانـدا لـە سـەرپێ بهێڵێتـەوە .بـۆ نموونـە فیلیپی مەکدۆنیایی , مەبەستم لە باوکی ئەسکەندەری گەورە نییە , بەڵکوو لەو میرەیە کـە تیتـۆس کۆنیتیۆس سەری پێشۆرکرد ,دەوڵەتێکی گەورەی وەهای نەبوو لەگەڵ مەزنیی ڕۆمـا و یۆنانـدا کـە هێشیان بردە سەری بەراورد بکرێ ,بەڵام پیاوێکی عەسـکەریی ئـەوتۆ بـوو کـە بـۆ خۆخۆشەویسـت کردن لای گەل و دلنیابوون لـە گـەورەپیاوان , دەرکـی بـەرێگا نموونەییەکـە دەکـرد , بۆیـە تـوانی بۆماوەی سالآنێکی زۆر بەرگەی قورسایی جەنگ دژی هەردوو دەوڵەتە گەورەکـە بگـرێ, ئـەو ئەگـەر چی لەکۆتاییدا دەسەلآتی بەسەر چەند شارێکدا لەدەس چوو, بەڵام هێندەی توانا هـەر بـۆ مایـەوە کە مەملەکەتەکەی خۆی بپارێزێ.

کـەوابوو ئـەو میرانـەی کـە بۆماوەیـەکی دوورو درێـژ مەملەکەتـەکانی خۆیـان پاراسـتوەو دوایـی لەدەستیان داون , دەبێ‌گلەیی لە بەخت نەکەن, بەڵکوو دەبێ گلـەیی لـە تـەوەزەلی خۆیـان بکـەن , چونکە لەڕۆژانی خۆشگوزەرانی و ئاشتیدا بیریان لەوە نەکردوتەوە کە دەشێ ڕۆژانێکی رەش دابێن (بەتایبەتی ئەو هەڵەیە لە ناو خەڵکیا باوە کە لە کاتی بای شەماڵدا حیساب بۆ رەشە با ناکـەن) بـۆ یــە هــەر هێنــدەی ســاتی نەهامــەتیان هاتبێتــە پێشــەوە ، لــە بــری پارێزگــاری کــردن لــەوڵات و میرایەتییەکەیان یەکسەر بیریان بۆ هەلاتن چووە بەو هیوایـەی گوایـە گـەل کـە دەشـێ گـەوجێتیی

داگیرکەران بیوروژێنیّ ، رۆژێك لەرۆژان داوای گەرانەوەی لیّ بکا .خۆرەنگە ئەگەر هیچ چارەسەرێك بەدەستەوە نەما ئەمەیان شتێکی باش بیّ بەلاّم پشت گویّ خستنی چەرەسەرەکانی ترو پەنابردنەبەر تەنیا ئەمیان گەوجێتیيە ، چنکە هیچ کەسێك نیە حەز بکا بکەویّ بەو هیوایەی گوایە مرۆڤێکی تر هەیە لە کەوتنەکەی رزگاری بکا و هەڵیبسێنێتەوە . ئەم رزگار کردنە رەنگە روو بدا یا نەدا ، بەلاّم ئەگەر ووی‌دا دیارە ئاسوودەگی و سەر سەلامەتیت بۆ ناهێنیّ ، لەبەر ئەوەی تۆ نەت توانیوە خۆت رزگار بکەیت ،بەڵکو وەك ترسنۆکێك بۆ ئەو خۆرزگار کردنە پشتت بە کەسانی تر بەستوە و ئیتر هیچ ریّ و شوێنێکیشت بۆ خۆپاراستن سوودی نابێت و بەردەوام کۆت رکاو دەبن ، مەگەر تەنیا بەندی خۆتو تواناو دەستەلاّتی خودی خۆت بن .

25

کاری پلاری قەدەر لە کاروباری

مرۆڤداو ریّوشوێنی بەبەرەکانی کردنی

من لەوەبیّ نیم کە زۆر کەس لە رابوردووداو هەتا ئیستاش باوەڕیان وایە کە هەرچی کارەسات وررووداوێکی دنیایی هەن ,لەژێر دەسەلاّتی قەزاو قەدەردان و خودا جڵەوگیریانە و ئادەمیزاد لەوزەیدا نیيە لەرێگەی حیکمەت و تیّبینینەوە بیانگۆریّ وئاڵشتیان بکاو بە هیچ کلۆجێکیش چارەسەری بۆنیيە . واتە تەقەلادانی ئادەمیزاد بۆ رەتکردنەوەی فەرملنی قەزاوقەدەر ,کۆشیشێکی بێپەروایە و دەبیّ جڵەو بۆ کاروبار وەها شل بکا کە بەخت چۆنی دەویّ وەها بڕوا . ئەوانەی لەسەر ئەم رایەن ,بەهۆی ئەو ئاڵو گۆڕە گەورانەوەی دیمانن و تا ئیستاش هەموو رۆژ دەیانبینین و سەروو بیرو هۆش بۆ چوون مرۆڤن , ژمارەیان لەم سەردەمی ئیمەدا زۆر بووە.من خۆیشم کە بیر لەو ئاڵوگۆرانە دەکەمەوە, هەندیّ جار مەیلم بەلای هاوبەشی کردنی رایەکەی ئەو کەسانەدا دەچیّ. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا باوەرم وایە کە ناتوانین ئیرادە بە تەواوی پشت گوی بخەن . بە رای من هەقە پیاو وای دابنیّ کە قەزاو قەدەر جڵەوگیری نیوەی کردارەکانمانە و ئیتر نیوەکەی تری یا نزیکەی , وازلیّ هێناوە بۆ خۆمان جڵەوگیری بین .من حەز دەکەم قەزاو قەدەر بەو رووبارە خۆر و بەهەڵمەتە بشوبهێنم کە لە کاتی هەڵچوون و شالاّوبردنیدا , دەشت نوقم دەکا ودەرخت هەڵدەکەنیّو خانووبەرە دەرووخێنیّ و زەوی لەم لا هەڵدەکۆلیّ و تووری هەڵدەداتە ئەو لا , خەڵکەکەش لە روویدا هەڵدێن و هەمیشە شت مل بۆ شۆرشە بیّ ئامانەکەی دەدا , بەپیّ ئەوەی کەسێك بتوانیّ بەربەرەکانیّی لەگەڵدا بکا .جا ئەو ئەگەر چی ئەمە سروشتێتی ,بەلاّم ئەو تەبیعەتەشی هەیە کەبە دوایدا دەگەرێتەوە سەر باری هێمنی وئەوسا خەڵکەکە دەتوانن بە دروست کردنی بەست وچەپەر و کەناربەند وچیتر پێویستە بیّ خۆیانی بۆ ئامادەبکەن ,تا ئەگەر بۆجاری ئایندە ئاوەکەی زیادیکردەوە دابرژێتە ناو کەنداوێکەوە, یا شالاّوەکەی ئەو مەترسی و شێتیيەی لەوزەدا نەمێنیّ.حالّەتی قەزاو قەدەریش کە لەبەر خۆئامادەنەکردن بۆ بەربەرەکانی کردنی , دەسەلاّتی

خۆی دەسپێنیْو شۆرشەکەی خۆی ئاراستەی ئەو شوێنانە دەکا چەپەرو بەستیان بۆ جلەوگیر کردنی تێدا نەخراوەتە سەر ڕێگا ,هەر لەم بابەتەیە .ئینجا ئەگەر سەیری ئیتالیا بکەیت کەبۆتە کۆڕی ئەو ئاڵوگۆرە گەورانەو خەڵکەکەیان ناچاری باوەڕهێنان بەو رایە کردوە, دەبینیت وڵاتێکە کە بەهیچ جۆرێك هیچ بابەتە چەپەروبەستێکی تێدا نین .بۆیە ئەگەر وەك ئەڵەمانیا و ئیسپانیا و فەرەنسا بۆی بلوایە بە ڕێ شوێنی ڕاست و دروست پارێزگاری لێبکرێ,ئەوا لافاوەکە ئەو ئاڵ وگۆڕە گەورانەی پێ نەدەکران ,یا لافاوەکە هەر لە بنەڕەتەوە رووی نەدەدا.

واتێدەگەم ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی ڕێو شوێنەکانی بەربەرەکانی کردنی قەزاو قەدەر وتم بەسە. بەڵام ئەگەر بمەوێ خۆم بەهەندێ مەسەلەی دەستنیشان کراوەوە ببەستمەوە,ئەوا دەتوانم بڵێم : سەیر دەکەین ئەمرۆ وا فلانە میر ئەستێرەی لەو پەری گەشانەوەدایە, کەچی بۆ سبەینێ دەیبینینەوە لە ژێر پیدا شێلراوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆرانێکمان لە تەبیعەتیدا یا لە هەر شتێکی تریدا کەوتبێتە بەر چاو .من بە دڵنیاییەوە لەو باوەڕەدام ,گۆرانکارییەکە بەرادەی یەکەم ئەنجامی ئەو هۆیانەیە کە لەوەبەر بە دوورو درێژی شیم کردنەوە, یا بە واتایەکی تر میرەکە سەروبەر خۆی داوەتە دەست قەدەر وئیتر وەختێك پێچەی قەدەرەکە بەپێچەوانەی سووڕاوەتەو ,شێلاوێتی .هەروەها من باوەڕم وایە کە ئەو مرۆڤەی شێوەیڕێوشوێنەکانی لە گەڵ پێویستییەکانی رۆژگاردا بگونجێ بەختەوەرەو ئەوەشی لە ڕێوشوێنەکانیدا بە پێچەوانەی ئە پێویستییانەوە بێ بەدبەختە. خۆ ئیمە دەبینین چۆن خەڵکەکە لەو ڕێوشوێنانەدا کەهەمیشە بۆ گەیشتن بە پایە بلندی و دەوڵەمەندی پەیرەویان دەکەن,یەك لە یەکتر جیاوازن .هەن پەنادەبەنە بەر سڵکردنەوە و هەیانە سەرکێشی هەڵدەبژێرن ، یا هخەیانە ڕێگای جەربەزەیی دەگرنەبەر و هەن فرت و فێڵ و زۆرزانی بەکاردێنن ، یاتیایاندایە سەبرگرن و بە سەبر دەجوڵێنەوەو هەن بەپەلەنو هەمووش رەنگە بەئامانج بگەن . یاخود دەشێ دوو مرۆڤ لە سڵکەرەوەکان ببینین کە یەکێکیان لە پرۆژەکانیدا سەرکەوتن بەدیدێنێ و ئەویتریان ژێرکەوتن . یا لەولای ترەوە دوو کەس بەدوو شێوەی جیاواز دەگەن یەك ئامانج ، یەکەمیان بەسڵکردنەوە و سەبرگرتن و ئەویتریان بە پەلەپەلکردن و سەرکێشی . ئەمانە هەموو جیاوازی ی رۆژگارن کەدەشی لەگەڵ شێوەی ڕێو شوێنەکەدا بگونجێیا نەگونجێ .ئەمەش وەك وتم ئەوەی لێدەوەشێتەوە کە دووکەس بەدوو شێوەی جیا لە یەکتر کردار دەکەن و کەچی دەگەنە یەك ئەنجام ، لەکاتێکدا دووکەسی تر بەیەك شێوە کردار دەکەن و یەکەمیان سەدەکەوێو دووەمیان سەرناکەوێ . هەروەها ئاڵوگۆر لە سەرکەوتن گەشەسەندیشدا هەر لە سەر ئەمە وەستاوە ، چونکە دەشێ رووبدا هۆیەکانی رۆژگارو بارودۆخ بۆ کەسێك کە بە وریاییو جوان بینییەوە کردار دەکا لەبار بێت و سەرکەوتن بەدەس بێنێ ، بەڵام زۆری پێنەچی ئەو هۆیانەی رۆژگارو بارودۆخ بگۆردرێن و ئەوەیش لەبەر نەگۆرینی شێوەی ئیشکردنی خۆی لێ بکەوێ . قەتیش رووی نەداوە مرۆڤێك هەبووبێ ژیروو وردبین بووبێ کەخۆی لە گەل هەموو ئەو هۆیانەدا

گونجاندبێ ، ئەویش یا لەبەر نەتوانینی خۆلادانە لەو شتانەی بە تەبیعەت حەزی لێ یانە ، یاخود لەبەر راهاتنی بە یەك جۆرە ڕێگای گەیشتن بە سەرکەوتن و نەتوانینی بە خۆ قایل کردن بۆ وازلێهێنانی . بۆیە ئەو کەسەی بەسەبر گرتن راهاتبێ ، وەختی کار پێویست بە خێراکردن بکا ، لە ئاستی خۆ لەگەڵ گونجاندنیدا خۆی بە دەستەوەستان دەبینێ و ئیتر بە دوایدا ماڵکاولی رووی تێدەکا . بەهەر حاڵ ئەگەر چی مرۆڤ لە توانای دایە بە پێی گۆرانی رۆژگارو بارودۆخ سروشتی خۆی بگۆرێ ،بەڵام قەدەر هەرگیز گۆرانی بۆنیە .

بۆ نموونە پاپا بۆلیۆسی دووەم لەگشت کردارەکانیدا کابرایەکی سەرکێش بوو، بەڵام رۆژگارو بارودۆخ لەگەڵ ئەو شێوە ئیشکردنەیدا دەگونجا ، بۆیە بەردەوام ئەنجامی باشی دەست گیر دەبوو .

بۆ نموونە با ئیستا لە یەکەم جەنگی بکۆڵینەوە دژی بۆلۆنا بەرپای کردوو هێشتا جیۆڤانی بێنتیڤۆگلی لە ژیاندا مابوو ، کە ڤینیسیاییەکان و هەروەها پادشای ئیسپانیاش لەو جەنگە رازی نەبوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشداو ئەنجامی ئەو مەیلی سەرکێشیە توندوتیژەی ، خۆی بەتەنیا ملی بە پەلاماردانەکەیەوە نا ئەم بزوتنەوەیەی بوە هۆی رارای لە هەڵوێستی ڤینیسیاییەکان و ئیسپانیادا ، ئەویش بەهۆی سڵکردنەوەی ڤینیسیاییەکان و ئارەزووی ئیسپانیاوە بۆ وەرگرتنەوەی تەواوی مەملەکەتی ناپۆلی لە لایەکەوەو توانینی راکێشانی پادشای فەرەنسا بۆ پاڵ خۆی لە لایەکیترەوە چونکە ئەمیش کەسەیری کرد وا ئەو ملی بەبزوتنەوەکەیەوە ناوە و بە نیازی دۆستایەتی بەستن لەگەڵیداو سەرپێ شۆرکردنی ڤینیسیاییەکان لە رێگەی ئەو دۆستایەتیەوە بریاریدا کە ناچارە و هەر دەبێ هێزێك بۆ یاریدەدانی بنێرێ ،بەبێ ئەوەشی رەتکردنەوەی بەکردەوەیەکی ناشیرین بداتەقەڵەم بەم جۆرە یۆلیۆس لە رێگەی سەرکێشی خۆیەوە توانی ئەوەی پاپا کانی تر بۆیان نەکرابوو لە رێگەی جڵەو گیری و ئەقڵ بەکارهێنانەوە بەدی بێنن ،ئەم بەدی بهێنێ خۆ ئەگەر چاوەروانی بکردایە تا هەرچی پێویست بوو دەکرا و پێش جێهێشتنی رۆماو کەوتنەرێ بەرەو جێ بەجێ کردنی پرۆژەکەی ، هەموو شت ساز ببوایە کە مسۆگەر هەر پاپا یەکی تر لە جێی ئەو بوایە وەهای دەکرد ، نەدەگەیشتە ئامانج و سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا ، چونکە پێگومان پادشای فەرەنسا هەزارو یەك بەهانی بۆ قایل کردنی بە پێویستی چاوەروان کردن بۆ دەدۆزیەوە کەسانێکی تریش هەزارەها ترس و خۆفی دڵی خۆیانیان پێرا دەگەیاندن ، منئیتر قسە لە کردارەکانی تری ناکەم کە هەموو لەم بابەتە بوون و هەمووش بەسەر کەوتن کۆتاییان هات ، بەڵام گومانیشی تێدانیە کە تەمەن کورتیەکەی لە تاقیکردنەوەی ژێرکەوتن بەدووری گرت، چونکە ئەگەر ژیانی درێژەی بکێشایە و ئانوساتی وەهای لەبەر دەمدا قەوتببونایەوە کە ناچاریان بکردایە بە وریایەیوئاقلانەوە کرداربکا ،مسۆگەر چارەنوسی ماڵ وێرانی دەبوو ، لە بەر ئەوەی لەوە دەستەوەستان تر دەبوو بتوانێ لەو رێ و شوێنانە لابدا کە بە تەبیعەت مەیلی بەلایاندا هەبوو .

ئیتر من کۆتایی بەقسەکانم دێنم و دەلێم گە بەخت ئالۆ گۆردەکا ، بەلام خەلکەکە رێو شوێنی خۆیان ناگۆرن و تائەو وەختەی رێوشوێنەکان لەگەڵ بارودۆخدا بگونجێن ،ئەوان لەسەرکەوتن دەبن و وەختێکیش لە گونجاوی دەکەون ، ئەوا ژێرکەوتن بەشیان دەبێ . هەروەکو من باوەرم وایە کە سەرکیچشی کردن لە سلکردنەوە باشترە ،چونکە بەخت وەك ئافرەت وایە ئەگەر ویستت دەستی بەسەر دابگریت دەبێ بەزۆر زەوتی‌بکەیت و ئەویش لەلای خۆیەوە ، ماوەی زەوت کردن بەپیاوی ئازا دەدا ،نەك بەو کەسەی لەسەر خۆو بەسەبرەوە لەگەلیدا دەجولێتەوە .بۆیە رەفتاری‌ی بەخت وەك رەفتاری ئافرەتە هەمیشە مەیلی بەلای لاوان دەچێ ، چونکە کەمتر سلّ دەکەنەوە و زیاتر چەتونن و بەبێ شەرمی‌و جەسارەتەوە بەخت دەکەنەمولکی خۆیان .

26

هاندان بۆ ئازادکردنی ئیتالیا

لەدەست دڕندەکان (98)

ئێستا دوای کۆلینەوە لە هەموو ئەو کاروبارانەی باسم کردن و دوای‌بیرکردنەوەیەکی زۆر لەوەی کە ئایا رۆژگاری ئێستای ئیتالیا بۆ سەرهەلدانی میرێکی نوێ لەبارە یان ناو ئایا ئەو بارودۆخەی کە لە ئارادایە ،هەلی بۆ پەیدابوونی پیاوێکی لێهاتووی بەشان وشکۆی ئەوتۆ نەرەخساندوە, رژێمێکی نوێ‌ی وەها بێنێتەوە کایەوە کە سەربەرزی بەوو خێرو خۆشی بە جەماوەری گەل ببەخشی‌ودوای ئەمانە وام بۆ دەردەکەوت کەگەلێ هۆ بۆ پشتگیری کردنی راست بوونەوەی حوکمڕانێکی نوێ هەن وبەشێوەیەکیش کەبۆ ئەم پرۆژەیە هێندە پەسەند ولەباران کەلە رابوردوودا وێنەیان نەبووبێ .وەك لەوەبەر وتم , ئەگەر بۆدەرکەوتنی بەهێزی‌ی مووسا , کۆیلەیەتی ئیسرائیلییەکان لەمیسرداو بۆ ئاشکرابوونی ئازایی ومەزنی‌ی کۆرش و چەوساندنەوەی فارسەکان لەلایەن میدی‌یەکانەوە و بۆ سەلماندنی بلیمەتی و گەورەیی تیسیۆس , پەرت پەرتی و پەراوازەبوونی ئەسینابیەکان پێویست بووبن وئەوا لەئیستادا بۆ دانان بە هێزداری‌ی بلیمەتێکی ئیتالیاییدا ودەبێ ئیتالیا لەو بارودۆخەدابێ کە لەحالێ حازردا تیایدایەو خەلکەکەی لە جوولەکە کۆیلەترو لە فارسەکان چەوساوەترو لە یۆنانی‌یەکان پەرتپەرتتر بن وەك هەن و پێشەواو رژێمیان نەبێو بەزێنراوو سەروەت و سامان تالانکراوو پەرت پەرت و زەلیل و ریسوا بن وەك ولاتەکەشیان لە هەمە شێوەو بابەت وێرانکاری و خاپوور بوونی بە خۆیەوە دیبێ وەك دیوێتی.

ئینجا هەرچەندە تیشکێکی هیوا خۆی نواند و نیشانی‌دا کە خودا مرۆڤێکی بۆ رزگارکردنی هەلبژارد ,بەلام ئەو مرۆڤە وەختێ گەیشتە پۆپەی سەربلندی وبەخت پشتی تێکردو کە لای خست .بەم جۆرە ولات لەوە نزیك بووەوە جوولەی ژیانی تێدا نەمێنێ و بکەوێتە چاوەروانکردنی ئەو مرۆڤە بتوانێ زامەکانی تیمار بکا و کۆتایی بە کاولکاری و تالانکردن لە لۆمباردیاداو چاو چنۆکی و زەوتکاری بە ئاشکرا لە مەملەکەتی‌ناپۆلی وتۆسکانیا بهێنێ و ئەو برینانەی چاك بکا کە لە دەمێکەوە کێم

وزوونیان هێناوەتەوە .بەڵێ ئەوەتا ئیتالیا ڕۆژانە لە خودا دەپاڕێتەوە کە یەکێکی بۆ بنێرێ و لەم پۆرخزی یە لەرادەبەدەرو گەوجێتی‌یە کوێرانەیە ڕزگاری بکا .ئەو ئامادەیەو بە پەرۆشەوەیە بچێتە ژێر هەر ئالآیەکەوەو بە مەرجێ یەکێك هەبێ ئالاکە هەڵبگرێ و بەرزی بکاتەوە .ئەو لەئیستادا , تکا و هیواو ئاواتی تەنیا هێندەیە کەبنەماڵە بەناوبانگەکەی تۆ ببینێ دەوری سەرکردایەتی‌کردن لە بزوتنەوەی ڕزگاری‌خوازی‌یەکەدا بگێرێ,بەتایبەتی کە هێز لە گەڵیدایەو سەرفرازیی پێدەبەخشێ‌و بەخت هاوسوێندێتی و خوداو کڵێسەشی لە تەکدان, چونکەئیستا بنەماڵەکەت فەرمانڕەوایی کڵێسە دەکەن وئەگەر تۆ بەردەوام ژیانی ئەو پیاوە ناودارانە و کردارە پڕ شانازی‌یەکانیانت لە یاد بن کە باسم کردن وئەوت لێنابێتە کارێکی ستەم و زەحمەت .جا ئەگەر چی ئەو بابەتە گەورەپیاوانە وێنەیان کەمە, بەڵام بەهەر حاڵ ئەو پیاوە مەردانە ئەم هەلەی ئیستایان بۆهەڵنەکەوتوە , چونکە پرۆژەکانیان لە پرۆژەکەی تۆ عادیلانەتر و ئاسانتر نەبوون خوداش هێندەی لەگەڵ تۆدایە لەگەڵ ئەواندا نەبووە. کەوابێ لێرەدا مەسەلەیەکی عادیلانە لە ئارادایەو شتێکیش عەدالەتی تێدابێ هەمیشەجوان دەنوێنێ‌و دەبێتەپێویستی‌یەك و هیچ هێزێك لە هەر بابەتێك بێ و لەهەر لایەکەوە ببزوێ ,لە توانایدا نابێ بیڕووخێنێ و اەناوی بەرێ. ئیرادە هەرە مەزنەکە هەر لەمەدایەو کە ئیرادەش هەبوو گرفت و زەحمەتی لە کایەدا نامێنێ و بە مەرجێك پەیڕەوی ئەو ڕێ‌وشوێنانە بکەیت کە وەك نموونە بۆتم هێنایەوە .جگە لەمانە ,خودا گەلێ مووجیزەی بێ وێنەی بەدی‌هێناون .ئەو زەریاکان ورێگایان خۆش وبەربەرەڵڵان,هەرشوێن هەنگاوی بۆ نیشانە کردوویت,ئاو لەبەردی رەقەوە هەڵقەڵاوەو ئاسمان بارانی سەبووری ە دڵدانەوەی باراندوەو هەموو شت بەشداری‌یان لە سازدانی گەورەییتدا کردوە ,تەنیا بە مەرجێك کە تۆ ئەوەی ماوەتەوە تەواوی بکەیت. خودا خۆی هەموو شت جێ‌بەجێ ناکا بەڵکوو ماوە بۆ ئیرادەی سەربەستمان دەهێڵێتەوە کەبکەوێتە کارورێگامان دەدا هەندێك لە سەر بڵندی‌یەکە بە نەسیبی ئیمە ببێ کە ئەو هەق وبەشی خۆمانە .

شتێکی سەیریش نی‌یە کە هیچ کام لەو ئیتالیایی‌یانەی لەوەبەر باسم کردن نەیتوانی بێ ئەوەی لە بنەماڵە سەربەرزەکەی تۆ چاوەڕوان دەکرێ بەجێ‌ی بێنێ. سەرهەڵدەدانی لێهاتوویی لەرووی سەربازی‌یەوە لەو شۆرشە زۆرانەداو لەو چەندین بزوتنەوە نیمچە سەربازی‌یانەدا کە لەئیتالیادا روویان داوە, لەوەوە هاتووە کە ڕێ وشوێنە کۆنەکان کەڵکیان نەبووەو کەسێکیش پەیدا نەبووە بتوانێ ڕێ‌وشوێنی نوێ بدۆزێتەوە .بۆیە داهێنانی یاسا و ڕێ وشوێنی نوێ لەلایەن مرۆڤی تازەهەڵکەوتووەو بۆی دەبێتە مایەی مەردایەتی‌یەکی بێ‌هاوتا .ئینجا وەختێکیش ئەم کاروبارانە لەسەر بنچینەیەکی دروست دادەنرێن ومانای مەزنی دەبەخشن, داهێنەرەکەیان بە ڕێزلێنان ودوست بەسنگەوە بۆ گرتن پێشوازی لێدەکرێ . هەروەکوو لەئیتالیادا ماوە بۆ داهێنانی هەر جۆرە ڕێك وپێکی‌یەکی نوێ بەربڵاوەو چاکەکاری لای هاوڵاتی‌یان هێجگار زۆرە ,ئەگەرسەرۆك و پێشەواکان خۆیان لێ‌ی بێ‌بەش نەبن .تۆ هەروا بڕوانە ئەو ڕمبازێن وزۆرانبازی‌یەی لە لایەن ژمارەیەکی کەم

رمبازو زۆرانبازانەوە دەكرێ و ئەوسا دەبینیت كە ئیتالیاییەكان لە بەهێزی و شارەزایی وزیرەكیدا چەندە لەپێشن .كەچی كە دەێینە سەر باسی لەشكرو سوپا ,دەبینین ئیتالیاییەكان تیایدا چەندە دواكەوتوون. ئەمەش بیگومان بە هۆی لاوازیی پێشەواكانەوەیە و ئەوانیشیان كە شارەزان تاعەت ناكرێن . دیارە هەموو كەس خۆی بە شارەزاو زانا دێتە بەرچاو ,بەتایبەتی لە حالەتی نەبوونی ئەو جۆرە پێشەوایەدا كە لە رێگەی ئازایەتی وبەختەوە بە بەیژەی مەزنیدا سەركەوتێ و تاعەتی خۆی بە سەر ئەوانیتردا سەپاندبێ . بەم شێوەیە دەبینین كە اە ماوەیەكی دوورو درێژەوەو لە هەموو جەنگەكانی ماوەی بیست ساڵی رابوردوودا ولە هەر شوێنیكدا لەشكرێكی ساغ ئیتالیایی هەبووبێ وئەو لەشكرە شكستەیی خۆی سەلماندوە,وەك لە تارۆو ئەسكەندەرییە و كاپواو جەنەواو ڤاییلا و بۆلۆنا و میستریدا رووی‌دا.

بەم پێیە ئەگەر بنەماڵە جوامێرەكەی ئیوە دەیەوەێ شوێن پێی ئەو پیاوە مەزنانە هەڵبگرێ كە ولاّتی خۆیانیان رزگاركردوە , ئەوا تۆ بەر لە هەمووشتێك وەك بناغەیەك بۆ هەر پرۆژەیەك لە پرۆژەكانت, لەسەرت پێویستە كە دەوری خۆت بە هێزیكی تایبەت بتەنیت,چونكە هیچ لەشكرێك لەم جۆرە لەشكرە دڵسۆزتر و راستگۆتر و تواناتر بۆ شەركردن نابیچ. هەروەكوو سەربازوكانی چەندە لەوەبەر ئازاو جەنگاوەر بووبن , كاتێ كە لەم لەشكرەدا یكدەگرن و بە چاوی خۆیان دەبینن چۆن میرەكەیان سەركردایەتی‌یان دەكا و دەینخاتە ژێر باڵی خۆیەوەو سۆزیان دەداتی ,ئەوسا چاكترو رێكەپێكتر دەبن وەك لەوەبەریان .بۆیە تۆ دەبێ هێزێك لەم بابەتە ئامادە بكەیت , هەتا بتوانیت بە هێزی تەنیا ئیتالیا خۆی ,لە رووی بیگانەدا پارێزگاری لە ولآت بكەیت .بۆ نموونە سویسرایی و ئیسپانیاییەكان ئەگەر چی بە جەنگاوەرێكی درِ دادەنرێن وبەلاّم هەر یەكەیان كەم وكوورِی خۆی هەیە ,لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی شێوەیەكی سێیەم بۆ رێك و پێكی و نەك تەنیا توانای بەرهەڵستی كردنیانت پێدەخشێ ,بەڵكوو وات لێدەكا لە زاڵبوون بە سەریاندا دڵنیا ببیت . ئیسپانیاییەكان بەرگەی هێرشی سوارەناگرن. هەروەكوو سویسراییەكانیش لە رووبەرووبوونەوەی ئەو هێزە پیادەیەدا كە بە جەسارەت و باوەرِ پتەوی‌یەوە پەلاماریان دەدەن ,سل دەكەنەوە .هەر ئەمەشە كە وەك تاقیكردنەوە سەلماندوێتی , بۆتە هۆی ئەوەی ئیسپانیاییەكان نەتوانن لە بەرامبەر هێرشی فەرەنسایەكاندا رابوەستن و سویسراییەكانیش لە رووی پیادەی ئیسپانیادا خۆیان پێرانەگیرێ .جا هەرچەندەنموونە بۆ دوا راستی قەت بەدەس ناكەوێ, بەلاّم هەندێ نیشانە هەن كە لەشەرِی راڤینادا [99] دەركەوتن, كاتێ پیادەكانی ئیسپانیا پەلاماری چەند هێزێكی ئەلەمانیایاندا كە لە سەر دەستووری لەشكرەكانی سویسرا رێكخرابوون و ئیسپانیاییەكان لە سایەی گورج وگۆڵی لەشیانەوەو ئەو یاریدەیەی چەك و قەڵغانەكانیان پێیدەبەخشین , توانی‌یان خۆیان بگەیەننە ناو ریزی ئەڵەمانیاییەكانەوە كە وایان لێ هات نەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بكەن و ئەگەر سوارەكانیان هێرشیان نەبردایەتە سەر ئیسپانیاییەكان ,ئەمان دەیانتوانی گشت ئەو هێزانەی ئەڵمانیا تێك

بشكێنن .ئیمە لەبەر ئەوەی کەمو کوورِیی هەر دوو ئەو بابەتە پیادەیە پێدەزانین , بۆمان هەیە بابەتێکی سێیەم پێك بهێنین کە لە وزەیدا هەبێ لە رووی سوارەدا خۆی رابگرێو لە پیادەش سڵ نەکاتەوە .ئەم بابەتەش دەتوانرێ لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بە باشی و لەرێگەی رێك وپێکیەوە بەدروستی ئامادە بکرێ ئیتر ئەمانە ئەوشتانەن کە ئەگەر تازەمیرێك هات و کاری پێکردن و نوێی کردنەوە ، مەزنی و شۆرت و ناو بانگ بڵاوییان پێ‌مسۆگەر دەکا .

دەبێ ئەم هەلەی ئێستا لەکایەدایە لە دەست نەچێ و ئیتاليا لەئەنجامیدا رزگارکەی خۆی بدۆزێتەوە .من لە توانامدا نییە وەسفی ئەو خۆشەویستی یە بکەم کە ئەو میرە رزگارکەرە لە هەموو ئەو ناوچانەدا دەیدرێتی کە لە ژێر چەنگی هێرشی داگیرکارانەی بێگانەدا دەردو سزایان چەشتوە، یا ئەو تینوێتیەبۆ تۆلەسەندنەوەو دڵسۆزیە چوسپاوەو فرمێسکی سوپاسیو ستایشو ئەمەکدارییەیدەیانبینێ ئەو گشت دەرگایەکی لەبەر دەمدا دەخرێتە سەرپشت و سەرجەمی گەل بەتاعەتکردن و دڵسۆزیەوە پێشوازی لێدەکەن و کەسێك نابینی حەسودی پێ بەرێ و تەنیا یەك ئیتالیای لە چوونەژێر ئالاکەیدا دواناکەوێ . ئەك دەستگرتنە درندانەیە بەسەرماندا ، لووتی هەموو مرۆڤێك دەچوزێنێتەوە . سا ئاخۆ بنەماڵە مەزنەکەت ، بە پشت بەستن بەچەکی ئازایەتی و هیواو ئاوات کە بەری ئیلهامی مەسەلە عادیلانەکەمانن ،بۆیهەڵدەکەوێ ئەم ئەرکە لە ئەستۆبگرێ هەتا ئێمەش بۆمان بلوێ لە ژێر ئالا شەکاوەکەتدا ، سەری نیشتمانمان بەرز بکەینەوە و بە سەرپەرشتی ئێوە ، قسەکەی پەترارك بێتە دی کە دەڵێ :

(ئازایەتی ئاخری هەر بە رووی تووڕەیی کوێرانەدا دەتەقێتەوەو کاتی شەرەکە پێش دەخا چونکە گومانی تێدا نییە ئەو نەریت و بەها رەسەنانەی کە دڵی ئیتالیاییەکانی رادەچەناند هێشتا نەمردوون)

کۆتایی هات

پەراوێزەکان :—

تێبینی :

ناوەڕۆکی ئەم سەرپەراوێزانە لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1– دەمەتەقێ – نیکۆلۆ مەکیاڤیللی – وەرگێڕانی خیری حماد – بێروت – چاپی دووەم – 1979 .

2– کۆمیدیای خواوەندی – ئەلیجیری دانتی – وەرگێڕانی حسن عیمان – لەپەراوێزەکان وەرگیراوە – چاپی دووەم – میسر – 1970 .

3– گەورەترین حیکایەتی جیهانی – لویس ئۆنتەر مایەر – وەرگێڕانی غانم الدباغ – بەتایبەتی پەراوێزەکانی – بەغدا – 1981 .

4– رۆمانی لۆکریشیا بۆرجیا – جوان هاسلیپ – حیلمی مراد(کتابی) – وەرگێڕانی زکی شنوودە – میسر .

5– عەرەب وجوو لەمێژوودا – دکتۆر احمد سوسە – چاپی دووەم – دیمەشق .

6– میدیا – ئی.ئێم. دیاکۆنۆف – وەرگێڕانی برهان قانع – بەغدا – 1978 .

7– ئەتلەسێکی نەخشەی ولآتانی جیهانی بەئەڵمانی – تایبەت بۆ قوتابیان – بۆ نەخشەکان وبۆ یاریدەدانی وەرگێڕ لەرووی جوگرافیایی یەوە سوودی لێ بینراوە .

8– دەقەکەی کتێبی (میر) بەزمانی ئیتالیایی – بەیاریدەی لاوێکی خوێندکاری کورد لەئیتالیاو بەیاریدەی نامیلکەی (چۆن فێری فێری زمانی ئیتالیایی دەبیت).

9– بنەماڵەی میدیتچی – Medici

سەرهەڵدانی ئەم بنەماڵەیە لەکۆڕی فەرمانڕەوایی کردنی شاری فلۆرانسادا ، لەکۆزیمۆ دی میدیتچی یەوەدەس پێدەکا کەلە ساڵی(1389 ز)دا لەدایك بووە وبۆتە سەروەری شارەکە وحوکمڕانی ی تێدا گرتۆتە مشت . ئەمەش لەئەنجامی دوو هەڵەدا بووە کە نیکۆلۆ دی ئۆزانۆی حوکمڕانی پێش ئەو کردوونی وبریتی بوون لە : یەکەم دەرك نەکردنی بەمەترسی ی پەرەسەندنی دەسەلآتی کۆزیمۆ لەوەخت وسەعاتی خۆیدا ودووەم دەرکردنی لەشارەکە بووە هۆی ئەوەی خەڵکەکە ناڕەزایی وتووڕەیی بەرامبەر ئەم کردەوەیەی نیکۆڵۆ دەربڕن وناچاری بکەن کەبنێرێ بەدوایداو بیهێنێتەوەو پایەوپلەیەکی وەهایشی بداتێ کەبۆخۆی ببێتە مایەی ماڵوێرانی وبۆئەو مایەی خێروخۆشی ، چونکە لەو رێگەیەوە میراتیی یەکەی لەچنگ دەرهێنا .

کۆزیمۆ لەساڵی (1469)مردووەو لیۆرانسۆی کوڕەزای(1449 – 1492)کەبەلیۆرانسیۆی مەزن ناودەبرێ جێگای گرتۆتەوە. ئەم لەماوەی حوکمڕانی یەکەیدا بەوە بەناوبانگ بووە کەزۆر بایەخی بەزانستی هونەرو ئەدەب داوەو تەنانەت ئەکادیمیایەکی بۆ خوێندنی زانیاری وئەدەبیاتی گەلانی دێرین دامەزراندوە کەدەورێکی کاریگەری لەراپەڕینی ئەورووپادا گێڕاوە وبایەخێکی باشی بەکاروباری چاپەمەنی داوە .

ئینجا هەر دوای مردنی لیۆرانسۆی مەزن بەدوو ساڵ , لەئەنجامی شۆڕشێکدا لەلایەن جەماوەری گەلی فلۆرنساوە , بنەماڵی میدیتچی لەمیراتی خراون ورژێمی کۆماری ی تێدا دامەزرێنراوەتەوە

کەقەشە جیرۆلامۆ سافۆنارۆلا بۆتە حوکمڕانی . کەئەویش لەساڵی (1498)دا ئیعدام کراوە ، بیارۆ سۆدیرینی ی دۆست وناسیاوی مەکیاڤیللی دەزگای حوکمی گرتۆتە دەست وهەرلەو ساڵەشدا ئەم وەزیفەی سکرتارێتی یەکەی ئەنجومەنی دراوەتێ .
بنەماڵەی میدیتچی ی دەربەدەرکراو بەرامبەر بەرژێمی کۆماری دەستەوەستان نەوەستان ,بەڵکو لەرێگەی دەست وپێوەندو لایەنگرەکانیانەوە بەنیازی دەسکیر خستنەوەی میراتییەکەیان ، بەردەوام پیلانیان لەدژ دەگێڕا , لەکاتێکدا سۆدیرینی دڵسۆزو دڵپاك وبێغەش وغایلە (وەك مەکیاڤیللی وەسفس دەکا)، تەقەلای دەدا دڵیان رابگرێ ولەبڕی جەزروبەلێدانیان سوودیان پێببەخشێ ویاریدەیان بدا . تالەئەنجامدا لەساڵی(1512)دا ، بەبۆنەی بەرپابوونی ئاژاوەو ئاشوبێکەوە لەشاروناوچەکەدا ، بنەماڵەی میدیتچی بەیاریدەی لەشکرێکی ئیسپانی ، فرسەتیان لەجمهوری یەتەکە هێناو رووخاندنیان ، سۆدیرینی هەڵات بۆ لای عوسمانلیەکان ودەسدانە نووسین بوو لەگوندی (سانتا کرۆس)ی شوێنی لەدایك بوونیدا کەکتێبی (میر)بووە یەکەمین بەرهەمی .
مەکیاڤیللی نووسیویە: "لەمەکیاڤیللی یەوە بۆلیۆرانسۆ مەزنی کوڕی بیاردۆ دی میدیتچی" . جائاخۆ ئەم لیۆرانسە مەزنە (کەدیارە لیۆرانسۆ مەزنەکەی کوڕەزای کۆزیمۆ نی یە)کێ یە؟! . ئەم لیۆرانسۆ ناوبراوە بەمەزن لەلایەن مەکیاڤیللی یەوە ، کوڕی بیارۆی کوڕی لیۆرانسۆی مەزن بووە کەوەختێ لەساڵی(1512)دا فەرمانڕەوایی فلۆرنسا کەوتۆتە دەست بنەماڵەکە ، ئەم لاوێکی تازە هەڵچوو بووەو مەکیاڤیللیش کابرایەکی لێکەوتوو یالێخراوی گۆشەگیرکراو بووە . جگە لەوەی کە دەگونجێ وای خستێتە خەیاڵی خۆیەوە گوایە ئەم لیۆرانسۆ لاوە , زۆری پێ ناچێ وبەتایبەتی ئەگەر ئامۆژکارییەکانی دوو توێی (میر)ی گرتەگوێ وپەیڕەوی کردن ، دەبێتە ئەو لیۆرانسۆ مەزنە ئەدەب وزانست پەروەرو راپەڕین خوازو پێشکەوتن نیازەو دواجار بەدی هێنەری ئەو هیواو ئاواتانەی بەرژێمی جەمهووری بۆی بەدی نەهات ولەساتی نووسینی ئەو پێشکەش کردنەدا , وەهای چەسپی بووە مێشکەوە کە دەشێ میراتی یەکەی نوێ ی لەبابەتی میراتی یەکەی لیۆرانسۆی مەزنی بۆ بەدی بهێنێ .
بەڵام ئەنجام بوە شکایەوە کەهیواو ئاواتەکەی سەبارەت بەم لیۆرانسۆیە بوونە خەیاڵێکی خاوو وەها دەرنەچووکەگوایە "ئەگەر بنەماڵە سەردارەکەت ویستی ..."پێویستە ئەم فرستە لەدەس نەدرێ وئیتالیا لەئەنجامدا رزگارکەری خۆی ببینێتەوە ومن لەوزەمدا نی یە وەسفی بکەم کەئەو رزگارکەرە چ خۆشەویستیەك و...""چ دڵسۆزیەکی مسۆگەرو چ فرمێسکێکی سوپاس وستایش لەچاواندا ..."هتد , دەبینێ .
لیۆرانسۆ مەزنەکی مەکیاڤیللی لەئەنجامدا ، هەر فڕی بەسەر فلۆرنساوە نەما. هەروەکو تەمەنیشی درێژەی نەخایاندو لەساڵی (1519)دا مرد .
(دەمەتەقێ – ل 403,330,28).

2– فرانسیسکۆ سفۆرزا :Francesco Sforza:–

(1401 – 1466 ز)لە بنەماڵەیەك بووە کەبەلێهاتوویی لەکۆڕی سەربازیدا ناسرابوون . فەرماندەی لەشکری فیلیپۆ فیسکونتی ی میری میلان بووەو بیانکای تاقە کچی ئەوی کردۆتە هاوسەری خۆی . وەختێ فیلیپۆ لەساڵی (1447)دا مردوە ،ئەم لەشەڕێکدا ڤینیسیاییەیە دوژمنە دێرینەکانی میلانی بەزاندوە بەدوایدا لەساڵی (1450)دا بۆتە میری میلان . فەرمانڕەوایەکی دادپەروەرو لایەنگیری زاناو ئەدیبان بووە . ئیتر لەدوای خۆیەوە حوکمڕانی کردنی میلان کەوتۆتە دەست وەچەکەی (دەمەتەقێ – ل 537).

3 – ناپۆلی Napole :

دەکەوێتە باشووری ئیتالیاوە , سەر بەکەناری دەریای ئێران . یۆنانیەکان پێش (2500)ساڵ بنیادیان ناوە وبە(نیاپۆلیس)ناویان دەبرد. بورکانی فیزۆف وکەلاوەکانی کۆنە شاری پۆمپی‌ی لێوە نزیکە. هەروەکو (ڤێرجیل)ی نووسەری (ئەنیادە)شی تێدا نێژراوە. (گەورەترین حیکایەتی جیهانی ل – 172 ، پەراوێز – 164).

4 – مەبەستی باسکردنی جەمهووری‌یەتە لەکتێبی (دەمەتەقێ)دا نەك لەشوێنێکی تری ئەم کتێبەدا (ح.ع).

5 – ڤینیسیا (بندقیە) –Venisia–:

دەکەوێتە باکووری رۆژهەلاتی ئیتالیاوە وسەر بەچەندین وردە دوورگەی کەناری هەرە سەرووی دەریای ئەدریاتیك . خاوەنی رابوردوویەکی هێجگار دێرینی رەسەنە . لەسەدەی نۆیەمینی زایینی‌یەوە بەدەریادا بەتایبەتی ، کەوتە پەلهاوێشتن وبلاوکردنەوەی دەسەلاتی خۆی وهەتا دەریای مەڕمەڕەی گەیاند. بەلام لەئەنجامی چەندین شەڕوشۆڕو جەنگ لەگەڵ عوسمانی‌یەکاندا ، لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە رووی لەکزی وبێدەسەلاتی کردو لەساڵی (1797)دا , بووە موڵکی نەمساولەساڵی (1866)دا بووە بەشێك لەئیتالیا. لەسەردەمی راپەڕینی ئەوروپادا ،بووبووە مەڵبەندێکی هێجگار مەزنی هونەروزانیاری . (گەورەترین... ،ل – 282 ، پ – 263).

6 – لویسی دوازدەیەم :

دوای مردنی پادشا شارلی هەشتەمی باوکی لەساڵی (1498)دا ، چووە سەر تەختی پادشایەتی وهەر خێرا بۆسەر لەنوێ دەس پێکردنەوەی پرۆژەکەی باوکی لەهێرش بردنە سەر ئیتالیاداو بەتایبەتی داگیرکردنەوەی میرایەتی‌ی میلان کەوتەوە خۆی وئەوەبوو بەئاسانی میلانی داگیر کردەوە . لەساڵ (1252)دا مردوە .

7 – لۆدۆڤیکۆ :Ludovico

لۆدۆڤیۆ سفۆررزایە . لەساڵی (1494 – 1500)دا میری میلان بووە . لە6/ئۆکتۆبەر/1499دا لەشکرەکەی لویسی دوازدەیەمی لەمیلان دەرپەڕاندەوە دەرەوە .

8 – ئاخىیەکان وئیتۆلی یەکان

دوو تیرەن کەیەکەمیان لەسەدەی چوادەیەمی پێش زاییندا بەروە یۆنان کۆچی کردەوە لەباشووریدا نیشتەجێ بووە . دووەمیشیان لەسەدەی پێنجەمی پێش زاییندا روویان کردۆتە یۆنان ولەباکووریدا نیشتەجێ بووە .(دەمەتەقێ – ل444 – پەراوێز).

9 – مەکدۆنیا Macedonia:

ناوچەیەکە دەکەوێتە شێوە دوورگەی بوڵگانەوە . بەرەوژوور لەدەریای ئیجە(ئەیون)ەوە بەنێوان ئەبیرۆس وتراکیادا هەڵدەکشێ وناوچەیەکی شاخاوییە. لەسەدەی حەوتەمی پێش زاییندا ، بەسەرکردایەتی بنەماڵەیەکی پەروەردەکراو بەرۆشنبیری گریکەکان(یۆنانیەکان) ، شێوە فەرمانڕەوایی یەکی تێدا دامەزرێنرا . لەساڵی(500 – پ.ز)دا کەوتە ژێر دەسەڵاتی فارسەکانەوە . بەلام لەسەردەمی فیلیپی باوکی ئەسکەندەرەوە ، دەست کرا بەفراوانکردنی سنووری مەملەکەتەو ئیتر ئەوە بوو بەدوایدا ئەسکەندەرری کوڕی , رووەو هەرچوار قوڕنەی ئەوسای دنیا پەلی هاوێشت وشارستانێتی گریکەکانی لەگەڵ خۆیدا تێدا بلاوکردنەوە . (گەورەترین... – ل61 , پ69).

10 – فیلیپ – Filipp

لەشوێنێکی تردا مەکیاڤیللی خۆی دەربارەی دەڵی:مەبەستم لەم فلیپە فیلیپی باوکی ئەسکەندەری گەورە نییە , بەڵکوو مەبەستم لەو میرەیە کەتیتۆس کۆنینۆس (کونسوڵێکی رۆمانەکانە)بەسەریدا زاڵ بووە . جالێرەشدا هەرمەبەستی لەو فیلیپەیە نەك باوکی ئەسکەندەر .(ح.ع).

11 – ئەنتیۆس

پادشای ئەنتاکیە وسووریاوهەندێ بەشی تری ئاسیای بچووك بووە . هەروەکو گەلێ پادشای تریش بەم ناوەوە هەن کەدوای ئەو حوکمڕانی یان کردوە : (دەمەتەقێ – ل430).

12 – شارل Charle

(1470 – 1498). شارلی هەشتەمەو باوکی لویسی دوازدەیەمە . بەنیازی سەندنەوەی شاری ناپۆلی کەلەوەبەر ژێر دەستیان بووە , لەساڵی 5941 دا پەلاماری ئیتالیایدا . بەلام زۆربەی میراتیەکانی ئیتالیا لەبەرەیەکدا پێکەوە رووبەڕووی وەستانەوەو ئیتر بەو نیازەی لەفرسەتێکی تردا پەلامار بداتەوە , ناچار کشایەوە دواوە . بەلام ئەوە بوو ئەو بەسەریدا مردو لویسی کوڕی رێبازەکەی ئەوی گرتەبەرو پەلامارەکەی دایەوە . (دەمەتەقێ – پێشەکی‌یەکی لیسای ووکەر – ل 33 – پەراوێز).

13 – فلۆرنسا Firenze

شارێکی بەناوبانگی ئیتالیایەو دەکەوێتە ناوەڕاستی‌یەوە . لەرووی سیاسی‌یەوە شوێنێکی باڵای لەمێژووی ئیتالیادا داگیر کردووە , بەتایبەتی لەدەوروبەری سەردەمی ژیانی مەکیاڤیللی خۆیدا . هەروەکوو مەڵبەندێکی گەورەی ئەدەب وهونەر وڕۆشنبیری‌ی سەردەمی راپەڕین بووە لەئەورووپادا (ح.ع).

14 – مارکیزی (مانتۆ) – Mantwa

مەبەست لەمارکیز فرانسیسکۆ جۆنزاجایە کەمیری شاری مانتوا بووە . بنەماڵەکەشی (جونزاجا)لەبنەماڵە سەرداره دێرینەکانی ناوچەکە بوو. لەگەڵ بنەماڵەی بۆرجیادا (کەلە دواییدا ناویان دێ) وبەتایبەتی سیزار (قەیسەر برجیا) دوژمن بەیەکتر بوون. بەڵام لەساڵی (1504)دا وەختێ سیزار کەوتۆتە نەهامەتی‌یەوە ئەمیش کەوتبووە دوای خۆشەوسیتی‌ی لۆکریشیای خوشکی سیزارەوە , تەقەلای داوە یاریدەی بداو بەڵام هیچی بۆ نەکراوە . (رۆمانی لۆکریشیا بۆرجیا – ل 42 , 87 , 175).

15 – دۆقی فیرارا – Ferrare

مەبەست لەدۆق ئێرکۆل دیستەیە کەمیری شاری فیرارا بووەو پاپا ئەلیکساندەری شەشەم (رۆدریجۆ بورجیا وەك لەدواییدا ناوی دێ) , بۆ ئامانجێکی سیاسی ولەسەر داخوازی خۆی , لەساڵی (1502)دا لۆکریشیای کچی داوە بەئەلفۆنسۆی کوڕی دۆق ئێرکۆل . ئەمە دوای ئەوەی کەهەر بۆ هەمان ئامانج , دوو جار کردبوویە دەسگیرانی دوو میری ترو دوو جاریشی بەدوو میری تری بەشوو دابوو. (رۆمانی لویشیا بورجیا).

16 – بێنتیڤۆگلی – Bentivogli

مەبەست لەجیۆڤانی بێنتیڤۆگلی‌یە (1443 – 1508)کە میری شاری بۆلۆنا بووەو ئەمیش یەکێکە لەشارە ناودارەکانی ئیتالیا . بنەماڵەکەی (بێنتڤۆگلی) بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ فەرمانڕەوایی شارەکەیان کردوە . ئەم لەساڵی (1464)دا تەختی میراتیی‌یەکەی باوکی کەلێی زەوتکرابوو سەندۆتەوە وحوکمڕانی‌ی بۆلۆنای گرتۆتە دەست . ئەگەرچی بایەخی بەهونەروئەدەب وزانیاری داوەو بۆڵنای کردۆتە شارێکی جوان ، بەڵام دڵرەق وبێویژدان وئازار بەخش بووە . دوای (44)ساڵ حوکمڕانی کردن ، پاپا یۆلیۆسی دووەم لەساڵی (1506)دا لەشەرەکە دەری پەڕاندوەو هەڵاتوە بۆ میلان ولەساڵی (1508)دا لەوێ مردوە. (دەمەتەقێ – ل 310).

17 – خانمی فۆرلی – Furli

ناوی(کاترینا ریارۆسیفۆرزا)یە . ئافرەتێکی جەربەزەوبەکاربووە . وەختێ جیرۆلامۆی میری شاری فۆرلی بووە کوژراوە , ئەم خۆی لەجێگەی داناوەو بۆتە میری شارەکە . مەکیاڤیللی لە(دەمەتەقێ)دا حیکایەتەکەی بەم جۆرە دەگێڕێتەوەو دەڵێ : ((هەندێ لەپیلانگێڕان لەهاوڵاتی‌یانی

فۆرلی ، جیرۆلامۆی میرەکەی خۆیان کوشت وژن ومنداڵەکانیان بەدیل گرت . ئەوان ژیانیان هەر لەمەترسیدا دەبێ . بۆیە کاترینا بەڵێنی بەپیلانگێڕاندا کەئەگەر ماوەی بدەن بچێ بۆناو قەڵاکە ، تەقەڵا دەدا بەدەستیانەوە بدرێ. پیلانگێرەکان منداڵەکانی کاترینایان بەبارمتە گلدایەوەو ڕێگەیان دا خۆی بڕوا بۆناو قەڵاکە . بەڵام هەر هێندەی پێی نایە ئەودیو شورەکانییەوە , دەستی کرد بەجنێوپێدانیان وهەڕشەلێکردنیان بەتۆڵەسەندنەوەیەکی وەها لێیان کەرەچەڵەکیان ببڕێتەوە . ئینجا بۆئەوەشی پێیان بسەلمێنێ کەهێندەی نووکی دەرزییەك گوێ ناداتە منداڵەکانی ، بەبەرچاویانەوە خۆی رووت وقووت کردەوەو هاواری لێکردن کەباش سەیری بکەن وببینن ودڵنابن کەچۆن دەتوانێ چەندین منداڵی تر بێنێتە بەرهەم . ئەم دیمەنە زمانی پیلانگێڕەکانی لەگۆخست و وای لێکردن ئانوسات تێبگەن کەچ هەڵەیەکی گەورەیان کردوەو دوایش ئەنجامی ئەو کەم ئەقڵی ونابینایی‌یەیان , دەربەدەری بوو لەشارەکەیان بۆهەتا هەتایە (دەمەتەقێ – ل 622 , 623).

دیارە بەدوای ئەم حیکایەتەدا بووە کەکاترینا بۆتە خانمی فۆرلی وحوکمڕانی ئەو میرایەتی‌یەو ئیتر لەو وەختەدایە کەلەکاتی هێرشەکەی لویسی دوازدەیەمدا بۆسەر ئیتالیا(1498) , لەگەڵ ئەو میرانەی تردا کە مەکیاڤیللی لەگەڵیدا ناوی بردوون ، ملی بۆ کەچ کردوە . هەروەکوو دوایی تر قەیسەر بۆرجیا (سیزار)هێرشی بردۆتە سەری ودوای ئەوەی زۆر ئازایانە بەرگری لەشارو قەڵاکەی کردوەو لەرووبدا جەنگاوە ، لەلایەن بۆرجیاوە بەدیل گیراوەو ئیتر لێرەوە رۆمانی(لۆکریشی بۆرجیا) وەك هەر رۆمانێك – بەدووروودرێژی لەپەیوەندیی نێوان خانمی فۆرلی دیل وقەیسەر بۆرجیای سەرکەوتوو دەدوێ . (ح.ع) .

18 – سەرداری فایینزا – Faenza

مەبەست لە(مانفریدی)ی میری فایینزایە کەلەهەرەتی لاوێتیدا بووەو دوای ئەو خۆبەدەستەوەدانەی بۆلویسی دوازدەیەمی پادشای فەرەنسا ، کەسەیری کردوە وا قەیسەر بۆرجیای هاوپەیمانی لەگەڵ فەڕنسایی‌یەکاندا ، بەپشتی ئەوان بەراست وچەپدا هێرش دێنێ وپەلامار دەدا ، وای بەچاك زانیوە خۆی وشارەکەی بدابە دەست بۆرجیاوە . کەچی هەر بۆ رۆژی دوایی لاشەکەی لەرووباری (تیبەر)دا بینراوەتەوە (لۆکریشیا بۆرجیا – ل157).

19 – سەرداری پیزارۆ – Resaro

مەبەست لەجیۆڤانی سفۆرزایە (1466–1510)کەلە بنەماڵەی سفۆرزای حوکمڕانانی میرایەتی میلان وبرازای کاردینال ئەسکانیۆ بووەو بۆتە میری شاری پیزارۆ کەدەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیك . پاپا ئەلیکساندەر بەتەماعی مسۆگەرکردنی شوێنە ستراتیژی‌یەکەی شارەکەی ، لەساڵی (1493)دا لۆکریشیای کچی لێ مارە کردوە . بەڵام دوایی تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵ کەپیاوەتی‌یەکەی تەواو نی‌یەو کچەکەی لێ سەندۆتەوەو داوێتی بەئەلفۆنسۆی کوڕی میری ناپۆلی . (لوکریشیا بۆرجینا – ل 40 – 42 ، لەزۆر لاپەڕەی تریشدا ناوی هاتوە) .

20 – پیزا – Pisa

لەناوچەی تۆسکانیاداو نزیك فلۆرنسایە . دەکەوێتە سەر رووباری ئەرنۆ . شوێنی لەدایك بوونی گالیلۆیە . لەسەدەی یازدەیەمدا بەو هێزە سیاسی وبازرگانی‌یەی هەیبوو ، ململانێی لەگەڵ ڤینیسیاوجەنەوادا دەکرد . لەپێش جەنگی جیهانی‌ی دووەمدا ، لەنواندنی هونەری رۆمانیو جوتیدا ، بەیەکێك لەشارە نمونەیی‌یەکان دادەنرا . بەڵام جەنگ ئەو شوێنەوارە مێژوویی‌یانەی هەموو وێران کردن وئێستا تەنیا کاترانی‌یە کۆنەکەی وبورجە خوارەکەی لەکڵێسەی‌سانتا ماریی‌یای تێدا ماون (گەورەترین .... ، ل –301 ، پ – 279) .

21 – سییەنا – Siena

نزیك فلۆنسایە . دەکەوێتە بەری لای رۆژئاوایەوەو دەکیلۆمەتر لێوەی دوورە . (دانتی – کۆمیدیای خواوەندی – بەهەشت – ل 316 – پ 42) .

22 – بنەماڵەی بۆرجیا – Boryja

سەرهەڵدانی بنەماڵەی بۆرجیا لەکۆڕی سیاسەتدا لەرۆمادا ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەم وەختێ ئەلفۆنسۆی دووەمی پادشای ئاراگۆن ، خۆی کردە پادشای میراتی‌ی ناپۆلیش وئەلفۆنسۆ بۆرجیا ناوێکی لەگەڵ خۆیدا هێناو کردی‌یە نهێن پۆش وکارگێڕی کۆشکەکەی خۆی کەیەکێك بووە لەدۆستانی وراوێژکاری کاتدرائی‌یەتی (لیریدا) .

ئەلفۆنسۆ بۆرجیا بەرەبەرە پایەوپلەی بەرزبووەو تالەئەنجامدا لەساڵی(1445)دا تاجی پاپایەتی نایەسەری وئیتر بەدوایدا کەوتە نزیك خستنەوەو دامەزراندنی کەس وکارو ناسیاوانی خۆی لەبەڕێوەبردنی کاروباری ڤاتیکاندا ، بەتایبەتی دوو برازاکەی (پیدرۆ لویس)و(رۆدریجۆ بۆرجیا).

ئینجا لەو دووانە پیدرۆیان هەر زوو دوای مردنی مامی ئەستێرەی بەختی کوژایەوەو لەلاەین جەماوەری گەلی شاری رۆماوە لەشارەکە دەرکراو هەڵات بۆ ئیسپانیای وڵاتی باووباپیرانی . لەکاتێکدا رۆدریجۆ خۆی ئاخنی بووە ناو ڤاتیکانەوەو چاوەڕێی کرد تاگێژەڵووکەکە رەوییەوە . ئەوسا چووەوە سەر شانۆو توانی بەبەهرەداری ولێهاتووی خۆی ببێتە راوێژکاری چوار پاپای یەك لەدوای یەکدا کەبیۆسی دووەم وپۆلی دووەم وسیکستۆسی چوارەم وئەنۆسینتی هەشتەم بوون .

رۆدریجۆ لەو ساڵانەدا وردە وردە وای لێهات کەلەداوی پاپاوە بووە یەکە دەسرۆیشتووی ناو ڤاتیکان ، چونکە کرایە کاردینالی ڤالنسیاو ئەسقەڤ ئۆبۆرتۆو مەترانی سوبیاکۆ ، ئەمە جگە لەراوێژکاری‌یە بەردەوامەکەی ڤاتیکانی . تاوەختێ پاپا ئەنۆسینتی هەشتەم هاتە سەر مردن ، ئەو بووبووە بەهێزترین کەسێك بۆ هەڵبژاردنی بەپاپا وئیتر لەبەرەبەیانی رۆژی 11/ئابی/1492 دا ، بەناوی ئەو ئەلیکساندەری شەشەمەوە کە مەکیاڤیللی لە(میر)دا هێندە باسی دەکا ، کرا بەپاپاو تاجی پاپایەتی‌ی نرایە سەر .

هەروەها ئەو رۆدریجۆیە (واتا پاپا ئەلیساندەری شەشەم) ، چوار منداڵی ناشەرعی لەفانۆتزای دۆستی هێنانە دنیاوە کەپیدرۆو سیزارو جانب ولۆکریشیا بوون کەئەمیان کچ بوو . لەوانەش ئێمە لێرەدا سیزەرمان مەبەستە کەلە ساڵی(1475)دا لەدایك بووەو دوایی بوو بەدۆق فالینتینۆ و دوایی تر ناوی بەقەیسەر بۆرجیا دەرکردو ئەوەیە کە مەکیاڤیللی لە کتێبەکەیدا زیاتر لەباوکی باسی کردووە و لەگەڵیٚ شوێندا ئیشارەتی بەکردارەکانی داوەو نموونەی لەسەر هێناوەتەوە.

لەرۆمانی (لۆکریشیا بۆرجیا) دا کە بەرۆمانێکی مێژوویی دادەنرێ و نووسەرەکەی پشتی بەبەڵگەی نووسراو بەستووە, قەیسەر بۆرجیای وەك پیاوێکی هێجگار دڵڕەق و جەربەزەو بێ ویژدان و داوێن پیس نیشان داوە, بگرە لەدوو باوکە و دوو کوڕ و کچەکەی تریشی هەروەها دەدوێ. بەڵام ئاشکرایە مەکیاڤیللی زیاتر لایەنە سیاسیەکەی ئەم بنەماڵەیەی مەبەست بووەو بەتایبەتی کۆشش و تەقەلادانی بۆرجیا بۆ دەست گرتن بەسەر میراتییەکانی تری ئیتاڵیاداو یەکخستنیان لەیەك دەوڵەتدا.

دوا جار دەمەوێ بڵێم مەکیاڤیللی ئیشارەتی بەچۆنێتی کۆتایی هاتن و مردنی بۆرجیا نەداوە, بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەدا باسێکی بکەم. دەوترێ کە لەئێوارەی/ئابی/1503 دا, باوکە و کوڕە پێکەوە داوەتی کاردینال کۆرنیتۆ بوون. بەڵام بۆ رۆژی دوایی هەر بەیانی زوو هەواڵێك بەناو شاری رۆمادا بڵاو بۆتەوە کە هەردووکیان نەخۆشن و لەجێگەدا کەوتوون. (مەکیاڤیللی خۆی ئیشارەتی بەم نەخۆشی یەیانی پێکەوە داوەو لەزامنی بۆرجیاشەوە قسەیەکی دەگێڕێتەوە کە دیارە دەبێ دوای چاك بوونەوەی دیبێتی و ئەو قسەیەی بۆ کردبێ). ئینجا وا بڵاوبۆتەوە کە ئەوان ویستوویانە کاردینال دەرمان خوارد بکەن و خزمەتکارە بەکرێ گیراوەکە سەری لێ تێکچووە. بەڵام ئەگەر ئەمە وابێ دیارە پێچەوانەکەی راست ترە.

23- دەوترێ گوایە ژنەکەی خۆی (ئان دی ڤالوا) زۆر ناشیرین بووە و کە ی مردنی شال چۆتە سەر تەختی پاشایی, ویستوێتی ئەو ژنەی تەڵاق بداو بێوەژنەکەی شارل (ئان دی بریتانی) کە زۆر جوان بووە, مارە بکا. دیارە ئەوەش پێویستی بەرێگەپێدانیکی تایبەتی هەبووە لەلایەن پاپاوە.

24- قەیسەر بۆرجیا – Caesar Borgia

بڕوانە پەراوێزی ژمارە (22 – بنەماڵەی جۆرجیا)

25- ئەسکەندەری گەورە – (362 – 330 پ.ن)

پادشای هەرە بەناوبانگی گریکەکانە. لەماوەیەکی زۆر کورت و بەتەمەنێکی کورتەوە, ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوانی دامەزراندووە, بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی لەساڵی (331 پ.ن) دا بەسەر دارای پادشای فارسەکانداو داگیرکردنی وڵاتەکەی. دوای مردنی, سەرلەشکرکانی لەناو خۆیاندا تێکچوون و ئەمانیش لەماوەیەکی کورتدا, ئیمپراتۆریەتەکەیان پەرت پەرت کردو پووکاندیانەوە.

26- دارا – Darus

مەبەست لەدارای سێیەمە کە هاوچاخی ئەسکەندرەی گەورەو پادشای فارسەکان بووە. لەسالآنی (335 – 330 پ.ز) دا حکومڕانی کردوە. لەساڵی (331 پ.ز) دا لەدوا شەڕی قورسدا کە نزیک شاری ئەربائیلۆ (هەولێر) لەنێوان هەردوو لەشکرەکەیاندا قەوماوە, شکستی هێناوە و کشاوەتەوە بۆ ئەکباتان (هەمەدان)ی پایتەختی و تەقەلآی داوە بۆ بەرگرتن لەهێرشی ئەسکەندەر, سەر لەنوێ لەشکر دروست بکاتەوە, بەلآم پێڕانەگەیشت و بەدوایدا ئەسکەندەر ولآتەکەی داگیر کردو خستیە ژێر دەسەلآتی خۆیەوە. (میدیا – ئی.ئێم.دیامۆنۆف.ل – 603 – 612).

27- پیرۆس – Pyhrhus

(318 – 272 پ.ز). لەسالآنی (295 – 272) دا پاشای مەملەکەتی (ئیپییۆس) بووە کە دەکەوتە سەر کەناری رۆژئاوای ولآتی یۆنانەوە. لەساڵی (283)دا هێرشی بردۆتە سەر مەکدۆنیا و داگیری کردووەو بەلآم لێی دەرپەڕێنراوە. دوای ئەوە پەلاماری ئیتاڵیای داوەو لەچەند شەڕێکدا بەسەر رۆمانەکانا زاڵ بووە, تا لەساڵی (275)دا بەزاندوویانە. ئینجا جارێکی تر مەکدۆنیای داگیر کردوە. بەهەر حاڵ ئەنجامی بەوە شکاوەتەوە کە بنمیچی خانوویەکی بەسەردا رووخاوەو کوشتوێتی.

(گەورەترین ... ل – 146, پ 136)

28- سپارتا – Sparta

دەکەوێتە ناو دۆڵێکی فراوانی بەپیتەوەو لەخوارووی نیمچە دوورگەی (پیلۆپۆنین)دایە. چەند تیرەیەکی سەر بەنەژادی دووری یەکان لەباکوورەوە بەرەو خوار هاتوون و بەدەم شەڕەوە خەڵکی ناو دۆڵەکەیان لێ دەرپەڕاندووە, یاخود کردۆتە کۆیلەی خۆیان و لەبڕی ئەوان تیایدا جێگیربوون. ئینجا داوی ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ ئەو خەڵکەیدا لەزۆرانبازیدا بوون, کار وا شکاوەتەوە کە لەگەڵیاندا یەکیان گرتووە و چونەتە ژێر رکێفی دوو پادشاوەو بەهاوبەشی حکومڕانییان کردوون. بەدوایدا ئیتر لاکۆنیاو میکینایان داگیر کردووە و دەسەلآتیان پەرەی سەندووە. رژێمی فەرمانڕەوایی لەسپارتادا بەتوندو تیژی پتەوی و بەمەشقی سەربازی بەناوبانگ بووەو زۆریش لەگەڵ دەستووری دیمەکراتیانەی ئەسینادا جیاوازیی هەبووە.

(گەورەترین ... ل – 41 – پەراوێز – 36)

29 – ئەسینا – Athene

پایتەختی ئێستای یۆنانە . لەناوەڕاستی سەردەمی برۆنزیدا بنیادنراوەو دەوترێ گوایە (سیکرۆبیس)بنیادی ناوە . لەسەرتای دامەزراندنیدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە . بەلآم لەدواییدا وردە وردە نەش ونمای کردوە . تالەکۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زایینـدا لەسەردەمی (بیزیستراتۆس)و کوڕەکانیدا , لەرووی بازرگانییەوە گەشەی سەندووە . ئینجا وەختێک فارسەکان

داگیریان کرد , لەساڵی(480 – پ.ن)دا سوتاندنیان وکاولیان کرد . بەڵام دوای دەرپەڕاندنیان ، لەسەردەمی (برکلیس)دا ئاوەدان کرایەوەو ئەمجارە بەوپەڕی وەستایی وفەنتازیەوە ، پەرستگاو کۆشکە داڕووخاوەکانی سەر قەڵای (ئەکروپۆل)یان بەیاریدەی گەلێ ئەندازیاری لێهاتوو دروست کردەوەو بەوە بووە شارێکی زۆر جوان ودڵگیر . هەروەها شارەکە بەناوی (ئەسینا پالاس – Athene Pallas)ی داڵدەدەرییەوە ناونراوە کەکچی (زیوس)ی ژنەخوداوەندی گەورەی خوداوەندەکانە .

(گەورەترین ... ل – 13 – پ – 4)

30 – تیبە – Thebe

دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتی یۆنانەوە وئێستا(تیڤا – Teva)ی پێدەوترێ . لەکۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە , لەگەڵ ئەسینادا کەوتە دوژمنایەتی کردن ولەجەنگدا یاریدەی فارسەکانی دەدا . هەروەکو لەجەنگەکانی پیلۆپۆنیزدا یاریدەی سپارتییەکانی داو دواجار لەساڵی (394 – پ.ن)دا , چووە پاڵ ئەو دەستە دەوڵەتەی دژ بەسپارتا جەنگان وبەسەریدا زاڵ بوون . بۆ ماوەیەکی زۆریش سەروەریی گشت وڵاتانی یۆنانی کردوە .((گەورەترین ... ل – 75 – پەراوێز – 80).

31 – کاپوا – Capua

دەکەوێتە باشووری ئیتالیاوە , سەرووی شاری ناپۆلی ونزیک دەریای ئێران . هانیباڵی کرتاجەیی لەساڵی(215 – پ.ن)دا داگیری کردو خۆی ولەشکرەکەی تیایدا بەرابواردنەوە خەریک مان و ورەی شەڕکردنیان نزم بووەو کەلە ئەنجامیدا ڕۆماکان پەلاماریان دان وزەفەریان پێبردن .

(گەورەترین ... ل – 164– پ – 152).

32 – کرتاجە – Carthage

لەنزیك کەنداوی (توونس)ی ئێستادا بووە . لەلایەن فینیقییەکانەوە بنیادنراوە . دوژمنێکی گەورەی ڕۆما بووەو بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەریای سپیی ناوەڕاست ، مل ملانێی لەگەڵدا دەکرد ، خاوەنی هێزێکی دەریایی فراوان بووەو لەسەرەتادا بەبازرگانی بەناوبانگ بووە . بەڵام لەزەمانی هەردوو سەرکردەی ناوداریدا (هامیلکارو هانیباڵی کوڕی) ، بەهێزی سەربازی کەوتە پەل هاوێشتن بەهەموو باکووری ئەفریقاداو ئینجا ئیسپانیاو تەنانەت تانزیك ڕۆماش ، بەنیازی داگیر کردنی ولەناوبردنی ئیمپراتورێتی ڕۆما کشا . بەڵام ئەو ئامانجەی بۆ نەهاتەدی .

(گەورەترین حیکایەتی ... بەڵێنی کوشندە – ل – 154).

33 – مووسا – Mose

لەسەدەی سیازدەیەمی پێش زاییندا ژیاوە . دەوترێ گوایە لەدەرباری فیرعەونەکاندا پەروەردە بووەو بۆتە پێشەوایەکی سەربازی ولەشەڕێکدا بەسەر حەبەشەدا زاڵ بووەو لەئەنجامیدا (تەربیس)ی

کچی پادشاکەیانی مارەکردوە . لەسەردەمی فیرعەون رەعمەسیسی دووەمدا (1300 – 1272 پ.ن)بە خۆی وتاقمەکەیەوە میسری جێ هێشتوەو رووی کردۆتە فەلەستین وتیایدا جێگیر بووەو ئایینەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە (عەرەبو جوو لەمێژوودا – أحمد سوسە – ل گ گ – كك).

34 – کۆرش – Cyrus

بەکۆرشی گەورە ناوی دەبرێ . ساڵی(528 پ.ن) مردوە . دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتی فارسەکانە . سەرەتا بەبەرپاکردنی شۆرشێك دژی پادشای مادەکان دەستی پێکردو خۆی کردە خاوەنی تاج وتەختەکەی . بەدوایدا ملی بەبەرپاکردنی چەندین جەنگەوە ناو لەئەنجامیاندا ئاسیای ئەو رۆژگارەو وڵاتی میتۆپۆمیاو سووریاو فەلەستینی داگیر کردو ئیمپراتۆرێتی فارسەکانی لێ پێك هێنان . هەر ئەویش بوو ئەو جوولەکانەی کەنەبوخت نەسر گواستبوونی‌یەوە بۆ بابل ، گەڕاندنی‌یەوە بۆ ئۆرشەلیم .

35 – رۆومۆلۆس – Romulus

لەپادشا مەزنەکانی سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆرێتی رۆمایە . هەندێ لەمێژوو نووسان دەڵێن ئەو شاری رۆمای بنیاد ناوە . بەڵام گومان لەوەدا نی‌یە کەئەو یەکەمین پادشا بووە ئەنجومەنی پیرانی لەرۆمادا پێك هێناوەو گەلێ یاسای بۆ رێکخستنی کاروباری دەوڵەت داناوە کەپادشا نۆمای دوای ئەو پەرەی پێداون وئیتر ئەو یاسایانە بوونەتە بناغەیەکی پتەو بۆ رۆژگاری دوای خۆیان(دەمەتەقێ – ل215 ، 251 , 260) . هەروەها دانتی لەکۆمیدیای خواوەندی‌یەکەیدا (بەهەشت سروودی هەشتەم)ناوی دەباو دەرباری دەڵێ :(یا لەپشتی باوکێکی کەساس ، کویرینۆسێك لەدایك ببێ کە بکرێتە کوڕی مارس). کویرینۆسیش ناوێکی مەزنی‌یە کەرۆمانەکان بە رۆمۆلۆسیان بەخشیوەو بەکوڕی خواوەند مارسیان داوەتە قەڵەم . (کۆمیدیای خواوەندی – بەهەشت – ل 183 – پەراوێز – 111).

36 – سیزیۆس

قارەمانێکی ئەفسانەیی گریکەکانە . ئیجیۆسی باوکی پادشای ئیتیکا بووە . ژیانی قارەمانانەی خۆی بەکوشتنی گای ماراسۆنی دەس پێکردوە . هەروەکوو یەکێك بووە لەو حەوت لاوەی کەهەموو ساڵ خەڵکی ئەسینا دەیانناردن بۆ کریت تا ئەژدەهاکەی قووتیان بدا . بەڵام (ئەردیان)دوای ئەوەی ئاشقی بووە ، شمشێرێکی داوەتێ وئەژدیهاکەی پێ کوشتوە . ئینجا کەگەڕاوەتەوە بۆ ئەسینا بووە بەپادشاو ناوبانگی بەکرداری لەرادەبەدەری توانای ئادەمیزاد دەرکردوە(دەمەتەقێ – ل211 – پەراوێزی وەرگێڕەکەی) .

بەڵام مەكیاڤیللی خۆی هەر لە(دەمەتەقیٚ)دا دەربارەی دەڵیٚ: ((سیزیۆس سەركردایەتی گرتە دەست وفەرمانی بەخەڵكی شاری ئەسینای پەرت وبڵاودا كەشارەكە بنیاد بنێن وتیایدا گردینەوە)) . (دەمەتەقیٚ – هەمان لاپەڕە) .

37 – ڕۆما

یەكەم شوێن كەوا زەن دەكریٚ ڕۆمای لەسەر بنیادنراوە ، گردێكە كە پێیدەوتریٚ (بالاتین)و ڕووباری تایبەری بەدامێندا تێدەپەڕیٚ و(24)كیلۆمەتر لەدەریاوە دوورە . دەوتریٚ گوایە ئەوە لەساڵی (753 – پ.ن)دا بووە . ئینجا لەسەردەمی ئۆگستۆسی یەكەم ئیمپراتۆری ڕۆمادا , لەدەوروبەری (27 – پ.ن)دا كەدانیشتووانی ئەو وەختە لەو پەڕی دەسەلاٚتداریدا بوون ژمارەیان لەملیۆنێك زیاتر بووە ، لەشارێكی دروستكراو لەخشتەوە بۆتە شارێكی دروستكراو لەمەڕمەڕ . ئیتر بەدوایدا بەردەوام ڕوو لەفراوانی بووەو تەنیوەتەوە بۆگشت گردەكانی دەوروپشتی (گەورەترین … ل – 120 ، پەراوێز – 126).

38 – میدیەكان :

گەلێك بوون كەلەهەزارەی یەكەمی پێش زایینـدا لـەباكووری ڕۆژئاوای ئێراندا دەژیان و(ئەرباكس) دامەزرێنەری بنەماڵە حوكمڕانەكانەو (ئەكباتان – هەمەدانی ئێستا) پایتەختیان بووە . كۆرشی گەورە لەساڵی (556 – پ.ن)دا پایەتەختەكەیانی داگیركردوەو دەوڵەتەكەی لەناو بردوون وولاٚتەكەیانی داوەتە پاڵ ئیمپراتۆرێتە فارسییەكەی خۆی . هەروەكو لەساڵی (330 – پ.ن)دا ، دوای سەركەوتنی ئەسكەندەری گەورە لەساڵی (331)دا بەسەر دارای سێیەمدا ، كەوتوونەتە ژێر دەسەلاٚتی یۆنانەكانەوەو ئینجا سلوكسییەكان (سلوكس یەكێك بوو لەفەرماندەكانی ئەسكەندەر)و ئینجا لەلەسەدەی دووەمی (پ.ن)دا ئەرشاكییەكان وئیتر هەتا (فەتحی عەرەبی) لەساڵی (633)ی دوای زاییندا ، هەر لەژێر چنگ ودەسەلاٚتی ساسانییەكاندا بوون . (گەورەترین … ل – 19 ، خوارووی پەراوێزی ژمارە – 12).

39 – جیرۆلامۆ ساڤۆنارۆلا

(1452 – 1498) . لەشاری فیرارا لەدایك بووە . لە(دیر)ێكی سەر بەقەشە دۆمینیكەكاندا بۆتە ڕەبەن وپانزە ساڵی تێدا بەسەر بردووە . دوایی چۆتە شاری فلۆرنساو خەڵكێكی زۆر بۆ گوێگرتن لەووتارە ئایینییەكانی لەدەوری گردبوونەتەوە . بەلەدین دەرچوون تاوانبار كراوەو پاپا بڕیاری بیٚ بەری كردن لەكلێسەی بەسەردا داوە . لەساڵی (1494)دا كەبنەماڵ'ی میدیتچی لەفەرمانڕەوایی كردنی فلۆرنسا خراون ولەشار دەرپەڕێنراون ورژێمی جەمهووری تێدا دانراوە . ئەم كراوەتە حوكمڕانی جەمهوورییەتەكەو گەلیٚ هەنگاوی چاكی بۆ چەسپاندن وبەڕێوەبردنی ناوە كەگرنگترینیان دانانی دەستورێك بووە لەو بابەتەی مەكیاڤیللی خۆی بەئاواتییەوە بووە . بەلاٚم

لەسـالّی (1498)دا بەدبـەختی رووی تێكـردوە ، گـیراوەو ئیعـدام كـراوەو لاشـەكەی سـوتێنراوە .
(دەمەتەقێ – ل 28 ، 32 ، 264 ، 367).

40 – سیراكۆزە – Siracusa

دەكەوێـتە باشووری رۆژهەلاّتی دوورگەی سـیكلیاوەو یۆنانییـەكان لەسـەدەی سـێیەمی پـێش زاییندا بنیادیان ناوە . بۆماوەیەكی دوورودرێژ لەرووی بایەخەوە وەك مەلّبەندێكی زانیاری وهونـەر ، بەدوای ئەسینادا هـاتووە . تـا ئێسـتاش شـوێنەواری شـانۆیەكی یۆنـانی تێـدا مـاوە كەلەسـەردەمی (هیرۆ)ی دكتاتۆریدا كەلە سالّی(480 – پ.ن)دا بەسەر كرتاجەییەكاندا زالّ بـووە ، تـەواو گـەورەو فراوان بووەو بۆتە مەلّبەندێكی مەزنی شارستانێتی یۆنانەكان .
(گەورەترین ... ، ل – 80 ، پەراوێز – 85).

41 – شارەكانی ئەیۆن

مەبەست لەو شارانەیە كەدەكەوێتە سەر كەناری دەریـای ئـەیۆن . دەریـای ئـەیۆنیش ئـەو ماوەیـەی دەریای سپی ناوەراست دەگرێـتەوە كەدەكەوێتە نێوان كەناری خۆرئاوای یۆنان وكەناری خوارووی ئیتالیاوە .(ح.ع).

42 – شارەكانی هیلسپۆنت – Hellspont

بریتییە لەكەنداوی دەردەنیل كەدەریای مەرمـەرە بـەدەریای ئیجـە دەگەیـەنێ ، واتـە كـەناری ئاسیا لەئەوروپا جودا دەكاتەوە . درێژییەكەی (40)میل وپانایییەكەی (4)میلە . (گـەورەترین ... ، ل – 62 ، پ – 70). دیارە لێرەدا مەبەسی لـەو شـارانەیە كەدەكەوێتـە سـەر ئەمبـەرو ئەوبـەری كەنداوەكەوە .

43 – ئۆرسینی و كۆلۆنا :

دوو بنەمالّەی كۆنی بەناوبانگ ودەسەلاّتداری ناو شاری رۆما بوون . گەلێ پاپاو كاردینال ومـیرو فەرماندەی سەربازییان تێدا هەلّكەوتوە . بەردەوام لەگەلّ یەكتردا لەناكۆكیدا بوون .
(دەمەتەقێ , ل – 35 ، پەراوێز) .

44 – مـەكیاڤیللی لێـرەوە ئـیتر مەبەسـتی لەباسـكردنی كردارەكـانی دۆق ڤالنتینـە ، واتـە سـیزار بۆرجیـای كـوڕی پاپـا ئەلیكسـاندەر نـەك پاپـا خـۆی . چـونكە ئـەو وەختـە بوویـووە سـەركردەی سـوپاكەی بـاوكی وكـەوتبوە داگیركردنـی ئـەو شـارو مەملەكەتانـەی كـە فەرەنسـاییەكان نەیگەیشتبوونێ وەك (ئیمۆلا و فۆرلی وپیزارۆو ئوربینۆو ... هتد). (ح.ع).

45 – سینیگاگلیا – Sinigaglia

بریتییە لە شاری سینگالیكای زەمانی رۆمانەكان ودەكەوێتـە سـەر دەریـای ئـەدریاتیك نزیكـی شاری ئەنكۆنا . لەسالّی (82 – پ.ن)دا (پۆمپی)تالاّنی كردوە . لەسـەدەی پێنجەمـداجووت (قـوگ) رۆژئاوایییـەكان داگیریـان كـردوە . لەسـەدەی هەشـتەمدا لۆمباردیاییـەكان ولەسـەدەی نۆیەمـدا

عەرەبەکان . تالەسەدەی سیازدەیەمدا لەئەنجامی بەیەکادانی نێوان جویلف وجیلیندا وێران بـووە . (کۆمیدیا – بەهەشت – ل 318 – پ 58) .

46 – پیرۆجیا – Perugia

پایتەختی هەرێمی ئۆمبریایە . لەوەختی خۆیدا قەڵایەکی سەختی ئیتروسکەکان بـووە . لەسـاڵی (310 – پ.ن)وە کەوتۆتە ژێر حوکمڕانیی رۆماوەو بووە بەمەیدانێکی جەنگی نـاوخۆیی رۆمانـەکان . لەسـاڵی (41 – 40 پ.ن)دا ئاگسـتۆس داگیری کـردو سـووتاندی وبـەڵام دوایـی بنیـاد نرایـەوە . لەسەدەی شەشەمی (تۆنیلان)وێرانـی کـردەوەو بـەڵام لەسـەدەی یازدەیەمـەوە رووی لەگەشـانەوەو دەسلاّتداری کردۆتەوە ، تالەدەوروبـەری سـاڵی (1300)دا حـوکمڕانیی هـەموو هـەرێمی ئۆمبریـای کردوە . ئینجا لەسەدەی شازدەیەمەوە بۆتە میراتییەکی سەر بـە ڤاتیکـان . (کۆمیـدیا ، ل 231 ، پ – 43).

47 – باگلیۆنی – Baglioni

مەبەست لەجیامپاولۆ باگلیۆنیی میری شاری پیرۆجیایـە کەقەیسـەر بۆرجیـا لەوەبـەر هێرشـی بردبووە سەرو میراتییەکەی لێ داگیر کردبوو .

مەکیاڤیللی لە(دەمەتەقێ)دا حیکایەتەکەی تەواو دەکاو دەڵێ :((پاپا یۆلیۆسـی دووەم ... بڕیایـدا (لەساڵی 1505 دا .ح.ع)کە جیامپاولۆ باگلیۆنیش لەشاری پیرۆجیـا کەزۆردارانـە حـوکمڕانیی تێـدا دەکـرد ، دەربـپەڕێنێ ، چـونکە سـوێندی خـوارد بـوو هـەموو ئـەو زۆردارانـە لـەناو بـەرێ کـەمولّکی کلێسەیان زەوت کردبوو)).

ئینجا مەکیاڤیللی وەهای دەگێڕێتەوە کـەپاپا بـەخۆی وژمارەیـەك لەکاردینالـەکانی وتـەنیا تاکـە یاساوڵەکەی خۆیـەوە ، روویـان کردۆتـە شـارەکەو کەچـی لـەو سـەرەوە ئـەو دوژمنـە جەربەزەیـەی بەیەخسیری لەگەڵ خۆیدا هێناوەو حوکمڕانێکی سەر بەکلێسەی لەشارەکەدا جێ هێشتوە . دوا جـار مەکیاڤیللی رووداوەکە والێکدەداتەوە کەمەسەلەی خۆبەدەستەوەدانی باگلیۆنی بەو ئاسانییەوە بـۆ ئـەوێکی نـەگریس وناپەسـند ، لەویـژدان پـاکی وڕێزلێنـانی کلێسـەوە نـەبووە ، بـەڵکوو لەئـەنجامی سەرکێش ومل پێوەنانی پاپا یۆلیۆسەوە بووە کەبۆ کات وشوێن وحالـەتی تایبـەتی خـۆی پێویسـت وسوود بەخشەو دەبێ کۆی لێ نەکرێتەوە , چونکە ((دەگمەنە خەڵکی بتوانن زۆر چاك لەزۆر خـراپ لەیەکتری جودا بکەنەوە)) . (دەمەتەقێ – ل 310 ، 311).

48 – پەیوەندیی نێوان مەکیاڤیللی وبۆرجیا

یەکەم پـەیوەندی لەنێوانیاندا بەهۆی شۆڕشی خەڵکی شاری ئەریزۆوە بـووە کەقەیسـەر بۆرجیـا هـانی بـۆداون . داوای لەفلۆرنسـا کـردوە کەنوێنـەرێك بۆئـەو مەبەسـتە بنێـرن بـۆ لای . ئینجا بـەم بۆنەیەوە مەکیاڤیللی لەگەڵ سۆدیرینیی سەرۆکی فلۆرنسادا چووە بۆ لای وبـۆ یەکـەمجار بینیـوێتی

وبـۆی دەركـەوتوە كەمەبەسـتی گـۆڕینی رژێمـی جـەمهووری بـووە لەفلۆرنسـادا ، ئەمـە لەسـاڵی (1502)دا بووە . هـەر دوای ئـەوە بـۆ ماوەیـەك . مـەكیاڤیللی بۆتـەوە بەنوێنـەری فلۆرنسـا لـەلای بۆرجیاو سێ مانگ لەگەڵیدا ماوەتەوە . لەو ماوەیەدا دیوێتی كە چۆن شاری بیرگۆلای تالآن كـردوەو پەلاماری فۆسـۆمیزۆی داوەو لەگـەڵ ئۆرسـینیەكاندا جـەنگاوەو چـۆن بـەهۆی گفت وگۆكردنـەوەو بەفرت وفێڵ سەركردەكانیانی بانگ كردوە بۆ سینیگاگلیاو لەوێ قەلآچۆی كـردوون . ئـیتر مانـەوەی لەگەڵیدا لەو سێ مانگەداو بینینی ئەم كاروكردارانەی ، وایـان لەمـەكیاڤیللی كـردوە كەلەكتێبەكەیـدا (میر) بەنمونەی شێرورێویەكەی دابنێ وزۆر جار ئیشارەتی پێیدا .

دوا پەیوەندیی مەكیاڤیللی لەگەڵ قەیسەر بۆرجیادا ، لەدوای مردنی بـاوكی وهەڵبـژاردنی یۆلیۆسـی دووەمدا بووە بۆ پاپایەتی كەبۆرجیا ئەو وەختە تازە لەنەخۆشیەكەی رزگـاربی بـووەو كەوتۆتـەوە سەر پـێ . جامـەكیاڤیللی نامەیـەكی داوەتـێ كـەبۆ ئەنجومـەنی بـاڵای فلۆرنسـای نووسـیوەو تكـای لێكردون رێگـا بـەبۆرجیا بـدەن كەبـەخاكی فلۆرنسـادا بـەرەو رۆمانـا تێپـەڕێ . بـەلآم هـەر بەدوایـدا نامەیەكی تری بۆ ناردوون كەتیایدا داوای كردوە ئەو نامەیەی دەسـتی بۆرجیـا پشـت گـوێ بخـەن . (دەمەتەقێ – ل 51 ، 52).

49 – كۆلۆنا – Col;nna

مەبەسـت لـەكاردینال جیوڤـانی كۆلۆنایـە كەلـە بنەماڵـەی كۆلۆنـا بـووەو لەسـاڵی (1508)دا مردوە.

50 – ئەسكانیۆ – Ascanio

كاردینال ئەسكانیۆ سفۆرزایە . برای لۆدفیكۆ سفۆرزا بووە كـە لەسـاڵی (1492)ەوە كرابـووە (جێگر) بەسـەر تـەختی میرایـەتیی میلانـەوە وئینجـا لەسـاڵی (1494)دا بـووە مـیری تـەواوەتیی میرایەتییەكە . ئەسكانیۆ لەساڵی (1492)دا لەپاڵ جیلیانۆ دی رۆڤیریدا یەكێ: بوو لەدوو هاوشـانە هەرە گەورەكەی كاردینال رۆدریجۆ(ئەلیكساندەر)بۆ هەڵبژاردن بۆ پاپایەتی وبەلآم ئەوەبوو رۆدریجۆ بەتەماعی ئەوەی بیكاتە راوێژكاری خۆی ، هـەڵی خەڵەتانـدو رایكێشـایە پـاڵ خـۆی . ئـیتر بەدوایـدا ساڵ هات وسـاڵ تێپـەڕی وئەسـكانیۆ چـەند جارێـك بـەپێی ئـاڵ وگـۆڕی بـارودۆخی سیاسـی ، لێی هەڵگەڕایەوەو دایـەوە پـاڵی ، تالەئەنجامـدا دوای مردنـی فرسـەتی بـۆ هەڵكـەوت كەهـەر هـیچ نـەبێ نەیەڵێ كوڕەكەی (قەیسەر بۆرجیا) ئیدامە بەفەرمانڕەوایی بنەماڵەكە بـدا . (لۆكریشـیا بۆرجیـا – ل 30 ، 38).

51 – ئەم قسەیەی مەكیاڤیللی وادەگەیەنێ كەسان پیترۆ ئـادڤینكۆلا بـەناوی یۆلیۆسـی دووەمـەوە كرابێ بەپاپا . بەلآم لەرۆمانی (لۆكریشیا بۆرجیا)دا واباس دەكرێ كەكاردینال جیلیـانۆ رۆڤـیری بـەو ناوەوە كراوە بەپاپا (ح.ع).

52 – ئاگاتۆكلیس – Agatoces

(361 – 298 پ.ن). پادشـــــایەکی زۆرداری ســــیراکۆزە (ســــیکلیا – صــــقلیە)بـــووە . لەپایەوپلەیەکی زۆر نزمـەوە پێگەیشـتوەو بەرزبۆتـەوە وبۆتـە فەرماندەیـەکی سـەربازی . بـەتاوانی پیلانگێڕان دژی حکومەتەکەی گوناهبارکراوەو لەشار دوور خراوەتـەوە . بـەڵام بـەخۆی ولەشـکرێکی بەکرێگیراوەوە گەڕاوەتەوەو شارەکەی داگیر کـردوەو هـەموو ئەنـدامانی ئەنجومـەنی پـیران وهـەزار کەسی لەخەڵکەکەی کوشتوەو خۆی تێدا کردۆتە تاکە میر بەدایدا جەنگێکی لەگەڵ کرتاجەیی‌یەکاندا بەرپاکردوە کەتیایدا شکاوەو لەشـاری سـیراکۆزەدا ئابڵووقـە دراوە . بـەڵام خـۆی لەئابڵووقەدانەکـە دەرباز کردوەو چووە بۆ سەرووی ئەفریقاو لەوێ,ە کەوتۆتە پـەلاماردانیان . (دەمەتـەقێ – ل 132 ، 467 ، 481 ، 625).

53 – سکلیا – Sicilya

ناوەکەی لەیەکێك لەو گەلانەوە وەرگیراوە کەشالاویان بـۆ بـردوەو تیایـدا جێگیربـوون . پێشـتر نـاوی (ترینـا کریـا – Trinacria) بـووە کـەمانای (زەویـە سـێ سووچـەکە) دەبەخشـێ . دوورگەیەکـەو دەکەوێتـە خـوارووی شـێوە دوورگـەی ئیتالیـاوەو کەنـداوی مەسـینا لەیـەکتریان جیادەکاتەوە . سیراککۆزە تاینیوم لەشارە مێژووییەکانێـی .

(گەورەترین... ل – 48 – پەراوێز – 51).

54 – هامیلکار – Hamilcar

(... – 228 پ.ن) . لەســـاڵی (246)داو لـــەرۆژانی (جـــەنگی یەکـــەمی پـــۆنی)دا (264 – 241)کـە لـەنێوان رۆمـاو کرتاجـە رووی داوە ، ئـەم فەرمانـدەی لەشـکری کرتاجەیی‌یـەکان بـووە لەسیکلیادا . ئینجـا وەختێك کرتاجەیی‌یـەکان لەئـەنجامی بـەزینی ئـەو هێـزە دەریاییەیانـدا کەلـە سیکلیاوە بۆ داگیر کردنی رۆمـا روی کردبـووە ئیتالیـاو لەسـاڵی (241)دا ناچـاری پێکهـاتن لەگـەڵ رۆمادا بوون ، ئەم سیکلیای جێ هێشت وگەڕایەوە بۆکرتاجە کەهەر لەو وەختەدا هێزێکـی سـەربازە بەکرێ گیراوەکان یاخی بووبوون وکرتاجەیان ئابڵووقە دابـوو . بـەڵام هامیلکـار زاڵ بـوو بەسـەریاندا وشارەکەی لەچنگ رزگارکردن وئیتر بەوە پایەوپلەی هێنـدە بـەرزبووەو کـەوەك تاکـە حـوکمڕانێکی لێهات .هەروەها لەساڵی (237)دا ئیسپانیای بەو نیازە داگیرکرد کەبیکاتە بنکەیەك بۆ بەگژداچـوون وداگیرکردنـی رۆمـاو بـەڵام لەسـاڵی(228)دا لەشـەڕێکدا لـەوێ کـوژراو تـەواوکردنی نەخشـەکەی بـۆ هانیباڵی کوڕی جێ هێشت . (گەورەترین ... ، ل – 158 ، پ. – 143).

55 – جیۆڤانی فۆگلیانی – Giovani Fogliani

میری شاری فیرمۆ بووەو کوشتنەکەی لەساڵی (1502)دا بووە .

56 – پاولۆ ڤیتیللی – Polo Vitelli

فلۆرنسایی‌یەکان لەساڵی(1499)دا تۆمەتی ناپاکی‌یان دایە پاڵی وئیعدامیان کرد .

57 – ڤیتیللۆزۆ – Vitellozzo

میری سیتا دی کاستیللۆ بووە . یەکێك بـووە لەومیرانـەی قەیسـەر بۆرجیا لەسـاڵی (1502)دا لەقەلاچۆکردنەکەی سینگاگلیادا کوشتوێتی .

58 – پاپا یۆلیۆسی دووەم – Julius .II

دوای مردنی پاپا ئەلکسـاندەری شەشـەمی بـاوکی قەیسـەر بۆرجیا لـەمانگی ئـابی(1503)دا ، کاردینـال بیکۆلـۆمینی بـۆ پاپایـەتی هەڵبـژێردراو نـاوی پاپـا بیۆسـی هەشـتەمی وەرگـرت . بـەڵام لەبەرئەوەی زۆر پیر بووە تەنیا بیست وحەوت رۆژ پاپایەتی‌ی کردوەو مردوە . ئەو وەختـە قەیسـەر بۆرجیا کەتا دوو سێ مانگ لەوەبەر لەهەرەتی دەسـەڵاتیدا بـوو ، گرۆڵـەی تـەواو کـەوتبووە لێـژی . بەسەرێك جەماوەری گەلی شاری رۆما بەخوێنی سەری تینووبوون وبەسەرێك لەشکرەکەی لـەدەوری پاشەکشەیان لـێ کردبـوو ، بەسـەرێکیش ئـەو نەخۆشـی‌یەی لەگـەڵ نەخۆشـکەوتن ومردنـی باوکیـدا تووشی بووبـوو لەپـەل وپـۆی خسـتبوو . ئالـەو وەختـەدا کاردینـال جیلیـانۆ دیلـلا رۆڤـێری‌ی کۆنـە دوژمنەکەی بنەماڵەکەیان ، بووبووە یەکێك لـە پـالێوراوە بـەهێزەکان بـۆ هەڵبـژاردن بـەپاپا . تائـەو ساتە بۆرجیا هێشـتا بەلایـەنی کەمـەوە خـاوەنی دەنگـی یـازدە کاردینـاڵی ئیسـپانیایی بـوو کەبـە بەری‌یەوە مابوو کاریان تێ بکا . بەڵام وەك مەکیاڤیللی خۆی لەکۆتایی بەشی حەوتەمی کتێبەکەیدا بەوردی لەچەند دێرێکدا باسی کـردوە ، بۆرجیا بەپشـتگیری کردنـی هەڵبـژاردنی کاردینـال جیلیـانۆ (یۆلیۆسـی دووەم)بـەپاپا ، لـەو وەختـە ناسـکەدا هەڵەیـەکی کوشـندەی کـردوەو چـاڵی بـۆ خـۆی هەڵکەندوە . مەکیاڤیللی باسی چۆنیەتی هەڵەکردنەکەی ناکا .بەڵام لە(لۆکریشـیا بۆرجیـا)دا چـیرۆك نووسـانە حیکایەتەکـە دەگێرێتـەوە کەچـۆن کاردینـال جیلیـانۆ فرسـەتی لـەو حاڵـەتی کەساسـی وکلۆڵی‌یەی هێناوە کە تێیکەوتوەو هەڵی خەڵەتانـدوەو وای لێکـردوە کاردینالـە ئیسـپانی‌یەکانی بـۆ قایل بکا دەنگی بدەنێ ، بەرامبەر بەیاریدەدانی لەدەسـگیر خسـتنەوەی دەسـەڵاتەکەی پێشـوویدا . کەچی هەر دوای هەڵبژاردنی بەپاپا ، فەرمانی گرتن وحەپس کردنی‌دا . ئینجا جارێکی تـریش تـوانی ئـەو بۆرجیـا جەربـەزە دڕندەیـەی جـاران وەك منـداڵێك فریـو بـداو گوایـە بەرامبـەر بەسـەروەت وسـامانەکەی ئـازادی بکـا . کەچـی لـەم دەرگـاوە بـەرەڵلای کـردوەو کردوێتی‌یـەوە بـەو دەرگـای بەندیخانەیەکی تردا .

بەهەر حاڵ پاپا یۆلیۆسی دووەم بنەماڵەی بۆرجیای تێکشکاندو لەسـەر شـانۆی سیاسـەتی ڤاتیکـان وئیتالیـای دەرهاوێشـتنەدەر . بـەڵام لـەواقعی حاڵـدا بەهـەمان شـوێ، پـێ ی پاپـا ئەلیکسـاندەری شەشەمدا رێگای گرتەبەرو ژیانی خۆی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی کڵێسەو بـەرفراون کردنـی تـەرخان کـردو دەورێکـی بـاڵای دەبـێ ئـەوەش بڵـێین کەیـەکێك بـووە لەپاپایانـەی هـۆگری هونـەرو ئـەدەب ورۆشنبیری بوون وتەقەلایەکی زۆری بۆ گەشـەپێ سـەندنیان داوە ، تائـەو سـاتەی لـە (13 شـوبات 1513)دا کۆچی دوایی کردوە . (رۆمانی لۆکریشیا بۆرجیا).

59 – جەنگی یەکەم (جەنگی پۆنی) – Punie War

زنجیرە جەنگێك لەنێوان رۆما وكراتاجەییەكاندا بەهۆی تەقەلادانی زاڵ بوونیانەوە بەسەر ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا رووی‌دا كەمێژوونووسان بەسەر سێ پلەدا دابەشیان دەكەن :

1. جەنگی یەکەم : (264 – 241 پ.ز) : هۆی راستەوخۆی هاواربردنی دەستەیەك لەخەڵكی شاری (میكینا) هەڕەشەی پەلاماردان وداگیركردنی شارەكەی لێكردوون . ئینجا كەهەردوولا بەدەنگ هاوار بۆهێنانەكەوە چوون ، لەسەر ئەو مەسەلەیە لێیان بووە بەشەڕو كوشتار لەیەكترو ئیتر جەنگ لەنێوانیاندا بەیناوبەین وهەر جارەی لەبەر هۆیەك بەردەوام بووە ، تالە ئەنجامدا رۆمانەكان هێزی دەریای كرتاجەییەكانیان تەفروتوونا كردوەو ناچاریان بوون دەست لەدوورگەی سكلیا بەربدەن .
2. جەنگی دووەم (218 – 201 پ.ز): هۆی راستەوخۆی ئەوەبوو كەرۆما لەتەشەنەسەندنی دەسەڵاتی كرتاجییەكان بۆ ئیسپانیا تەنگەتاو بوون وویستوویانە بەری لێ بگرن . جەنگەكە (هانیباڵ) دەستی پێكردوە كەلەچیای ئەلپ پەڕیوەتەوەو رۆمای خستۆتە بەر مەترسییەوە . بەڵام (شیپۆن)ی سەر لەشكری رۆما ، لەئەفریقاوە ، واتە لەپشتەوە پەلاماری كرتاجەی پایتەختی مەملەكەتەكەی هانیباڵی داوەو ئەنجام بەرازی بوونی كرتاجەییەكان بەمەرجەكانی رۆما بۆ شەڕ وەستاندن شكاوەتەوە .
3. جەنگی سێ یەم : (149 – 146 پ.ز) هۆیەكەی ئەوەبوو كەرۆمانەكان ترسیان لەهەڵسانەوەی كرتاجەو هێرش بردنیان بۆ سەر یەكێك لەمەملەكەتە هاوپەیمانەكانیان لێ نیشتوەو ئەمجاریش هەر شیپیۆن ئاسا ، لەبەری لای ئەفریقاوە پەلاماری كرتاجەیان داوەو دوای كاول كردنی ، كردوویانەتە ویلایەتێكی ژێر دەستەی خۆیان (گەورەترین ... ، ل – 155 ، 156 – پ. ، 142) .

60 – نابیس – Nabide

لەنێوان ساڵانی (206 – 192 پ.ز)دا حوكمڕانیی سپارتەی كردوە . تەختی پادشایەتیی بەزەوت كردن زەوت كردوە. یەكەمجار داوێتیە پاڵ فیلیی مەكدۆنیایی وئینجا بۆتە دۆستی رۆما . دوا جار ئیتۆلیەكان نەخشەیەكیان بۆ كوشتنی دانا كەبریتی بوو لەناردنی ئەلیكسامینیسی هاووڵاتیی خۆیان لەگەڵ دوو سەد پیادەو سێ سەد سوارەدا ، گوایە بۆئەوەی یاریدەی بدەن وبەڵام هەر هێندەی فرسەتیان لێ هێنا ، پەلاماریان داو كوشتیان .

61 – سیكستۆس – Cixtos

پاپا سیكستۆسی چوارەمە كەدوای پاپا بۆلی دووەم بووە بەپاپاولەساڵی (1480)دا مردوە . یەكێ: بووە لەو پێنج پاپایەی كەكاردینال (رۆریجۆ بۆرجیا – دوایی پاپا ئەلیكساندەری شەشەم) راوێژكاری بووە .

(لۆكريشيا بۆرجيا – ل 14 ، 15) .

62 – ئیبامینۆنداس – Ebaminondas

دوو قۆڵی لەگەڵ بیلۆبیداسی هاوەڵیدا مەملەکەتی تیبەیان لەداگیرکاریی سپارتایی یەکان رزگارکردوەو پشتیان بەخەڵکی شارو مەملەکەتەکەی خۆیان بەستوە . پڕ چەکیان کردوون ومەشقێکی باشیان پێ کردوون وبەوە گرەویان بردۆتەوە . دوای مردنی بیلۆبیداس لەساڵی (364 پ.ن)دا بۆتە حوکمڕانی مەملەکەتەکەو وەك حوکمێکی جەمهووری عادیلانە فەرمانڕەوایی تێدا کردوە . بەڵام وەك مەکیاڤیللی ئیشارەت دەدا ، دوای مردنی ئەو کار لەکار ترازاوەتەوەو فیلبی مەکدۆنیایی کەبۆ سەرکردایەتی کردنی لەشکری مەملەکەتەکە بەکرێ گیراوە ، دوای یەکەم سەرکەوتنی لەشەڕێکدا ، خۆی بەسەریدا کردۆتە دکتاتۆر . (دەمەتەقێ – ل 237 ، 286 ، 298 ، 742) .

63 – ئاراگۆن – Aragon

هەرێمەکە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی ئیسپانیاوە . لەسەدەی چوارەمیدا بۆتە دەوڵەتێکی دەسەڵاتدارو بەتایبەتی پەلی بۆخوارووی ئیتالیا هاوێشتوەو وەچەی پادشاکانی لەدوای ئەلفۆنسۆی دووەمیانەوە کەلە ساڵی(1440)دا ناپۆلی داگیر کردو خستیە ژێر دەستی خۆیەوە ، کەوتنە فەرمانڕەوایی کردنی . دامەزرێنەری بنەماڵەی بۆرجیاش لەئیتالیادا (ئەلفۆنسۆ بۆرجیا کەدوایی لەساڵی(1455)دا بەناوی کالیکستۆسی سێ یەمەوە بوو بەپاپا)و کەمەکیاڤیللی زۆر بایەخی بەهەردوو وەچەی (پاپا ئەلیکساندەری شەشەم وقەیسەر بۆرجیا – سیزار – ی کوڕی داوە) ، لەگەڵ لەشکرەکەی ئەو ئەلفۆنسۆیەدا بووەو چۆتە ئیتالیاوەو تیایدا نیشتەجێ بووە . (رۆمانی لۆكريشيا بۆرجيا – ل 7 ، 8).

64 – لێرەدا هەست بەتێکەڵ وپێکەڵی یەك دەکرێ لەنێوان (سفۆرزا)و (فرانسیسکۆ)دا کەهەردووکیان ناوی یەك کەسن . لەدەقە عەرەبی یەکەو لەئیتالی یەکەشدا هەروەها نووسراوە . بەڵام لەوە دەچێ کەمەبەستی مەکیاڤیللی لەیەکێ: لەو دوو ناوە کەسێکی تر بووبێ . (ح.ع) .

65 – داود – David

یەکێکە لەپادشاکانی ئیسرائیل ، نێوان (1000 – 960 پ.ن)و وەك لە(ئینجیل)دا وتراوە ، تابوویە پیرۆزەکەی لە(ئەبیناداب)ەوە بۆ(ئۆبید)و لەوێوە بۆ(ئۆرشەلیم) گواستۆتەوە . هەروەها مەکیاڤیللی لە(دەمەتەقێ)دا وای ئیشارەت پێدەدا کەیەکێك بووە لەوانەی (ورگی برسی یەکانی بەخواردەمەنی ی خۆش پڕ کردوەو ورگی پڕی دەوڵەمەندی برسی کردوە) . مەبەستیشی نموونە هێنانەوەیە بۆ سەلماندنی یەکێك لەتیوری یەکانی خۆی کەدەڵێ : (ئەگەر کابرایەك بووە حوکمڕانی شارێك یا لەدەوڵەتێکداو بەتایبەتی ئەگەر تیایدا شوێن پێیەکی قایمی نەبوو ... باشترین شت بۆ هێشتنەوەی لەچنگیدا ، بەمەرجێك تازەمیرێك بێ ، ئەوەیە کەهەموو شتێکی سەر لەنوێ ولەسەر بناغەیەکی نوێ ئێدا رێك بخاتەوە ... وەك ئەوەی دەوڵەمەندەکانی بکاتە هەژارو لات وپووت

وهەژارەکانی دەوڵەمەند بکا ، کوت ومت وەك داود کردی کاتێ بوو بەپادشا) . (دەمەتەقێ – ل 309) .

66 – شاوول – Saul

(1020 – 1000 پ.ز) . یەکەمین پادشای ئیسرائیلیەکانە . فەلەستینیەکان لەشەڕی چیای جیلبودا بەسەریدا زاڵ بوون وکەبینی هەر سێ کوڕەکەی بەبەرچاویەوە دەکوژرێن ، مشتۆی شیرەکەی چەقاندە زەوی وورگی خۆی پێداداو خۆی کوشت . ئەمە لەئینجیلدا نوسراوە .

67 – شارلی حەوتەم – Charle VII

دوای شارلی شەشەم چۆتە سەر تەختی پادشایەتیی فەڕەنساو لەساڵانی (1422 – 1461)دا حوکمڕانیی کردوە .

مەکیاڤیللی جگە لەم ، لەکتێبەکەیدا ناوی سێ پادشای تری فەڕەنسای بردوە کەحوکمڕانی کردنیان بەم جۆرە بووە :

لویس یازدەیەم : 1461 – 1483

شارلی هەشتەم : 1483 – 1498

لویسی دوازدەیەم : 1498 – 1515

68 – جووتەکان – قوگ – Juts

یەکێکە لەگەلە سەرەکیەکانی جەرمەنەکان . لەسەدەی چوارەمی زاییندا بوون بەدوو بەشەوە : رۆژئاوایی ورۆژهەڵاتی . رۆژهەڵاتیەکانیان ئەوانە بوون کەهەر لەسنووری ئیمپراتۆریتی جارانی رۆمادا مانەوە . بەڵام رۆژئاواییەکان رووەو رۆژئاوای خوارووی ئەوروپا کشان وتیایدا جێگیر بوون . دوا پادشایان(رۆدریك) ناوێك بوو کە(گارق بن زیاد)لەساڵی (711)دا بەزاندی . (گەورەترین ... ، ل 214 ، پ – 202).

69 – ئاخیل – Achill

قارەمانی هەربەناوبانگی جەنگە دەساڵ خیانەکەی تەروادەیە کەهۆمیرۆس لە(ئەلیازە)کەیدا نەمریی پێبەخشیوە ، دوای ئەوەی دەمارودەم بووبووە قارەمانێکی ئەفسانەیی وگوایە خواوەند تیتیسی دایکی ، بۆئەوەی لەبەشدار بوونی شەڕی تەروادە رزگاری بکا ، لەکانتوورشیرۆنی وەرگرتبووەوەو بردبووی لەدورگەی سکیرۆس لەدەریای ئیجەدا بەجل وبەرگی ژنانەوە حەشاری دابوو . بەڵام ئۆلیسیس ودیۆمید ئێدەزانن ودەچن دەیفرێنن وبەشداری شەڕەکەی دەکەن وتەروادەی لەجەنگدا پێدەشکێنن . لەمیتۆلۆجیای یۆنانی ورۆماندا وەها وتراوە . بەڵام هۆمیرۆسی شاعیری مەزن لەئەلیازەکەیدا کەلەساڵی(900)ی پێش زاییندا نووسیویێتی ، واتە چەند سەدەیەك دوای بەسەرهاتەکە ، وای باس دەکا کەفاییسی کوڕی پادشای ئیلیۆن (واتە بەرەی لای تەروادە) ، هیلانەی ژنی پادشای ئاخیەکان (مانیلا)ی فڕاندوە کەدەوترێ گوایە جوانترین ئافرەتی ئەوسای

سەر زەمین بووەو تەنانەت ئاگامیمنوونی پادشای پادشایانی ئاخیەکان ئاشقی بووە . بۆیە ئەم ئاگا میمنوونەی پادشای پادشایان , گاڵی . گشتی پادشایانی ئاخییەکانی بۆ یاریدەدانی مانیلا و سەندنەوەی هێلانە داوەو لەوەوە شەڕە دە ساڵ خایەنەکەی تەروادە دەستی پێکردووە کە ئاخیل تیایدا بۆتە قارەمانی هەرە مەزن و بەناوبانگ و وێنەیەکی رۆستەمی زاڵی شانامەکەی فیردەوسی یە .

ئینجا مەکیاڤیللی کە ئیشارەت بە ئاخیل و ئەسکەندەری گەورە پێکەوە دەدا , دیارە مەبەستی ئەوەیە کە شوێن پێ هەڵگرتنی کەڵەپیاوانی لەوەبەر بکاتە بنەمایەك بۆ هەر کەسێك بیەوێ رێگای بوون بە کەڵەپیاوی وەك ئەوەی پێش خۆی بگرێتەبەر .
ئاخیل بە حسابی ئەفسانەی دەماودەم بێ یان بە حسابی هۆمیرۆس و یا سەرچاوەکانی تری مێژوو , وای باس دەکەن کە لاوێکی جەنگ ئامێزی هێجگار چابووکی هێجگار بەکاربووەو بەڵام زۆریش بەرەحم و بەزەیی بووە , ئەگەرچی وەختێك وای پێویست کردبێ کە رەحم و بەزەیی تەواو لە دڵی خۆی دەربکا , بێ سێودوولێکردن کردوێتی خۆی لێ لانەداوە , وەك لە دوا رۆژانی سەری تەروادەدا بەرامبەر بە قارەمانی هەرە مەزنی تەروادەییکان (هیکتۆر)ی برای فابیس کردی و ئینجا دوایی تر لێی پاشگەز بووەوە .
دواجار دەبێ ئەوەش دەبێ بلێێن کە هەر ئەو ئاخیلە مەزنە , بە کوێرە تیرێکی لاوەکیی فابیسە شەر هەڵگیرسێنەرەکەی جەنگەکە کوژرا . (گەورەترین .. پ33-ل32) .
70- یۆلیۆس قەیسەر Julius Caesar
(100-44 پ.ز) . لەگەل پۆمپی و مارکۆس کراسۆسدا کە دوو فەرماندەی سەربازی و سیاسی تری ئەو سەردەمەی رۆما بوون , سێ قۆڵی و بە هاوبەشی ئیمپراتۆرێتییەکان بەرێوە دەبرد . لەساڵی (55 پ.ز) دا مارکۆسیان بەخۆی و لەشکرێکەوە رووەو سوریا بۆ جەنگ کردن لەگەڵ فارسەکاندا کشا و بەڵام دوای شکستی هێنانی لەسەردەمی سۆرینازی فەرماندەی فارسەکاندا , لەکشانەوەیدا پیلانێکی لێکرا و کوژرا . بە دواییدا لەساڵی (52 پ.ز) دا , لەسەر ئەوەی کە پۆمپی تەقەلای دەدا خۆی ببێتە تاقە حوکمرانی ئیمپراتۆرێتەکە , ناکۆکیان کەوتە بەینەوەو پێدا هەڵگژان و لەئەنجامدا قەیسەر لەشەری فرسالیادا کە لە ساڵی (48 پ.ز) دا لەنێواندا رووی دا , سەرکەوت و پۆمپی هەڵات بۆ میسر لەوێ لەلایەن یەکێك لە ئەفسەرەکانیەوە کوژرا . ئیتر قەیسەر خۆی بو بە تاقە حوکمران , تا ئەویش لەساڵی (44 پ. ز) بەدەستی هاوەڵی و سەردارانی رۆما کوژرا .
71- ئێکزۆفۆنۆن Xonophon
(435-354 پ.ز) . مێژوونووسێکی یۆنانیە . لە فەرماندە سەربازییەکانی ئەسینا بووە . قوتابی و برادەری سوکرات بووە . بۆ ماوەیەك چۆتە لای کۆرشی پادشای فارسەکان و ئیشی بۆ ئەو کردووەو کتێبێکیشی بەناوی (مێژووی ژیانی کۆرش)ەوە داناوە کە مەکیاڤیللی لە کتێبی (دەمەتەقێ)

کەیدا , لە زۆر شوێندا کە باسی کۆرشی کردبێ ئیشارەتی پێداوەو شتی لێ وەرگرتووە . هەروەها زیاتر مەیلی بەلای سپارتادا چووە , گەلێ کتێبی میژوویی و فەلسەفەشی داناوە , لەوانە کتێبی (هیرۆ) کە لە زۆرداری دەدوێ.

72 – شیپیۆن Scipione

(234–183 پ.ز) . فەرماندەیەکی سەربازی ی گەلێ بەناوبانگ و لێهاتووی رۆما بووە . لەسالی (202 پ.ز) لە شەری (زاما) دا بەسەر هانیبالی کرتاجەییدا (274–183 پ.ز) زال بووە کە لەوەوبەر زۆربەی ولاتی رۆماکانی داگیر کردبوو . مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ) دا چەندین جار ئیشارەتی پێداوە گەلێ نموونەی لەسەر هێناوەتەوە , هەروەکو دانتی‌یش بەرێزلێنان و ستایشکردنەوە ئیشارەتی پێداوە (کۆمیدیای خواوەندی 464–دێری 61) . بەلام دەبێ ئەوە بلێم کە وەرگێرەکەی لە پەراوێزەکانیدا سێ میژووی جیاجیای بۆ ئەو شەری زامایە داناوە .

73– پیستۆیا Pistoia

(پیستۆلا)شی پێ دەوترێ و لە کۆندا ناوی پیستۆریا بووە . دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای فلۆرەنساوە (20) میل لێوەی دوورە . (دەمەتەقێ – ل700 – پ 1) .

74– ڤیرجیل ڤیرجیلۆس Virgil Virgilus

(70–19 پ.ز) شاعیری گەورەی رۆمانە . لەنزیك شاری (مانتوا)دا کە دەکەوێتە سەرووی ئێتالیای ئێستاوە لەدایك بووە. لەشاری کریمۆنا (میلان) و ناپۆلی خوێندوویەتی. بەسەرەرای ناوچەکانی ئیمپراتۆرێتدا گەراوە. لەشای (براندیزی) کە دەکەوێتە خوارووی ئیتالیاوە مردووە. (ئەنیادە) یەکێکە لەشارەکانی کە هاوشانی (ئەلیزە)کەی هۆمیرۆسە. هەروەها (دانتی) هێندە بەشاعیرێکی گەورەو لێهاتووی داناوە کە لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ ئەوە دنیا (کۆمیدیای خواوەندی) , کردوێتی و هەم هاورێی گەشتەکەیی و هەم چاوساغی خۆی.

75– دیدۆ Dido

لەمیتۆلۆجیای یۆنانیدا, کچی بیلۆسی پادشای (صوور)ەوە خوشکی بیجمالیۆنە: کە مێردەکەی خۆی کوشتووە, ئەوسا ئەم ناچار بووە هەرچی گەنجێکی باوکی هەبووە و بۆیان بەجێ ماوە, لەگەل خۆیدا بیبات و خۆی بگەیەنێتە باکووری ئەفریقیا. ئیتر گوایە لەوێ خاکی کرتاجەی لەپادشای لیبیا نەکا, خۆی کوشتووە.

76– هانیبال Hannibal

(247–183 پ.ز). کوری هامیلکارەو فەرماندەی سەرلەشکری هەرە بەناوبانگی کرتاجە بووە. کە باوکی لەسالی (228 پ.ز)دا کوژرا, ئەم لەگەل هازدرۆبالی زاوایدا دوو قۆلی سەرکردایەتی لەشکری کرتاجەییەکان دەرکد. بەلام کە هازدرۆبال لەسالی (221 پ.ز)دا کوژرا, ئیتر ئەم هێشتا تەمەنی (26 سال) بوو, بووە بەتاقە فەرماندەی لەشکرەکەو لەبەر ئەوەشی سوێندی بۆ باوکی خواردبوو کە

تەخت و تاجی ئیمپراتۆریتی رۆما تێك و پێك بنێ, بەخۆی و لەشکرێکەوە بەرێگای ئیسپانیا دا بەرەو ئیتالیا کەوتە رێ. لەشکرەکەی لەسەرەتادا لە (30) هەزار سەربازی پیادەو شەش هەزار سوارە پێك هاتبوو. بەڵام بەدەم رێوە تا دەهات زیاتری دەکردو کە نزیك ئیتالیا بۆوە ژمارەیان گەیشتبووە (90) هەزار پیادە و (12) هەزار سوارە و ژمارەیەکی زۆر هێستر و وڵاخی تر و)40) فیلیش و دەوترێ کە ماوەی نێوان سەرەتا و کۆتایی لەشکرەکەی (20) میل بووە.

هانیباڵ لە چەندین شەردا بەسەر رۆماکان زاڵ بۆوە و راوی ناون و تا تەواو لە رۆما نزیك بۆتەوە و تەنیا چەند میلێکی مابوو بیگاتێ و کەچی لەوێدا راوەستاوە بۆ ئەوەی ماوەی حەسانەوە بە لەشکرەکەی بدا. جا دەوترێ لەو ماوەیەدا لەشکرەکەی لەشارلای (کاپوا)دا بەرابواردنەوە خەریك بوون و ئەوە بۆتە هۆی لاواز بوونی.

بەهەر حاڵ (شیپۆن)ی فەرماندجەی لێهاتووی رۆما, لەو دختەدا فرسەتیهێناوە و بەڵام لەبری ئەوەی رووبەرووی هانیبال بێتەوەو لەئیتالیادا لەگەلی بجەنگێ, ئەم بەخۆی لەشکرەکەی لە ئەفریقیاوە شالاوی بردەوەو بەرەو کرتاجەی پایەختی وڵاتەکەی هانیبال کشاوە. ئەوسا هانیبال ناچاربووە بەخێرایی لەئیتالیا بکشێتەوەو بچێ بەهاوای کرتاجەوە. ئینجا لەساڵی (202 پ.ن) دا لەگەل شیپۆندا لەنزیك شاری (زاما)دا بەیەکیاندا داوەو دوای شەرێکی دریژ خایەن, هانیبال شکستی هێناوە و لەشکرەکەی شکاوە.

دوایی کە بەناچاری لەگەل رۆمادا پەیمانی ئاشتی بەستووە, کرتاجەییکان تاوانی ناپاکی یان داوەتە پاڵی و ئەویش لەئەنجامیدا هەڵاتووە بۆ سوریا. بەڵام (پرۆسیاسی یەکەم)ی پادشای بیسینیا ناپاکی لەگەڵدا کردووە و ویستی بیداتە دەست رۆمانەکان ئیتر وەختێك سەربازەکان رۆما ئابڵۆقەیان داوە, ئەم بۆ ئەوەی توشی زەلیلی نەبێ و نەیبەت بە کۆت و زنجیر کراوی بە شەقامەکانی رۆمادا بیگێرن, بە زەهر خۆی کوشتووە. (گەورەترین ... ل 158–164).

77– فابیۆس ماکسیمۆس Fabius E Maximus

بە (لەسەرخۆ) ناسراوەو چەند جارێك و یەك بەدوای یەکدا بە کۆنسۆڵ و چاودێرکار (کۆنسۆر) و دیکتاتۆر لە رۆمادا هەڵبژێردراوە: لەساڵی (233 پ.ن)دا کە کۆنسۆل بووە, وڵاتی لێگوارییەکانی داگیر کردووە. لەوەختی جەنگ لەگەل هانیباڵدا کراوە بە دیکتاتۆر و لەو جەنگەدا سیاسەتێکی بەرگری کردنی تایبەتی گرتۆتە بەر .. بەرگری کردن بەهێواشی و لەسەرخۆ و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کە بە سیاسەتی فابیزم ناسراو بزووتنەوە سۆشیالیزمی یەکەی فابی یەکانیش (کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستەم و لەگەڵیاندا ئەدیب و رووناکبیری ناسراو بەرناردشۆ) هەر لەوەوە هاتووە. هاوەڵەکانی لە ئەنجوومەنی پیراندا لەسەرەتادا لەم سیاسەتەی نارازی بوون. بەڵام دوای ژێرکەوتنی رۆما, لەشەرە قورسەکەی (کانێ)دا ساڵی (216 پ.ن) لەرووی هانیباڵدا, ناچار

مەجبووری بوونەوەو ئەوە بوو بە دوایدا لە ساڵی (209)دا تۆرنتۆی سەندەوە. لەگەڵ شیپۆن دا لەسەر ئەو سیاسەتە جەنگی یەی دەبێ بگیرێتە بەر ناکۆك بوون. لەساڵی (203)دا مرد.

ئینجا دوای ئەم سەرەقەلەمانە, بەپێویستی دەزانم حیکایەتەکەتان بەو شێوەیەی مەکیاڤیللی لە (دەمەتەقێ)دا دەیگێڕێتەوە بۆ باس بکەم.

1– هانیباڵ پادشای کرتاجە (247–183 پ.ن) ئەو رۆژگارە, شاڵاوێکی بێ ئامانی ئەوتۆی هێنابوو کە سەراپای ئیسپانیا و زۆربەی خاکی ئیتالیای داگیرکردبوو, لە هەمووشی بەناوبانگ تر تێپەڕ بوونە ستەمەکی بوو لە زنجیرە شاخی ئەلپ و لە ئەنجامدا رۆما خۆیشی کەوتبووەبەر مەترسیەکی گەورەوە.

2– فابیۆس ئەو وەختە سەرلەشکری رۆما بوو کە لەشکرەکەیان لە دوو شەری گەورەدا لە رووی هانیباڵی گەنج و کارامە و مەستی نەشوەی سەرکەوتندا شکستی هێنابوو ... دوو جار شکستی و بە دواییدا وەبەردانێکی سامناکی سەربازانی ئەم جمهوورییە نموونەییە (لەباری سەرنجی مەکیاڤیلل یەوە).

3– کارامەیی و دوورو ووردبوونی یەکەی فابیۆس لەوەدا بوو کەبریاری دا ئەو تین و تەوژمە بێ ئامانە, بەسەبر و هیمنی و لەسەرخۆییەکی درێژخایەنەوە بەرنگاری بکرێ.

4– بەڵام ئەم سیاسەتە نەبوو جێگای رەزامەندیی گەلو ئەنجوومەنی پیران و بگرە هەموو لێ بکەوتنە تەقەو تانووت لێدانی. بۆیە ئەو لێخراو بە دواییدا (شیپۆن)ی بەناوبانگ هاتە کایەوە.

5– کەچی وەختی شیپۆن هاتە بەر مەیدان, مێژوو سەلماندی کە ئەگەر فابیۆس بەو جۆرە کرداری نەکردایە کە کردی, ئەم ئەو سەرکەوتنەی بەسەر هانیباڵدا بۆ بەدی نەدەهێنرا کە لەساڵی (202)دا بەدی هێنا.

6– دواجار دەبێ ئەوە بڵێم کە لەو سەردەمەی ئیمپراتۆرێتی رۆما دا (سەردەمی رژێمی جمهووری), گەل خۆی بە ئەنجوومەنی پیران و بەرەی سەردار و سەروەران و ئەندامانی (تریبوون) (پارێزگاری کەران لە جەماوەری گەل کە بە هەڵبژاردن لە لایەن خۆیانەوە هەڵدەبژێردران), هاوڵاتییەکی هەڵدەبژارد و دەیکردە دیکتاتۆر بۆ رووبەروو بوونەوەو چارەسەر کردنی حالەتێکی تایبەتی تەواو سەخت و ستەم, دەیانکردی بەرپرسیار و بە دواییدا ئیتر ئاسایی بوو لەو دیکتاتۆرییەی بکەوێ یا لێ بخرێ.

78– کانتوور (شیرۆن) Canture

یەکێکە لەو گیانلەبەرە ئەفسانەییانەی کە نیوەی لەشیان ئادەمیزادەو نیوەکەی تری ئاژەڵ و ئەفسانەکە دەبارەیان دەڵێ کە لەهەور لەدایك دەبوون.

79– جیۆڤانی بێنتیڤۆگلی Giouanni Bentivogli

(1443–1508). بنەماڵەکە (بێنتیڤۆگلی) بەدرێژایی سەدەی یازدەیەم فەرمانڕەوایی یۆنانیان کردووە. ناودارترین پیاویان جیۆڤانی بووە کە لەساڵی (1464)دا تەختی میرییەکەی باوکی سەندۆتەوەو بۆتە فەرمانڕەوای بۆلۆنا. ئەو ئەگەر چی بایەخی بە ئەدەب و زانیاری داوەو بۆلۆنای کردۆتە شارێکی جوان, بەڵام لە حوکمڕانی کردنیدا دڵ رەق و جەربەزەو ئازاردەر بووە. دوای (44) ساڵ فەرمانڕەوایی کردن, پاپا پۆلسی دووەم لەساڵی (4506)دا لەشارەکە دەری پەڕاندووەو لەگەڵ خێزانەکەیدا هەڵاتووە بۆ میلان و دوای ئەوە بە دوو سڵ مردووە. فەرەنساییەکان لەساڵی (1511)دا هەردوو کوڕەکەیان گەڕاندۆتەوە سەر تەختی میرایەتی بۆلۆنا و بەڵام بۆ ساڵی دوایی , پاش بەزین و کشانەوەی ئاوان, لەشارەکە دەرکراونەتەوە. ((ئینجا مەکیاڤیللی کە دەڵێ: هانیباڵ بێنتیڤۆگلی میری بۆلۆناو باپیری میری ئێستا بەرێز هانیباڵ – مەبەستی هانیباڵی کوری جیۆڤانییە دیارە هێتا ئەم دەرکردنە رووی نەجاوە ح.ع.))(دەمەتەقێ –ل310–پەراوێز).

80– مارکۆس ئۆریلیۆس Marcos Aurelios

(121–180 پ.ن). لەساڵی (161)دا بووە بە ئیمپراتۆر. هەر لە منداڵیەوە بەرۆشنبیرییەکی باڵا پەروەردە کرابوو. سەر بەفەلسەفەی رواق بوو. هەروەکو پتر بەلای سۆڤێتیدا دایدەیشکاند. لەسەردەمی خۆیدا گەلێ هەنگاوی بۆ چاککردنی باری ئابووری ناوە. کتێبێکیشی بەناوی (ووردبوونەوە)وە داناوە.

81– کۆمۆدۆس Commodos

کوری مارکۆس ئۆریلیۆسە. لەساڵی (180ن)دا ئیمپراتۆر و تا ساڵی (192ن) حوکمرانی کردووە. ئەم بەپێچەوانەی باوکییەوە, مرۆڤێکی داوێن پیس و بەدرەوشت بووە کە تەنانەت بەدەستی ئافرەتێکی قەپاتمەی خۆی کوژراوەو مەکیاڤیللی حیکایەتی کوشتنەکەی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (ئیمپراتۆر کۆمۆدۆس دوو برادەری زۆر دڵسۆزی هەبوون کە لایتیۆس و ئیلیکتۆسیان ناو بوون و سەرکردایەتی یاساوڵەکانی خۆی پێ سپاردبوون. دوو برادەرەکەی لەسەر ئەو رەوشتەی سەرزەنشتیان کردووەو قسەی توندوتیژیان پێ ووتوە,. بۆیە بریاری داوە هەردووکیان و مرسیاش لەگەڵیاندا بفەوتێنێ. ئینجا دەوترێ گوایە لیستەیەکی بەناوی هەر سێکیان و چەند کەسانێکی تریش نووسیووە کە بۆ شەوێ بیانکوژێ و خستوێتییە ژێر سەرینەکەیەوە. ئینجا لە دواییدا کە چۆتە حەمام بۆ خۆشتن, یەکێك لەمنداڵە بچکۆڵەکانی کە زۆری خۆشویستووە, چۆتە ژوورەکەیی و لەسەر جێگاکەی یاری کردووەو بەرێکەوت لیستەکەی بەدەست کەوتووەو دەری هێناوە. کە لە ژوورەکە هاتۆتە دەرەوەو لیستەکەی بەدەستەوە بووەو هەر بەرێکەوت مارسیای توش هاتووە, لیستەکە بەرچاوی مارسیا کەوتووەو ئەویش وای خوێندنەوەی, هەر خێرا لایتیۆس و ئیلیکتۆسی ئاگادار کردووەو ئیتر سێ قۆڵی کە سەیریان کردووە وا مردن زۆری بۆ هێناون, بریاری کۆشتنی ئیمپراتۆریان داوەو هەر کە شەو داهاتووە کوشتوویانە))

لێرەدا دەبێ ئیشارەت بەوە بدەم کە مەکیاڤیللی لەشوێنێکی کتێبی (دەمەتەقێ)کەیدا بەهەڵە دەیخاتە ریزی ئیمپراتۆرە چاکە خوازەکانەوە. هەروەکو لەشوێنێکی تردا (ل-602) ناوی یەکێك لە دوو برادەرەکەی بەبیرینیس دەبا. (دەمەتەقێ ل40, 602, 613, 627).

82- بەرتیناکس Bertinacs

لەساڵی (192 ز) دا بۆتە ئیمپراتۆر. مەکیاڤیللی لە دەمەتەقێدا ئیشارەت بە جۆری کۆتایی هاتنەکەی دەداو دەڵێ: (لەو بیست و شەش ئیمپراتۆرەی لەنێوان قەیسەر و مەکسیمینۆسدا حوکمرانییان کردووە, شازدەیان بەکوشتن کوژراون و تەنیا دەیان مردنێکی ئاسایی مردوون. تەنانەت ئەگەر هەندێك لەوانەی کوژراون پیاو باش بووبن وەك گالیا و بەرتیناکس, ئەو کوشتنەکەیان ئەنجامی ئەو حالەتی گەندەلیەی نێوان سەربازانی ئیمپراتۆرەکانی پێش خۆیان بووە کە لەکایەدا بووە) ئینجا هەر بەدەمییەوە دەڵێ: (یا ئەگەر یەکێك لەوانەی ئاسایی مردوون پیاوێکی شەرخوای وەك سیڤیرۆس بووبێ, ئەمە ەبێ یەکەم بدرێتە پاڵ خۆشبەختییەکەی و دووەمیش ئازایەتییەکەی کە بە دەگمەن هەڵدەکەوێ ئەم دوو سیفەتە پێکەوە لو مرۆڤێکدا کۆ ببنەوە). (دەمەتەقێ -ل256 , 257).

83- کاراکالا Caracalla

(186-217 ز). مەکیاڤیللی لە (میر)دا دەڵێ کوری ئەنتۆنیوسە. لەکاتێکدا وەرگێری (دەمەتەقێ) لە پەراوێزێکی خۆیدا دەڵێ کوری گەورەی ئیمپراتۆر سپتیمیۆس سیڤیرۆسەو لەساڵی (212)دا بەهاوبەشی لەگەڵ گیتای برا بچووکیدا بوونەتە یمپراتۆر. بەڵام هەر لەو ساڵەدا براکەی خۆی کوشتووەو بۆتە تاکە ئیمپراتۆر. سەردەمی حوکمڕانییەکەی پڕ لەپیاو خراپی و زۆرداری و زەوتکاری بووە. لەئەنجامدا لەسەردەستی ماکرینۆسدا کوژراوە. (دەمەتەقێ - ل613).

84 – ماکرینۆس – Macrinos

یەکێك بووە لەپێشەوا سەربازییەکانی کارا کالاو سەرکردەی ئەو لەشکرەی بووە کەناردوێتی بۆ وڵاتی میتۆتامیا . ئینجا لەبەر ئەوەی کارا کال وەك لەناو میرە خراپە خوازەکاندا باوە کەهەردەم لەپیلانگێڕان لەدڕیان دەترسن . داوای لەماتیریانۆسی برادەری کردوە لەفاڵگرەوەکانی ڕۆما بپرسێ کەئاخۆ کەسێك هەیە تەماعی کردبێتە ئەوەی ببێتە ئیمپراتۆر یان نا؟. ماتیریانۆس لەوەرامیدا وتوێتی : بەڵێ ماکرینۆس ئەو تەماعکارەیە . بەڵام وارێکدەکەوێ کەنامەکە لەبری ئەوەی بە ئیمپراتۆر بگا . دەست ماکرینۆس دەکەوێ وئیتر ئەم دەزانێ کوشتن بەدەستی کاراکالا مسۆگەرە . لەلای خۆیەوە بڕیاری کوشتنی ئەو دەداو کارەکەش بەئەفسەر مارتیالیس دەسپێرێ کەهەم زۆر دڵسۆزی بووەو هەم زۆر بەرامبەر بەئیمپراتۆر دڵ پڕ لەقین بووە ، چونکە پێش ئەوە بەچەند ڕۆژێك برایەکی کوشتوە . بەم جۆرە ئەفسەرەکە ئیمپراتۆر دەکوژێ وماکرینۆسیش بەدوایدا دەبێتە ئیمپراتۆر .

(دەمەتەقێ – ل 613 ، 614)

85 – ئەلیکساندەر – Alexander

لەسالآنی(222 – 235 پ.ز)دا فەرمانڕەوایی کردوە .

86 – ماکسیمینۆس – Maximinus

لەسالآنی(235 – 238 پ.ز)دا فەرمانڕەوایی کردوە .

87 – پاسەوانانی پریتۆرەکان –

لەسەرەتادا ئیشیان پارێزگاری کردن بووە لەدادپەروەری . بەڵام دوایی بوونەتە پارێزگاری کەر لەشەخسی سەرکردەو فەرمانـدەکانی رۆمانـەکان ولەسـاڵی (42 – پ.ز)دا وای لێهـات کەکۆنـە جەنگاوەرانی تێدا دەبوونـە سەربازو ژمارەیـان پـەرەی سـەندو دەورێکـی سـەرکیـیان لەسیاسـەتی ئیمپراتۆرێتەکـەدا دەگێـڕا ، تەنانـەت ئـەم ئیمپراتۆریـان لێدەخسـت وئـەویان لـەجێی دادەنـا ، تائیمپراتۆر کوستانتین لەساڵی(312 – ز)دا بڵاوەی پێکردن .

(دەمەتەقێ – ل 185 – پەراوێز)

88 – ئەسکەندەرییە – Alexandria

ئەسـکەندەری مەکـدۆنیایی لەسـاڵی (332 – پ.ز)دا بنیـادی نـاوەو بەکتێبخانـەو فەنەرەکـەی وقوتابخانە فەلسەفییەکەی بەناوبانگ بـووە . لەسـاڵی(30 – پ.ز)دا ئۆکتـافیۆس داگـیری کـردوەو داوێتییە پاڵ ئیمپراتۆرێتی رۆما . تالەساڵی(624 – ز)دا کەوتۆتە دەست عەرەب وموسڵمانەکان . دەوتـرێ ئەسـکەندەر لـەوەختی خۆیـدا لەسـەر شـێوەی شـارێکی مەکـدۆنیایی دروسـتی کـردوەو شەقامەکانی وەك شارە تازەکانی ئەم سەردەمە ، رێك وراست بوون وهەریەکەیان ژمارەی تایبەتیی خۆی هەبووەو بۆ یەکەمجاریش لەمێژوودا ، شەقام بەشەو لەوشارەدا رووناکیی بەخۆیـەوە دیـوە . لەبەر ئەوە لەو سەردەمە جوانترین ودڵگیرترین شار بووە لەجیهانـدا . (گـەورەترین ... ، ل – 75 ، پەراوێز – 81) .

89 – تراکە (تراقیا) – Thrace

هەرێمێکە دەکەوێتـە خـوارووی رۆژهـەڵاتی ئـەوروپاوەو خـوارووی رۆژهـەڵاتی شـێوە دوورگـەی بولکان دەگرێتەوە . هەروەکوو هەموو یۆنان وخوارووی بولگاریاو تورکیای بەری ئـەوروپای لـێ پێـك دێ . لەسەرەتادا تراکەییەکانی تێدا نیشـتەجێ بـوون وئینجا ئـالیری یـەکان ودوایـی لەسـەردەمی فیلیپی دووەمدا لەسـاڵی(342 پ.ز)دا مەکـدۆننیایی یـەکان دەسـتیان بەسـەردا گرتـوە . بـەردەوام مەیدانی چەندین شەڕوشۆڕ بووەو گەلێ دەوڵەت وگەل دەساودەسیان پێکردوە .

(گەورەترین ... – ل 43 – پ 42).

90 – جویلف وجیبلین – Guelf Ghibelline

لەساڵی(1215 ز)دا بەهۆی کوشتنی بۆندلۆنتی ناوێکەوە ، خەڵکی شاری فلۆرنسا بوون بەدوو بەرەی دژ بەیەکەوە کەپێیانوترا (جویلف وجیبلین)و ئیتر ئەو دووبەرەکییە هەم بۆماوەی پتر اەسەد ساڵ درێژەی کێشاو چەندین بەیەکدادانی خوێناوی پڕ لەکوشت وبڕی لێوەشایەوەو هەم بۆ شارەکانی تری دەوروبەری فلۆرنسا تەشەنەی سەندو گشت ناوچەکەی گرتەوە . چونکە مەسەلە چووە ئەو قاڵبەوە کەهەردەم تەقەلا بدەن یەکتری لەشارە دەرپەڕێننە دەرەوەو تەنیا لایەکیان بمێنێتەوە . بۆ نموونە لەساڵی(1248 .ز)دا جیویلفییەکان لەفلۆرنسا دەرپەڕێنراون ، بەلام لەساڵی(1266)دا خۆیان کوتاوەتەوە ناو شارەکەو ئەوان جیبلینییەکانیان دەرپەڕاندۆتە دەرەوەو ... هتد .بێگومان زۆر جاریش تەقەلا دراوە پێکبهێنرێنەوەو کۆتایی بەناکۆکییەکان بهێنرێ (وەك کاردینال لاتینۆ لەساڵی(1280)دا کردویەتی ، بەلام بێسوود بووە . ئینجا سەیر ئەوەیە کەجیویلفییەکانیش لەلای خۆیانەوە لەساڵی(1286)دا بوونەتە دوو دەستەو کەوتوونەتە کوشت وبڕ لەیەکتری) . بەهەرحاڵلەوە دەچێ کەلە سەردەمی ژیانی مەکیاڤیللیدا ئەم بەرەیە نەمابن یان ناکۆکییەکەیان کۆتایی هاتبێ . (ل 640 – 642ی کۆمیدیای خواوەندی – بەهەشت – پاشکۆی ژمارە – 1).

91 – باندۆلفۆ پیترۆچی – Bandolfo Petrucci

(1450 – 1512). میری شاری سی یەنا بووە . میرێکی زۆردارو جەربەزە بووەو وەك دکتاتۆرێك حوکمڕانیی میرایەتییەکەی خۆی کردوە . لۆسیۆ بیلانتی ناوێك کەزاوای بووەو بەلام بەزۆرو لەناهەق کچەکەی خۆی لێ سەندۆتەوە ، پیلانێکی بۆ کوشتنی سازداوەو کەچی رێکەوتێك لەدواساتدا بەفریای کەوتوەو رزگاری بووە . پیلانگێڕەکانیش ناچار هەڵاتوون ولەشارەکە(سی یەنا)دەربەدەر بوون . (دەمەتەقێ – ل 599 ، 621) .

92 – نیکۆلۆ ڤیتیللی

میری سینا دی کاستیللۆ بووە ، لەساڵی(1497)جل مردووە .

93 – گیدۆ بالدۆ – Uido Baldo

کوڕی فریدریکە کەیەکێك بووە لەفەرماندە سەربازییە بەناوبانگەکانی میرایەتی ئۆربینۆ . میرێك بووە کەجەماوەری گەلەکەی زۆریان خۆشویستوەو لەلایان گەلێ بەڕێز بووە . بۆیە ئەویش دوای گەڕانەوەی بۆ سەر تەختی میرایەتی یەکەی ، چۆتە سەر ئەو باوەڕەی کەپشت بەگەلەکەی وبەشکرێکی هەڵقولاو لەرێزی گەلەوە ببەستێ . نەك بەقەلاوقوللە . (دەمەتەقێ – ل 538).

94 – جیرۆلامۆ ریارۆ – Girolamo Riario

کوشتنەکەی لەساڵی(1488)دا بووە . بڕوانە پەراوێزی ژمارە (17).

95 – قشتالە – Castiglia

عەرەبەکان لەکۆندا (لەزمانی دەوڵەتی ئەندەلووسدا) بەئیسپانیایان دەوت قشتالە (ح.ع) .

96 – بیرنابۆ – rnabo

مەکیاڤیللی لێرەدا تووشی غەفڵەت بووە ، چونکە نەلەوەبەری (میر)داو نە لەدوایی تریدا ، هیچ باسێکی ئەم(بیرنابۆ)یەی نەکردوە . لە(دەمەتەقێ)شدا تەنیا یەك جار ناوی دەباو دەریدەخا کەحوکمڕانێکی ناوچەی لۆمباردیا(میلان) بووەو برازایەکی حوکمڕانییەکەی بەفرت وفێڵ لێ زەوت کردوە .(ح.ع).

97 – مەکسیمیلیان – Maximilyan

ئیمپراتۆری ئەڵەمانیا بووە . دوو جار هێرشی بردۆتە سەر ئیتالیا . یەکەمیان لەساڵی (1496)داو دووەمیان لەساڵی(1508)دا . نیازی وابووە هەموو باکووری ئیتالیا داگیر بکات ورۆمای بکەوێتە چنگو بکرێتەوە بەئیمپراتۆری رۆمانیای پیرۆز . بەڵام بەسەرێك ئیتالییەکان ملیان بۆ نەداوەو بەسەرێکیش فەرەنسایییەکان بەریان لێگرتوە . لەساڵی(1519)دا مردوە . (دەمەتەقێ – ل 44 ، 55 ، 69).

98 – دڕندەکان – Barbarians

ناوێکە بەسەر ئەو گەلانەدا دابڕدرا کەبەدرێژایی سەدەی پێنجەمی زایینی لەباکوورەوە بەرەو خوار داڕژانە ناو وڵاتی (گال)ەوە (باکوورو رۆژئاوای ئەوروپا)و ئیمپراتۆریتی رۆژئاوای رۆمایان کۆتایی پێ هێنا . گالییەکان ورۆماکان ئەم ناوەیان بەهۆی کردارو رەفتاری وەحشییانەی دوور لەشارستانێتی وپێشکەتووانە لێنان . بۆرگاندی وجووت(قوگ)و جەرمانی ، لەعەشرەت وتیرە گەورەکانیان بوون کەلە ساڵی(410 . ز)دا دەستیان گەیشتە رۆماو تاڵانیان کرد .

ئینجا لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئیشارەت بەوە بدەم کەلەزمانی عەرەبیدا جۆرە تێکەڵاوییێك لەنێوان ئەم وشەی(Barbarians – کێوی – وەحشی)یەو(Barbar – بەربەر)دا روودەدا کەتوخمێکن لەئادەمیزاداو لەباکووری ئەفریقادا دەژین ولەرۆژگارێکی زۆر کۆنەوە کەدەوترێ لەسێ هەزار ساڵ کەمتر نییە ، تیایدا جێگیربوون . واتە (بربری)لەزمانی عەرەبیدا کەبەمانای (کێوی – دڕندەوجانەوەر – وەحشی)بەکار دەهێنرێ ، لە(Barbarian)ەکەی ئەوروپاوە هاتوە ، نەك(بەربەر)ی توخمە ئادەمیزادی باکووری ئەفریق . (گەورەترین...،ل – 213 ، 265 ، پ – 199 ،234).

99 – راڤینا – Ravenna

دەکەوێتە باکووری ئیتالیاوە ، نزیك شاری فیراراو دوور لەکەناری ئەدریاتیك بەشەش میل . لەسەردەمی رۆمانەکان بایەخێکی گەورەی هەبووەو تەنانەت (هۆنۆریس)کردوێتی بەپایتەختی ئیمپراتۆرێتییە رۆژئاواییەکەی خۆی . لەسەردەمی تازەشدا ، لەساڵی(1512 – ز)دا ، بۆتە مەیدانی شەڕێکی گەورە لەنێوان لەشکری فەرەنساو لەشکری دوو قۆڵی ئیسپانیاو پاپا

کەفەرەنسایی‌یەکان سەرکەوتنیان تێدا بەدیهێنا . هەروەها بەشوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی بەناوبانگەو بەتایبەتی گۆڕی شاعیری گەورەی ئیتالیای سەدەکانی ناوەڕاست (دانتی).
(گەورەترین...،ل – 170 ، پەراوێز – 161 ، دەمەتەقێ ی مەکیاڤیللی ، ل – 499 ، پەراوێز).